# سەددام حوسێن و نهێنییەکانی ژیانی

نووسینی: محەمەد فاتیح

پ.د. ئەحمەد حەمەدئەمین

پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە

هەولێر – کوردستان

٢٠٢٦

# سەددام حوسێن و نهێنییەکانی ژیانی


- ✓ **نووسینی: محەمەد فاتیح**
- ✓ **پێداچوونەوە و پێشەکی: پ. د. ئەحمەد حەمەدئەمین**
- ✓ نەخشەسازیی ناوەوە: **ڕەوان**
- ✓ تایپ و نەخشاسازی بەرگ: **کۆمپیوتەری هیوا**
- ✓ نۆرەی چاپ: چاپی **یەکەم**
- ✓ تیراژ: **٥٠٠ دانە**
- ✓ چاپخانە:

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان

ژمارە سپاردنی (**٣١٩**) ساڵی **٢٠٢٦** دراوەتێ

## ناوەرۆک


**پێشەکی** ........................ ........................ ........................ **٥**

**بەرایی** ........................ ........................ ........................ **٩**

**باسی یەکەم:** سەردەمی منداڵی و پێگەیشتنی سەددام حوسێن ... **١٥**

**باسی دووەم:** سەرەتای دەرکەوتنی سەددام حوسێن لە چالاکی سیاسیدا ........................ ........................ ........................ **٢٩**

**باسی سێیەم:** گەڕانەوەی سەددام حوسێن بۆ عێراق و دەرکەوتنی و ڕۆڵی لەنێو ڕووداوەکاندا ........................ ........................ **٤٣**

**باسی چوارەم:** کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ ........................ **٦٥**

**باسی شەشەم:** سەددام پاش گەیشتنی بەلوتکەی دەسەڵات ......... **٩٣**

**باسی حەوتەم:** پیاوەکانی سەددام حوسێن ........................ **١١١**

**باسی هەشتەم:** پەیوەندییەکانی سەددام حوسێن لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر و میشیل عەفلەق ........................ **١٣٩**

**باسی نۆیەم:** سەددام حوسێن و ئەنجامدانی تاوان ........................ **١٤٩**

**باسی دەیەم:** شیکردنەوەی کەسێتی سەددام ........................ **١٥٧**

**باسی یازدەهەم**: بیروڕای چەند شارەزا و سیاسەتمەدارێک

دەربارەی سەددام حوسێن ................................................ **١٧٥**

**ئەنجام** ................................ ............................... ................................ **١٨٣**

**سەرچاوەکان** ..................... .............................. ................................ **١٨٧**

## پێشەکی

## عێراق لە سێبەری شمشێردا؛ گەشتێک بەناو کتێبی سەددام حوسێن و نهێنییەکانی ژیانی

سەددام حوسێن (١٩٣٧ – ٢٠٠٦) یەکێک بوو لە کەسایەتییە سیاسییە دیارەکانی سەدەی بیستەم، کە ژیانی تایبەتی و شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکەی، کاریگەرییەکی قووڵ و دیاری لەسەر مێژووی نوێی عێراق و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو. وەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا هاتووە، سەددام حوسێن سەرەتای ژیانی لە ژینگەیەکی هەژار و سەخت لە گوندی عوجە، نزیک شاری تکریت بەسەر بردووە؛ ژینگەیەک تێیدا نزمبوونی ئابووری، توندوتیژی کۆمەڵایەتی و نائاسایشی ڕۆژانە بەشێوەیەکی بەردەوام بوونیان هەبووە. ئەو دۆخە ژیانە سەخت و نائاساییە، بەپێی هەڵسەنگاندنەکان، کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر پێکهێنانی کەسایەتی و شێوازی بیرکردنەوەی سەددام حوسێن دروستکردووە؛ بەتایبەتی لە دروستبوونی هەستی گومان، ترس لە دەورووبەر و پێویستییەکی توند بۆ کۆنترۆڵکردن و بەدەستهێنانی دەسەڵات، لە ئەنجامدا لەبەر ڕۆشنایی ئەو کاریگەرییە، ناوبراو لە تەمەنی گەنجیدا لەگەڵ حیزبی بەعس و جیهانی سیاسەت بەشێوەیەکی

توند پەیوەندی دادەمەزرێنێت. ئیدی لەم قۆناغەوە نهێنییەکانی ژیانی پەیوەندیدار دەبن، بەشێوەیەک لە تێکەڵبوونی ئایدیۆلۆژیا و توندڕەوی سیاسی، پاشان هەوڵدان بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا. بەگشتی نهێنییەکانی ژیانی سەددام حوسێن تەنیا بریتی نین لە ڕازەکانی ئەمنی و زانیاری نهێنی هەواڵگری، بەڵکو بریتین لە شێوازی بیرکردنەوە، میکانیزمی ترس و سزا و دروستکردنی وێنەی سەرۆکێکی بێ هەڵە لەناو دەوڵەت و کۆمەڵگەدا.

ناوەرۆکی ئەم کتێبە، کە بۆ باسکردنی نهێنییەکانی ژیانی سەددام حوسێن تەرخانکراوە، تێیدا بە پشتبەستن بە سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکان، وتار و توێژینەوەکان، شایەدحاڵەکان و بەڵگەنامەکانی سەردەم، ژیاننامەیەکی ڕەخنەیی و هەڵسەنگێنراو لە یازدە باسی جیاواز پێشکەشکراوە. باسی یەکەم بە ناونیشانی: "**سەردەمی منداڵی و پێگەیشتنی**"، تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ڕەگ و ڕیشە، بنەماکانی خێزان، ژینگەی کۆمەڵایەتی و جوگرافیای عوجە و تکریت لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی کەسایەتی سیاسی سەددام حوسێندا هەبووە. باسی دووەم: قۆناغی تێکەڵبوونی سەددام حوسێن لە کاری سیاسی و حیزبایەتی و بەشداریکردنی لە هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٩ تاوتوێکراوە. لە باسی سێیەمدا: گەڕانەوەی سەددام حوسێن بۆ عێراق دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و ڕۆڵی لەدوای ئەم

قۆناغی هەڵسەنگێنراوە. باسی چوارەم: باسی بارودۆخی عێراق بەر لە کودەتای ١٨ی تەمموزی ١٩٦٨ و شوێنی سەددام حوسێن لە جێگیرکردنی دەسەڵاتی حیزبی بەعس دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق کراوە، لە باسەکانی پێنجەم تاوەکو هەشتەم، شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، سیستەمی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە لەڕێگەی ئاسایش (ئەمن) و دروستکردنی دەوڵەتی ترس و کۆنترۆڵی توندوتیژ گەنگەشەکراوە. لە سێ باسی کۆتاییدا، کەسایەتی تایبەتی سەددام حوسێن، پەیوەندییە خێزانییەکانی، دووڕوویی نێوان ژیانی تایبەتی و سیاسی، هەروەها تاوان و ئەو شەڕانەی ئەنجامیداون، باسکراون.

جێگەی خۆیەتی بوترێت نووسینی کتێبێک دەربارەی نهێنییەکانی ژیانی سەددام حوسێن کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی نووسەر دەخاتە بەردەم دوو جەمسەری دژ بە یەکتردا؛ جەمسەرێک سەددام حوسێن وەک پاڵەوانێکی نەتەوەیی وێنادەکات و جەمسەرێکی دیکەش وەک خوێنڕێژکار و دیکتاتۆر دەیبینێت. وەلێ لەم نێوانەدا نووسەری ئەم کتێبە هەوڵیداوە لە پشت پەردەی ئەم دوو وێنە جیاوازەدا، ڕاستی کەسایەتییە ئاڵۆزەکەی سەددام حوسێن ڕوونبکاتەوە؛ کەسایەتییەک کۆمەڵێک دژایەتی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە. لە لایەکی دیکەوە هەر لەم کتێبەدا هەوڵدراوە لەڕوانگەی زانستی سیاسی و

هەواڵنامەی کتێب

دەروونناسییەوە شیکردنەوەیەک بۆ کەسایەتی سـەددام حوسـێن بکرێت. بەمەش نووسەر پیشانی دەدات چۆن ژیانی منداڵییەکی سـەخت، بێبەشـبوون لە سـۆزی باوکـایەتی و ژینگەیەکـی پـڕ لە توندوتیژی، بـووەتە هـۆی دروسـتبوونی گرێیەکـی دەروونـی لە کەسایەتی سەددامدا؛ گرێیەک دواتر لەڕێگەی دەسـەڵاتێکی ڕەهـا و نوانـدنی هێـزی بێسـنووردا هەوڵیـداوە قەرەبـووی بکـاتەوە، هەروەها لەم کتێبەدا بەوردی باس لە ڕۆڵـی سـەددام حوسێن لە دەزگـای هەواڵگـری «حەنـین» و شـێوازی بەکارهێنـانی تیـرۆری ڕێکخـراو، وەک ئامرازێـک بـۆ گەیشـتن و مـانەوە لە دەسـەڵات کراوە. جگە لەوانە نووسەر ڕوونیکردووەتەوە سـەددام حوسـێن درکـی بەوە کـردووە بـۆ بەردەوامبـوون لە حـوکمڕانی عێراقـدا، پێویسـتی بە تـێکەڵەیەک لە سـۆزی سـاختەی خەڵکـی و سیسـتەمێکی هەواڵگـری ئاسـنین هەیە، لەو چوارچێـوەیەدا، ئەم کتێبە پیشـانی دەدات؛ چـۆن سـەددام حوسـێن حیزبـی بەعسـی کـردووەتە ئامرازێـک لە خـزمەت مەبەسـتە کەسـییەکانی خۆیـدا، تـاوەکو ئەو ڕادەیەی هەر کەسـێک گومـانێکی لـێ هەبـوو بێـت، مەرگ چارەنووسی بووە.

ژیـانی تـایبەتی سـەددام حوسـێن لەم کتێبەدا وەک بەشـێکی دانەبڕاو لە سیاسەت پیشـاندراوە، بۆ ئەوەش نووسـەر باسـی لە خولیـای نـاوبراو لە دروسـتکردنی دەیـان کۆشـکی شـاهانە کردووە، لە کاتێکدا زۆربەی گەلی عێراق بەهۆی سەختی ژیانیان

لەبرسا دەمردن. ئەم هەڵسوکەوتەش وەک نیشانەیەکی ئاشکرا لە نەرسیسیزم و ئاڵۆزیی دەروونی سەددام حوسێن لێکدراوەتەوە.

نووسەر لەم کتێبەدا بە زمانێکی سادە ڕووداوە مێژووییەکانی گێڕاوەتەوە، بەشێوەیەک هێشتا کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی ئەمڕۆی تاکی عێراقی دیارە. لەم ڕوانگەیەوە باسەکانی ناو کتێبەکە پێمان دەڵێن تێگەیشتن لە ژیانی سەددام حوسێن تەنیا تێگەیشتن لە ڕابردوو نییە، بەڵکو وانەیەکە بۆ داهاتوو، تاوەکو ڕێگە نەدرێت هیچ مرۆڤێک جارێکی دیکە ببێتە دەسەڵاتدارێکی ڕەها و وڵاتێک بەرەو ویرانی ببات، بەگشتی ئەم هەوڵەی مامۆستا محەمەد فاتیح جێگەی دەستخۆشییە، هیوادارین بە تەمەنێکی درێژ و تەندروستییەکی باش، لە کارەکانی بەردەوام بێت.

هەولێرنامەی کتێب

**پ. د. ئەحمەد حەمەدئەمین**

**٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٦**

هەواڵنامەی کتێب

**بەرایی**

سەرکردەی دەسەڵاتدار لە زۆربەی وڵاتان، ڕۆڵی گەورە دەگێڕێن لە پێشکەوتنی وڵاتەکەیاندا، بەڵام ڕەنگە ببێتە هۆکاری وێران کردن و دواکەوتنشی، ڕۆڵی سەرکردە بەڕادەیەکی گەورە کاریگەر و یەکلاکەرەوەیە، دەکرێت سەرچاوەی سروش بەخش و بووژاندنەوە بێت، یان هۆیەک بێت بۆ پاشەکشە و داڕمان، ئەویش بەپیی تێڕوانین و بڕیار و شێوازەکانی لە سەرکردایەتی کردندا. سەرکردەی وێرانکەری ملهور، هەڵگری چەند خەسڵەتێکە، کە ڕەنگدانەوەی بەسەر ڕژێمەکە و وڵاتیشدا دەبێت، وەک: گەندەڵی و خراپی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، بڕیارەکانی کوێرانە دەبێت دوور لە هەر وردبینی و هەڵسەنگاندنێک، تەشەنەکردنی قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، سەرەڕای نەبوونی دادپەوەری و ڕێگری لە ئازادییەکان و کپکردنەوەی دەنگی ئۆپۆزیسیۆن، هەروەها وروژاندنی دووبەرەکی و ململانێی نەتەوەیی و ڕەگەزی.

ساڵی ١٩٢١ دامەزراندنی دەوڵەتی شانشینی عێراق ڕاگەیەندرا، لەو وڵاتە چەند فەرمانڕەوایەکی بەهێز حوکمڕانیان کردووە، دەکرێت ئاماژە بۆ شا فەیسەڵی یەکەم (١٩٢١ - ١٩٣٣) بکەین لەسەردەمی پاشایەتی، هەروەها عەبدولکەریم قاسم بەهۆی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بووە فەرمانڕەوای عێراق، دواتر عێراق بەزنجیرەیەک کودەتای سەربازی تێپەڕ بوو، تاوەکو ساڵی ١٩٧٩ سەددام حوسێن دەسەڵاتی گرتە دەست.

هەولامی کتێب

دەربارەی ژیان و ماوەی حوکمڕانی سەددام حوسێن بڕێکی زۆری نووسین و توێژینەوە و وتاری جۆراوجۆر نووسراون، ڕەنگە بەسەدان کتێبی لەسەر چاپکرا بێت، کە باسیان لە ژیانی کردووە و ڕژێمەکەشیان هەڵسەنگاندووە و شیان کردووتەوە.

ئێمە لەم نووسینەدا نامانەوێت ئەو باس و بابەتانە وەک خۆی دووبارە بکەینەوە، بەڵکو پوختەی ئامانجمان، بریتییە لە شیکردنەوە و ئاشکراکردنی چۆنییەتی گەیشتنی سەددام بە لوتکەی دەسەڵات لە ماوەی دە ساڵدا، هەروەها چۆنییەتی بوونی بە خاوەن ئەو توانا و دەسترۆییە بەسەر هەموو عێراق، کە تاڕادەیەک کار گەیشتە ئەوەی هەر بڕیارێک دەربکات لەهەر کات و دۆخێکدا بێت، کەس بەرهەڵستی نەکات یاخود نارەزایی دەرنەبڕێت، بەتایبەتی بەرپرسانی حکوومەت و حیزبی بەعس، لەگەڵ هەڵماڵینی وردەکاری ژیانی خۆی و کار و کردەوەی لەگەڵ دەست و پێوەند و پیاوەکانی.

لە جیهاندا، لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا، چەندین نموونە و جۆری هاوشێوەی سەددام حوسێن گەیشتونەتە دەسەڵات، بێگومان سەددامیش کۆتایی ئەو کاروانە نییە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەسەر ژیانی سەددام و لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیدا، تێپەڕبوونییەتی بەچەند گۆڕانێکی توند (هەمان دیاردەش لەچەندین سەرکردەی دیکەی جیهان بەدی کراوە).

سەددام لە سەرەتاکانی دەسەڵات و حوکمڕانیدا کەسێکی گوێگربووە زیاتر، زانیاری وەرگرتووە، کەم دەدوا، وتاری



هەواڵنامەی کتێب

کەمبووە، بەڵام لە سەرەتای هەشتاکانەوە، دەرکەوتنی زۆر بوو، وتار و لێدوانی پەرەی سەند، لەناو کۆبوونەوەکان، گفتوگۆی درێژ خایەنی هەبووە، لێدوان و بەدواداچوونی هەبووە، کەمتر گوێی گرتووە لە دانیشتن و کۆبوونەوەکان، ڕەخنە و ناڕازیی بوونی لاپەسەند نەبووە.

بازنەیەک لەپیاو و نۆکەرانی خۆی دەوریان گرتبوو، کە هەموویان دروستکراوی خۆی بوون، ئەوانە جەستەی دەسەڵات و سەرکردایەتی سیاسی و سەربازییان پێکدەهێنا. سەددامیش دیکتاتۆرێکی بێ ڕکابەر بوو.

سەددام لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی، کەسێکی زۆر ئاڵۆز و بەگرێ و پێچ و پەنا بوو، لایەنی شاراوەی زۆر بوو، وەرگەران و پەشیمان بوونەوەی لائاسان بوو، لەو سۆنگەیەوە هەر هەوڵێک بۆ وێناکردنی کەسێتی و ڕەفتارەکانی لە چەند ڕستەیەکی کورتدا، کارێکی سەرکەوتوو نییە.

ئەو نووسینانەی لەسەر سەددام بڵاوکراونەتەوە، دەکرێت بەسەر سێ بەش پۆلینی بکەین:

بەشی یەکەم: ئەوجۆرە نووسینانە دەگرێتە خۆی، کە زیاتر پیاهەڵدان و گەورەکردنی سەددامی پێوە دیارە، وەک پاڵەوان دەخرێتە ڕوو، خەسڵەتەکانی ژیری و ڕاستی و دادپەروەری و ئازایەتی و مرۆڤایەتی دەخرێتە پاڵی، نموونەی ئەو نووسەرانەش: وەک: ئەمیر ئەسکەندەر و فوئاد مەتەر.

بەشی دووەم: تەواو پێچەوانەی بەشی یەکەمە، نووسینەکانیان ڕەخنەی توندی تێدایە بەرانبەر سەددام،



هەواڵنامەی کتێب

بەکەسێکی ملهوری خوێنڕێژ باسی دەکەن، نموونە ئەو نووسەرانە: حەسەن عەلەوی، کەنعان مەکیە.

بەشی سێیەم: نووسینەکانیان زۆرتر بابەتیانە و ڕێسای توێژینەوەی زانستیانەی پێوە دیارە، پشتیان بەبەڵگەنامەکان بەستووە. نموونەی ئەو نوسەرانەش: سەعید ئەبو ڕیشە.

لەم بوارەدا، هەوڵدەدەین بگەینە ڕاستییەکان، پشتمان بەچەند سەرچاوەیەکی فرە ئاراستە و ڕەسەنیش بەستووە.

ئەم کتێبە، پوختەیەکی ژیانی سەددام حوسێن دەخاتە ڕوو، هەوڵمانداوە ڕووداو و لایەنە گرنگەکانی ژیانی ئاشکرا بکەین، کارەکەش بەرهەمی کۆشش و ماندووبوونێکی درێژخایەنە.

کتێبەکە بەسەر یازدە باس و کۆتاییەک دابەشکراوە، لەمیانەیدا ژیانی سەددام بەوردی لە منداڵییەوە قۆناغ بەقۆناغ شیکراوەتەوە، ڕۆڵی لە سیاسەت و حیزبایەتی، باسەکانی دەیەم و یازدەهەم شیکردنەوەیە بۆ کەسیتی و دەروونی سەددام دەخاتە ڕوو، هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی بەپێی چەند توێژینەوەیەک لەلایەن کەسانی شارەزاوە، لە کۆتایشدا بەشێک لەو سەرچاوانە دیاری دەکەین، کە پشتی پێ بەستراوە لەم نووسینەدا.

هیوادارم کارەکەمان مەبەستی پێکابێت.

**نووسەر**

**١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥**

## باسی یەکەم: سەردەمی منداڵی و پێگەیشتنی سەددام حوسێن

### گوندی عوجە

ئەم گوندە دەکەوێتە باشووری شاری تکریت بە نزیکەی (٨)کم، لەبەری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە، عوجە وشەیەکی عەرەبییە بەواتای (چەوت، یان ناڕاست) دێت. گوندەکە لە چلەکانی سەدەی بیستەم بریتی بوو لە کۆمەڵە خانوو کۆلیتێک کە لە قوڕ و بەرد و دار بە ساکارترین شێوە دروست کرابوون. دانیشتوانی پێکهاتبوون لە کۆمەڵە جوتیار و شوانێک لە ناوچەیەکی وشکی بیابان، بە جووتیاری، شوانی، بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات، هەندێک جاریش بەدزی و ڕێگری دەژیان.

زەوی و زاری گوندەکە بەزۆری موڵکی چەند دەرەبەگ و کەسێکی شاری تکریت بووە، گوندێک بێ ئەوەی ئاوی خواردنەوەی پاک، کارەبا، قوتابخانە یان هەر دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاری تێیدا هەبێت.

چەند کەسانێکی ئەو گوندە توانیبوویان لە قوتابخانە یاخود نەخۆشخانە و دامەزراوەکانی حکوومەت لە شاری تکریت وەک پاسەوان و خزمەتگوزار دابمەزرێن، بەڵام گوندەکە ببووە مۆڵگەی دز و پیاوکوژ و ڕێگر(١). بۆیە خەڵکی شاری تکریت خۆیان بەدوور دەگرت لێیان.

---

(١) محمد حسين بزي، صدام حسين الحقيقة المغيبة، طبعة الاولى، (بيروت، دار الأمير، ٢٠٠٨)، ص ١٩.

ئەو گوندە شوێنی لەدایک بوونی دیکتاتۆری دیاری عێراق، سەددام حوسێن بوو، بەو هۆیەوە ناوی بڵاوبووەوە و لە زۆربەی نووسینەکان، لەسەر سەددام ناوی ئەو گوندەش هاتووە.

**لەدایک بوونی سەددام**

بەشێوەیەکی دان پێنراو، سەددام کوڕی حوسێن کوڕی مەجید کوڕی عەبدولغەفور لە ٢٨ی نیسانی ١٩٣٧ لەدایک بووە، دایکی ناوی (سەبحە تلفاح) بووە، لە خانوویەکی یەک ژووری قوڕ و بەرد دروست کراو لە گوندی عوجە دەژیان، خاوەندارییەتی خانووەکەش بۆ خەیروڵڵا برای سەبحە دەگەڕێتەوە.

دەربارەی مێژووی ڕاستەقینەی لەدایک بوونی، مشتومڕی زۆر هەیە، هەندێک وا دادەنێن ساڵی ١٩٣٥ لەدایک بووە، کەسانی دیکە ساڵی ١٩٣٩ بەساڵی ڕاستی لەدایکە بوونی دەزانن، ئەو کێشەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەو سەردەمەدا بەڵگەنامەی ورد و باوەڕپێکراو نەبووە. سەددام پێش لەدایک بوونی بە ( ٤- ٦) مانگ، حوسێنی باوکی مردووە، ناوبراو جووتیارێکی هەژار بووە، هۆکاری مردنەکەی ڕوون نییە، بۆچوون هەیە بەهۆی نەخۆشییەوە بوو بێت، بۆچوونی دیکەش هەیە، لەسەردەستی چەتە و ڕێگر کوژرا بێت.

پاش مردنی حوسێن (باوکی سەددام) سەبحەی دایکی، کە

هەواڵنامەی کتێب

زۆر هەژار بووە و توانای بەخێوکردنی منداڵەکەی نەبووە، بۆ ماوەیەک بەکاری فاڵ گرتنەوە و بەخت خوێندنەوە خەریک بووە، هەندێک خەڵکی تکریت دەگێڕنەوە، کە بەبیریان دێت ئەو ژنە بەردەوام جلوبەرگی ڕەشی پۆشیوە، گیرفانەکانی پڕ بوون لەجۆرەها مێرو، بەرد، قۆپچە و هێلکە شەیتانۆکە، ئەوانەی بۆ ئەو کارە بەکارهێناوە، هەروەها لەو بارودۆخە سەبحە هاوکاری دارایی و یارمەتی لەلایەن خەیروڵڵای برای کە لە تکریت دەژیا، پێگەیشتووە.

دەربارەی وشەی سەددام، ئەو ناوەی بۆ منداڵەکەی سەبحە دۆزرایەوە خەیروڵڵای برای وای ڕاگەیاندووە ئەو ناوەکەی لێناوە، کەسانی دیکەش وەک: ئەحمەد ئەلعەواد مێردی یەک لە پورەکانی و حەسەن ئەلمەجیدی مامی، دەڵێن ئێمە ئەو ناوەمان بۆی دۆزیوەتەوە.

لە زمانی کوردی وشەی (سەددام) بە واتای پێکدادان و توندوتیژی دێت، عەرەبی بیابان بە نەخۆشییەکی سەرپێشتی حوشتریان وتووە (سەددام) (٢).

**ژیانی سەددام لە گوندی عوجە**

پاش چەند مانگێک لەمانەوە بەتەنها لە گوندی عوجە، سەبحەی دایکی سەددام خۆی و کۆرپەکەی ڕوویان لە ماڵی خەیروڵڵای

(٢) طالب الحسن، حكومة القرية فصول من سلطة النازحين من ريف تكريت، (بغداد، ٢٠١١)، ص ٣٢.

برای لە شاری تکریت کردووە، سەبحە ساڵی ١٩٤٠ شووی بە کابرایەکی جووتیاری گوندی عوجە کردووە، ناوی ئیبراهیم بووە، ئەو کابرایە ناوبانگی باشی نەبووە، بەدرۆزن ناسرا بووە، وتبووی چووەتە حەج و شاری مەککە، بەڵام خەڵکی زانیان درۆی کردووە.

بە هۆی ئەو هاوسەرگیرییەوە سەبحە و سەددامی کوڕی گەڕاونەوە عوجە، ئیبراهیم بە کاروباری جووتیاری و کاسبی و ئاژەڵ بەخێوکردن خەریک بووە، سەددامی بردووە بۆ کارکردن لەناو کێڵگەدا، سەددام ژیانی زۆر سەخت و پڕ ئێش و ئازار بووە، زرباوکەکەی زۆر تووند بووە لەگەڵی، بەلێدان ناردوویەتی بۆ لەوەڕاندنی مەڕ و بزنەکان، بەیانیان زوو بە هاوار و قسەی ناشرین لە خەوی هەڵی ساندووە.

سەددام تەمەنی حەوت ساڵی تێپەڕ کردووە، کەچ ڕێگەی نەدەدرا بچێتە قوتابخانە، کە تەمەنی هەراش بوو کاری تریان پێ‌کردووە، وەک: بەفر و ئاوی سارد فرۆشتن لەسەر ڕێگەکان، میوە و سەوزە فرۆشتن، یان زرباوکەکەی لەسەر پشتی کەرێک بردوویەتی لەگەڵ خۆی بۆ گوندەکانی دیکە بۆ فرۆشتنی کەرەستە و پێداویستی ژن و منداڵان[٣].

هەواڵنامەی کتێب

(٣) كولن كوغلن، صدام حسين الحياة السرية، ترجمة: مسلم الطعان، (بغداد، منشورات الجمل، ٢٠٠٥)، ص٢٥ – ٢٦.

## چوونە بەر خوێندن

لە ماوەی ئەو چەند ساڵە، سەددام چاوی بە عەدنانی کوڕە خاڵەکەی کەوتووە، کە لەشاری تکریت بوون و باسی چوونە بەر خوێندنی بۆ کردووە، وەک دیارە سەددامیش زۆر حەزی کردووە وەک منداڵانی دیکە لە قوتابخانە بخوێنێت.

بۆیە ساڵی ١٩٤٧ لە ڕۆژێکدا بەرەبەیانی تاریک لە خەو هەڵساوە و بەتەنیا بەرەو شاری تکریت ملی ڕێگەی گرتووە، لە ڕێگای تووشی کرێکار و کاسبکاران هاتووە لەگەڵیان گەیشتووە بە تکریت و ڕووی لەماڵی خاڵی کردووە، لەو ساڵەدا لەگەڵ عەدنانی کوڕە خاڵی لە قوتابخانە وەرگیراوە.

سەددام ساڵی ١٩٥٥ خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی تەواو کردووە و لەگەڵ ماڵی خاڵی بۆ شاری بەغدا گواستیانەوە، لە شاری بەغدا، لەگەڵ عەدنان لە قوتابخانەی ناوەندی وەرگیراوە، سەددام لە تەمەن گەورە بووە، بەڵام ماڵی خاڵی هانیانداوە بۆ خوێندن. لەو تەمەندا سەددام لاوێکی گرژ و مۆن بووە، بە ڕقەوە تەماشای خەڵکی کردووە، ئەگەرچی کۆسپی زۆریشی هاتووەتە پێش، بەڵام توانیویەتی زاڵ بێت بەسەریدا، باڵای درێژ و جەستەیەکی پتەوی بۆ خوڵقابوو، بەزمانێکی جووتیارانەی سادەی خەڵکی تکریت گفتوگۆی دەکرد[٤].

---

(٤) غسام مطر، صدام حسين، الرجل والقضية والمستقبل، (بيروت، المؤسسة القومية، ١٩٨٠)، ص٣١؛ محمد حسين بزي، صدام حسين الحقيقة المغيبة، ص٣٨.

**کەتنەکانی سەددام لە تەمەنی گەنجی**

بەپیی چەند سەرچاوەیەک، سەددام لەماوەی هەرزەکاریدا، چەند کەتنێکی ئەنجامداوە، یەکەم تاوانی کە هێشتا لە قۆناغی ناوەندی قوتابی بووە، کاتێک ئاگادار دەکرێتەوە کە کوڕە مامەکانی بەشێوەیەکی خراپ مامەڵەی زڕ باوکەکەی دەکەن و بووەتە جێگای گاڵتە پێکردنیان، ئەوا دەس لەیەکێکیان دەوەشێنێت دەیکوژێت، ئەگەرچی ئەم ڕووداوە بەتەواوی ڕوون نییە چۆن بووە.

دووەم تاوانی: سەددام لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ ڕوویداوە، هۆیەکەشی بۆ ململانێی نێوان شیوعییەکان و بەعسییەکان دەگەڕێتەوە.

پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، بۆ ڕێزلێنان لەوکەسانەی بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکەی ڕەشید عالی گەیلانی کردووە ساڵی ١٩٤١ دژ بە ڕژێمی پاشایەتی، بڕیار دەدرێت خەیروڵلا تلفاح بە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی شاری بەغدا دابنرێت، ناوبراو لەو ڕاپەڕینە بەشداری کرد بوو، ئەفسەر بوو لە سوپای عێراق، بەڵام کەسیکی نەتەوەپەرست و کۆنەپەرستی عەرەبیش بوو. ئەمە و هەر دوای ماوەیەکی کورت لەو پێگەیە دوور دەخرێتەوە، خەیروڵلا تلفاح هۆکاری لادانەکەی بەدەستێوەردانی کابرایەک دەزانێت بە ناوی (سەعدوون) خەڵکی شاری تکریت و ئەندامێکی حیزبی شیوعیی عێراقی بووە.

بۆیە هانی سەددام دەدات بۆ ئەوەی تۆڵەی بۆ بکاتەوە،

ئەگەرچی خەیروڵلا ئەوەی ڕەتکردووەتەوە کە ئەو هانی سەددامی دابێت.

درەنگانی شەوێک سەددام لەسەر ڕێگای هاتنەوەی سەعدوون بۆماڵەکەی خۆی دەوەستێت و تەقەی لێدەکات و دەیکوژێت.

پاشان خەیروڵلا تلفاح و سەددام حوسێن دەستگیر دەکرێن و لە زیندان لە شاری بەغدا ماوەی (٦) مانگ دەمێننەوە، دواتر بەهۆی نەبوونی بەڵگەی سەلمێنەر لەلایەن دادگاوە ئازاد دەکرێن.

لێرەدا پێویستە باسی ئەوە بکەین، کە سەددام لەو ماوەیەی لە زیندان دەبێت، لەگەڵ ئەندامێکی حیزبی بەعس بەناوی تەها ئەحمەد عەزوز یەکتر دەناسن، دواتر ئەو تەها ئەحمەد عەزوزە ساڵی ١٩٥٩ داوا لەسەرکردایەتی حیزبەکەی دەکات، سەددام بۆ کوشتنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران عەبدولکەریم قاسم، بەشداری پێ بکرێت، لەبەر ئەوەی کەسێکی پیاو کوژە و جێگای متمانەیە[٥].

**ئەندامانی بنەماڵەی سەددام لە گوندی عوجە**

**١. سەبحە تلفاح ئەلموسەلەت**

دەربارەی ژیانی ناوبراو، زانیاری زۆر کەمە، ئەوەندەی هەیە

---

(٥) أندروكبوردن وآخرون، صدام الخارج من تحت الرما، ترجمة: علي عباس، الطبعة الاولى، (بيروت، دار المنتظر، ٢٠٠٠)، ص ١٢٨.

بەپوختـەیی: خوشـکی خـەیروڵڵا تلفاح-ە لـە بنەماڵـەی (بیجـات) عەشـیرەتی ئەلبوناسـر لـە گونـدی عوجـە لـەدایک بـووە، سـاڵی لـەدایک بـوونی دیـار نییـە مەزەنـدە دەکرێـت لـەنێوان (١٩١٠ - ١٩٢٠) بێت.

لـە سـییەکانی سـەدەی بیسـتەم شـووی کـردووە بـە حوسـێن کـوڕی مەجیـد، لـە گونـدی عوجـە لـە خانویـەکی یـەک ژووری ساکار ژیاون، حوسێن شان بەشان کاری کشتوکاڵی بەپاسـەوان لە قوتابخانەیەکی تکریت دامەزراوە.

سـەبحە، پـێش لـەدایکبوونی سـەددام کـوڕێکی دیکـەی بـووە، بـەڵام هـەر بـە منداڵی بـەهۆی نەخۆشـی مـردووە. سـەددام پـێش لەدایک بوونی بە ماوەی (٤- ٦) مانگ بـاوکی مـردووە. سـەبحە ساڵی ١٩٤٠ جارێکی دیکە شـووی کردووە بەکابرایـەک بـەناوی ئیبراهیم حەسەن کە ناوبانگی باشی نەبووە. سەبحە لە ئیبـراهیم چوار کوڕ و دوو کچی بووە.

سـاڵی ١٩٨٢ سـەبحە کـۆچی دوایـی کـردووە، لـە گـۆڕسـتانی گوندەکە لەسەر بڕیاری سەددام گلکۆیەکی گەورەی بۆ دروست کراوە.

### ٢. ئیبراهیم حەسەن

جووتیـارێکی هـەژاری گونـدی عوجـە بـووە، ناوبـانگی بـەئیبراهیمی درۆزن دەرکـردووە، سـەرەتای ژیـانی وەک خزمـەتگوزار لـە قوتابخانەیـەکی شـاری تکریـت دامـەزراوە، بـە

کاروباری جووتیاتریش خەریک بووە.

ساڵی لەدایکبوون و مردنی نەزنراوە، لەبنەماڵەیەک گەورە بووە ناوبانگیان بە ڕێگرو چەتە دەرکردبوو.

ساڵی ١٩٤٠ لەگەڵ سەبحەی دایکی سەددام هاوسەرگیری دەکەن، لە گوندی عوجە ژیاون.

### ٣. خەیروڵلا تلفاح

لە سەرچاوەکان مێژووی لەدایک بوونی بە جیاوازی باسکراوە، ساڵەکانی (١٩١٠، ١٩١٣، ١٩١٩) بە ساڵی لە دایک بوونی دانراوە، ساڵی ١٩٩٣ کۆچی دوایی کردووە. ساڵی ١٩٣٧ پلەی خوێندنی مامۆستای سەرەتایی بووە، پاشان ساڵی ١٩٣٩ لە خولێکی ئەفسەری وەرگیراوە و بووەتە ئەفسەر لە سوپای عێراق، بەشداری ڕاپەرینەکەی ڕەشید عالی گەیلانی ساڵی ١٩٤١ کردووە، بەهۆیەوە لە سوپا دەرکراوە، پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە (مەعاریف) بۆ ماوەیەک لە شاری بەغدا دەست بەکاربووە، لە سەردەمی دەسەڵاتەکەی سەددام حوسێن بە پارێزگاری بەغدا دادەنراوە.

نووسەر فائیز ئەلخەفاجی دەربارەی تلفاح نووسیویەتی:

تلفاح کەسایەتییەکە جێگای مشتومڕە، ڕەفتاری مۆرکێکی عەشایەری توندڕەوی هەڵگرتووە، نەتەوەپەرستێکی نەریتی بوو، کەسایەتی تلفاح بەشێوەیەکی گەورە کاریگەری بەسەر سەددام هەبووە، ئەو لە ماڵی تلفاح گەورە بوو، خوێندنی دەست پێ



هەواڵنامەی کتێب

کردووە، دواتر ساجیدەی کچی تلفاحیش بووەتە هاوسەری، بۆیە دەکرێت بوترێت کە تلفاح باوکێکی ڕۆحی سەددام بووە، کاریگەری هەبووە بەسەرییەوە لەچەندین ڕووی هزری و سیاسییەوە.

### ٤. بەرزان ئیبراهیم

لە دایکییەوە برای سەددام حوسێنە، لە ٢٧ی شوباتی ١٩٥١ لە شاری تکریت لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە تکریت تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٣ پاش سەرکەوتنی کودەتاکەی ٨ی شوبات و گەڕانەوەی سەددام بۆ عێراق، بەرزان چووەتە بەغدا و لەماڵی سەددام ماتەوە، ساڵی ١٩٦٩ خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە.

لە کاری سیاسی و حیزبی وەک دەستی ڕاستی سەددام بووە، تاوەکو سەرکەوتنی کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨، بەردەوام لەگەڵیدا بووە.

### ٥. وەتبان ئیبراهیم

ساڵی ١٩٥٢ لە شاری تکریت لەدایک بووە، برای سەددامە لەدایکییەوە خوێندنی سەرەتایی لە شاری تکریت تەواو کردووە. پاش ساڵی ١٩٧٠ بەبڕیاری حیزبی بەعس لە کولێژی مافی زانکۆی مستەنسرییە وەرگیراوە، دواتر بەرپرسیاری باڵا وەردەگرێت لە ڕۆژی ١٣ی ئابی ٢٠١٥ مردووە.



هەواڵنامەی کتێب

### ٦. سەبعاوی ئیبراهیم

٢٧ی شوباتی ١٩٤٧ لە گوندی عوجە لەدایک بووە، خوێندنی تەواو نەکردووە، هەڵسوکەوتی خێڵەکی و توونددوتیژ بووە، پاشان بووە بەپۆلیس لە شاری تکریت، لەسەردەمی سەددام حوسێن دەسەڵاتی باڵای هەبووە، لە ٨ی تەمووزی ٢٠١٣ کۆچی دوایی کردووە.

### ٧. ئیدهام ئیبراهیم

کوڕە گەورەی ئیبراهیم بووە لە سەبحە، بەڵام هیچ زانیارییەک لەسەری دەست نەکەوتووە. دوور بووە لەکاری سیاسی.

بنەماڵەی سەددام حوسێن، بیجات یان بیگات، لقێک بوون لەعەشیرەتی ئەلبوناسر، لە سنووری پارێزگای سەلاحەددین (تکریت) ژیاون. ئەم بنەماڵەیە بەپێی زانیارییەکان ساڵی ١٩٧٩ ژمارەیان لە دەورووبەری (٣٥٠) کەس دەبوون، لەو ساڵەدا کە سەددام حوسێن گەیشتە لوتکەی دەسەڵات لە عێراق.

بە پاڵپشتی دەسەڵات و خودی سەددام حوسێن، پیاو و لاوانیان ڕوویان لە شارەکانی بەغدا و تکریت و ناوچەکانی بیجی و شەرقات کردووە، زەوی و زاری ئەو ناوچانەیان کڕیوە و خستوویانەتە ژێر دەستی خۆیان[٦].

---

(٦) مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١٢٣)، (بغداد، كانون الاول ٢٠٠٢)، ص ١٦؛ (عائلة صدام حسين – ويكيبيديا).

**عەشیرەتی ئەلبوناسر لە چەند لقێک پێکهاتبوون**

١. بنەماڵەی ئیبراهیم حەسەن و کوڕەکانی – ئەلبوخەتاب.
٢. بنەماڵەی ئەحمەد حەسەن بەکر– ئەلبونەد.
٣. بنەماڵەی یاسین ڕەشید – ئەلبونەجم.
٤. بنەماڵەی خەیروڵلا تلفاح – ئەلبو موسەلەت.
٥. بنەماڵەی محەمەد هەزاع – ئەلبو هەزاع.
٦. بنەماڵەی عەبد ڕەشید – ئەلبو عەبدولمونعم.

**بەستنەوەی ڕەچەڵەکی سەددام بە پێغەمبەری ئیسلام**

لە هەوڵێکدا لەلایەن خودی خەیروڵلا تلفاح، کار کراوە بۆ بەستنەوەی بنەماڵەی سەددام حوسێن و عەشیرەتی ئەلبوناسر بە بنەماڵەی پێغەمبەری ئیسلام.

بۆ یەکەمجار لە کتێبەکەی (ئەمیر ئەسکەندەر لەسەر سەددام حوسێن)، ڕەچەڵەک نامەیەک بڵاوکراوەتەوە، ئەو ڕەچەڵەک نامەیە (شجرة النسب) لە ژمارەی ڕۆژی ٢٥ی نیسانی ١٩٨٤ لە گۆڤاری (ئەلف باء)ی عێراقی دووبارە بڵاوکرابوویەوە.

بەپێی بیروبۆچوونی چەندین نووسەر و زانایانی ئایینی (بەتایبەتی ئیمام ئەبو القاسم ئەلخوئی)، ئەوەی لەو ڕەچەڵەک نامەیە هاتووە ساختەیە و دوورە لە ڕاستی، کارێکی جێگای قبوڵکردن نییە.

بەپێی زانیارییەکان ئەوانی بەو کارە هەستاون دووکەس بوونە: خەیروڵلا تلفاح خاڵی سەددام، بەهاوکاری ئەیاد سەعید



هەواڵنامەی کتێب

سابت کادیری حیزبی بەعس لە شەستەکان، ئەوان ناوێکیان لەو ڕەچەڵەک نامەیە دەسکاری کردووە بۆ سەلماندنی ئەوەی عەشیرەتی (ئەلبوناسر) سەر بەبنەماڵەی محەمەدی پێغەمبەر و نەوەکانی عەلی کوڕی ئەبو تالیبە.

**نووسەر کتێبی (حكومة القرية فصول من سلطة النازحين من ريف تكريت) تالیب ئەلحەسن لە لاپەڕەی (٢٧) کتێبەکەی نووسیویەتی:** لەگەڵ مامۆستا عەبدوللا ڕەمەزان تکریتی باسی ئەو پەیوەندییەمان کرد، (ناوبراو لە سەیدەکانی شێخ عەبدولقادر گەیلانییە)، مامۆستا عەبدوللا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە بنەماڵەی (بیجات) سەید نین، ئەو (شجرة النسب)ە واتە (ڕەچەڵەکی نامەیە) کە لەگۆڤاری (الف باء) بڵاوکراوەتەوە بۆ ڕاگەیاندنی ڕەچەڵەکی سەددام حوسێن، ئەوە دزراوە پاشان دەسکاری کراوە، خودی خەیروللا تلفاح بەو کارە هەڵساوە، ناوبراو لەو سەردەمە پارێزگاری بەغدا بووە، چەند خێزانێک لە سەیدەکانی – ڕیفاعی- دەگوازێتەوە بۆ گوندی عوجە، ئەو سەیدانە لەناو شاری – تکریت- تەکیەی دەروێشیان هەبووە، یەک لەوانەش (محمود عجة الرفاعی) بوو، لەژێر فشاری زۆر و هەڕەشە، خەیروللا ڕەچەڵەک نامەکەیان لێ وەردەگرێت، پاشان بە ئارەزووی خۆی دەسکاری دەکات و ناوی باپیرە گەورەی بنەماڵەکەی خۆی تێدا تۆمار دەکات(٧).

---

(٧) طالب الحسن، حكومة القرية فصول من سلطة النازحين من ريف تكريت، ص ٢٧ – ٣٥.

هەواڵنامەی کتێب

## باسی دووەم: سەرەتای دەرکەوتنی سەددام حوسێن لە چالاکی سیاسیدا

شاری بەغدا لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم، مەڵبەندێکی ململانێ و چالاکی گەرم و چڕی سیاسی بوو، لەو سەردەمە، دەرکەوتنی جەمال عەبدولناسر ڕابەری شۆڕش لە وڵاتی میسر، بزووتنەوەی نەتەوایەتی عەرەبی لە ناوچەکە بەهێز کرد، هاندەر و پشتگیرییەکی بەهێزی ئەو ڕێکخراو و ئاراستە سیاسییە عەرەبچیانە بوو، کە لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی بەنهێنی بەردەوام بوون، بەتایبەتی لە وڵاتانی وەک سوریا، عێراق و جەزائیر.

حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، کە لەساڵی ١٩٤٧دا لە شاری دیمەشق بەهۆی خوێندکار و ڕۆشنبیران دامەزرا بوو، هەڵگری بیروباوەڕی نەتەوەیی، لەناو زانکۆ و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان، چالاکی و ڕێکخستنەکانی گەیشتە شاری بەغدا، لەو سەردەمە ئەو ڕێکخراوە سیاسییە سنووری چالاکی زۆر تەسک بوو، بەپێی هەڵسەنگاندنی شارەزایان ژمارەی لایەنگر و ئەندامانی، لە سێ سەد کەس تێپەڕ نەدەکرد.

لەو سەردەمە خەیروڵڵا تلفاح، ماڵەکەی دەگوازێتەوە شاری بەغدا و لەبەری کەرخ نیشتەجێ دەبێت، کە ناوچەیەکی تێکەڵ لە عەرەبی سوننە و شیعەیە. خەیروڵڵا بە تەواوی لە گێژاوی ئەو ئاڕاستە سیاسییە عەرەبچییە دەژیا، ناوبراو لەگەڵ مامۆستایەکی

قوتابخانەی سەرەتایی بە ناوی ئەحمەد حەسەن بەکر زۆر گرنگیان بە دۆخی سیاسی و ئەو هزرە نەتەوەییە دەدا، ئەو دوو کەسە پاشان ڕۆڵێکی کاریگەریان گێڕا لە پێگەیاندن و ئاراستەکردنەی سەددام حوسێن.

بە بۆچوونی نووسەر و شارەزایی سەردەمی ڕژێمەی سەددام حوسێن، شامل عەبدولقادر، سەددام لە گوندی عوجە دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعس کردووە. لەوسەردەمە هێشتا قوتابی بووە لە پۆلی سێی ناوەندی، سەرەتا پلەی ڕێکخراوەیی (مؤید) لایەنگر بووە، پاشان ساڵی ١٩٥٩ پلەی ڕێکخراوەیی بەرزبووەتەوە بۆ (نصیر)، ئەوکات بەرپرسی حیزبیشی لە شاری عوجە کرێکارێک بووە[٨].

**سەددام بەشداری دەکات لە هەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم**

پێشتر باسی ئەوەمان کرد بەهۆی کوشتنی سەعدوون تکریتی، سەددام لەگەڵ خەیروڵڵای خاڵی بە تاوانی ئەو کوشتنە بەند کرابوون، بەڵام دوای شەش مانگ هەردووکیان ئازاد دەکرێن، چونکە هیچ بەڵگەیەک نەبوو بیسەلمێنێت، ئەوان دەستیان لەو ڕووداوە هەبوو بێت.

پاشان ئەو قۆناغە سەددام دەگەڕێتەوە ماڵی خاڵی لە شاری بەغدا، لەو ماوەیەدا سەرکردایەتی حیزبی بەعس بەهاندانی دەرەکی لەباری خۆ ئامادەکردن دەبێت بۆ کوشتنی عەبدولکەریم

(٨) شامل عبدالقادر، برنامج فیدیو، عبر الانترنیت في ٢٠٢٤/١١/١.

قاسم، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەش دەستەیەک لە ئەندامانی حیزبی بەعس ئامادە دەکرێن.

پارێزەر فەیسەڵ حەبیب خەیزەران، کە ئەوکات ئەندامێکی باڵای حیزبی بەعس بوو، لەو بارەوە باسی دەکات: ساڵی ١٩٥٩ باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا بەهۆی پەیوەندییەکانییەوە بە سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە عێراق، داوای کردبوو حیزب کار بکات بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست، هەروەها داوایان کرد هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم بدرێت، بۆ ئەو مەبەستەش یەکێک لە فەرمانبەرانی باڵیۆزخانەکە بەردەوام لە پەیوەندی کردندا بوو. داواکاری و ڕێنماییەکان لە ڕێی ئەو فەرمانبەرەوە بە سەرکردایەتی حیزبی بەعس دەگەیشت.

**ئەلخەیزەران لەسەری دەڕوات:** لە ڕاستیدا سەرکردایەتی حیزبی بەعس لەو سەردەمە گروپێکی لەچەند کەسێک پێکهێنابوو، لەوانەی ناسرا بوون بە کەتنکەر و بازاڕی و لادەر لە یاساکان، ئەوانە بەکاردەهێنران بۆ هەندێکی کرداری دەستدرێژی لەناو شەقامەکان، هەروەها بۆ دژایەتیکردن و ڕێگرتن لە چالاکییەکانی حیزبی شیوعیی عێراقی، بەرپرسەکەیان ناوی محی مەرهون بوو، یەک لەو تیمەش سەددام حوسێن بوو. من دۆسییەی ئەو کەسانەم لابوو، بەسەرهاتی ژیانیانیم دەزانی، لەکاتی پێویست وەک فشار بەرانبەریان، خاڵە لاوازەکانی ناو دۆسییەکانم دەجولاند، ئەویش بەمەبەستی جێبەجێکردنی چەند کارێک. سەددام حوسێن یەکێک بوو لەو دەستەیە، کەسێکی دڵڕەق و تووند ڕەفتار بوو، چاوەکانی پڕبوون لەڕق و قین و خراپەکاری،

کاتێک داوامان لێیکرد بەشداری بکات لە کوشتنی عەبدولکەریم قاسم یەکسەر ڕازی بوو، ئەو بێ دوو دڵی ئامادەیی دەربڕی، بەڵام لەبەرانبەردا داوای کرد بڕی (١٥٠) سەد و پەنجا دیناری پێ بدرێت (دیارە ئەو برە پارەیەش بۆ ئەو سەردەمە زۆر بوو) بۆیە لێم پرسی ئەو پارەیە زۆرە، لە وەڵامدا وتی: (من عەبدولکەریم بکوژم و ئێوە دەسەڵات بگرنە دەست خۆ من ناکەن بە وەزیر) [٩].

**پلانی کوشتنی عەبدولکەریم بەو جۆرە بوو**

کاتێک عەبدولکەریم سەر لە ئێوارە لە بارەگای وەزارەتی بەرگری دێتە دەرەوە و بە شەقامی ڕەشید تێپەڕ دەبێت تەقەی لێبکرێت. هەر بەپێی چاودێریکردن، وا دەرکەوت کە عەبدولکەریم پاسەوانی زۆری لەگەڵدا نییە بۆ پاراستنی. پلانەکە بەشێوەیەک دارێژرابوو، ئەرک دابەشکرا بوو لەنێوان هێرشبەران، ئەوانەش ژمارەیان بەپێی زۆرینەی سەرچاوەکان دە کەس دەبوون، ئەگەرچی بیروڕای جیاواز هەیە لەم بارەوە، ڕۆڵی سەددام حوسێن لەم هێرشبردنە پارێزگاری کردنی ئەوانە بکات کە هێرش دەکەنە سەر عەبدولکەریم لە پشتیانەوە لە کاتی کشانەوە.

ئەو ناوانەی لەسەرچاوەکان هاتووە کە بەشداریان لەو کارە کردووە:

١. ئەیاد سەعید سابت ( بەرپرسی یەکەم)

---

(٩) مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٦٥)، (بغداد، ايلول ٢٠١٧)، ص١٨.

٢. خالید عەلی سالّح

٣. ئەحمەد تەها عەزور

٤. سەلیم حوسێن زیبەق

٥. عەلی حەسون

٦. حاتم حەمدان عەزاوی

٧. عەبدولکەریم شێخلی

٨. سەددام حوسێن

٩. سەمیر عەزیز نەجم

١٠. عەبدولحەمید مەرعی

١١. عەبدولوەهاب غریری

سەددام حوسێن لەو ماوەیەدا پلەی ڕێکخراوەیی لە (مؤید) ەوە بۆ (نصیر) بەرزکرایەوە[١٠].

**خۆئامادەکردن**

هەر بۆ ئەوەی ئەندامانی گروپی هێرشبەر شارەزای ناوچەکە بن، هەروەها باشترین شوێن و کات دیار بکەن بۆ ئەوە کارە، بڕیاردرا شوقەیەک لەسەر شەقامی ڕەشید بە کرێ بگیرێت و بەکاربهێنرێت وەک بنکەیەک بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکە.

ئەو بنکەیە بەکاریش دەهێنرا بۆ چاودێریکردنی هاتووچۆی خودی عەبدولکەریم قاسم، کرێی شوقەکەش بەپێی چەند

(١٠) مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١٢٣)، ص ٢٨.

سـەرچاوەیەک لەگـەڵ خـەرجی ڕۆژانـەی ئـەو گروپـە لەلایـەن (باڵیۆزخانــەی) ئــەمریکاوە دابــین کــراوە، بــۆ ئــەو کــارەش پزیشــکێکی میســری ئــامرازی پەیوەنــدیکردن بــوو لــەنێوان هەردوولا. ئێوارەی ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ بە کاتی گونجاو زانرا، هێرشبەران هەریەکە شوێنی بۆ دیاری کرا، بـەڵام لـەکاتی تەقە کردن وەک پێویست ئەو پلانـەی دارێژرابوو، پیادە نـەکرا، تەقـە زۆر کـرا لـە هـەموو لایەکـەوە، هەنـدێک لـە هێرشـبەران بەتەقـەی خۆیـان برینـدار بـوون یـان کـوژران، پاسـەوانەکانی عەبدولکـەریم هاتنـە دەسـت و بـەرگرییان کـرد، لـە ئەنجامـدا عەبدولکـەریم قاسـم برینـدار کـرا، شـوفێری ئۆتۆمبیلەکـەی و یاوەرەکـەی کـە لەگـەڵی بـوون کـوژران. لەبـەری هێرشـبەرانیش کەسێکیان کوژرا بەناوی عەبدولوەهاب غریری، چەند کەسێکی دیکەشیان برینـدار بـوو، لەناویانـدا سـەددام حوسـێن، کـە قـاچی گولەیەکی بەرکەوتبوو.

پاشان عەبدولکەریمیان گەیاندە نەخۆشخانە، هێزی پۆلیس بەناوچەکـە بڵاوبـووەوە کەوتنـە پشـکنین و گرتنـی هێرشـبەران، هێرشــبەرانیش بــەناو کۆڵانــەکان خۆیــان گەیانــدە خانوویــەک، پێشتر بۆیان ئامادەکرابوو بۆ خۆشادرنەوە.

سەددام برینەکەی سووک بوو لەلایەن پزیشکێک کە حیزب دیـاری کردبـوو تیمـار کـرا، بـەڵام ئـەو لـەو شـوێنە نەمایـەوە یەکسەر دوای تیمارکردنی لـەوێ هاتـە دەرەوە و خـۆی گەیاندە شـاری تکریـت، لـەوێش بـەهاوکاری خـزم و چەنـد ئەنـدامێکی حیزبی بەعس لە ڕێگای بیابانەوە ڕۆیشت تا گەیشتە سوریا.

بێگومان بەشداریکردنی سەددام لەو کارە، وەرچەرخانێکی گەورە بوو لەژیانی سیاسی، ڕۆڵێکی گەورەشی بینی لەپێش خستنی سەددام لەناو کاری حیزبایەتی.

**سەددام حوسێن لە سوریا**

سەددام نزیکەی سێ مانگ لەوڵاتی سوریا ماوەتەوە، لەو ماوەیەدا جێگای بایەخپێدان و خۆشحاڵی ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی بەعسی (عێراق) بووە. خودی میشیل عەفلەق ناوی هێناوە و بەچالاکییەکەی زانیوە. بۆیە وەک ڕێزلێنانێک، بڕیاردراوە پلەی ڕێکخراوەیی بۆ ئەندامییەتی تەواو بەرزبکرێتەوە.

دەربارەی ئەم بڕیارەش، حازم جواد ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس لەو سەردەمە دەڵێت: فوئاد ڕیکابی ئەمینداری ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزب، بڕیاریدا وەک ڕێزلێنانێک، پلەی ڕێکخراوەیی سەددام حوسێن لە (نەسیر)ەوە بۆ ئەندامییەتی تەواو بەرزبکرێتەوە، ئەوەش بەدەر لە بەندەکانی پێڕەوی ناوخۆی حیزب کە دەبێت سێ ساڵ تێپەڕ بێت بەسەر ئەو پلەیەی ئینجا پلەی ئەندامییەتی پێ بدرێت(١١).

**ڕێوڕەسمی پلە بەرزکردنەوە کە بەم شێوەیە بوو**

لە شوقەیەکی ژێر زەوی لە شاری دیمەشق، بەئامادەبوونی

---

(١١) هیثم رشید وهیب، في ظل صدام فضائح غیر معقولة شهادە حیة لرئیس البروتوکول، ترجمة: میشیل خوری، (بیروت ٢٠٠٤)، ص٥٥.

فوئاد ڕیکابی، حازم جەواد، عەلی ساڵح سەعدی، مەدحەت ئیبراهیم و عەبدوڵلا ڕیکابی، پاش خویندنەوەی وتارێکی کورت لەلایەن فوئاد ڕیکابییەوە، تێیدا بەشان و باڵی سەددامی هەڵدا، باسی لە ئازایەتی و دڵسۆزی ناوبراوی کرد، پاشان وتی: لەسەر پێشنیازی من، سەرکردایەتی حیزبی بەعس ڕازی بووە پلەی ئەندامییەتی لە حیزب بدرێتە سەددام حوسێن. دواتر سەددام (کە لاوێکی شەرمن بوو لەو سەردەمە) سوێندی یاسایی دووبارە کردەوە لە پاش فوئاد ڕیکابی. بێگومان ئەو ڕێز لێگرتن و پلە بەرزکردنەوەیە، یەکەم ڕەنگدانەوەی بەشداریکردنی سەددام بوو لەهەوڵی تیرۆر کردنی عەبدولکەریم قاسم[١٢].

**سەددام حوسێن لە شاری قاهیرە**

سەددام پاش ئەو ماوە کەمەی لە سوریا بوو، کە بەهۆیەوە ژمارەیەکی باش کادیرە باڵاکانی حیزبی بەعسی ناسی و ناویان دەهێنا، هەروەها بەچاوێکی پڕ ڕێزەوە تەماشا دەکرا، سەددام شێوازی ژیانی گۆڕا و زیاتر تینووی ئەوەبوو لە سیاسەت تێبگات و ئاستی ڕۆشنبیری خۆی بەرز بکاتەوە.

بۆیە بەبیانوی تەواوکردنی خوێندن لەگەڵ چەند کەسێک لەوانی بەشداریان کردبوو لە هەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم و بە ڕەزامەندی بەرپرسەکانیان ڕەوانەی شاری قاهیرە

---

(١٢) غسان شربل، العراق من حرب الی حرب صدام مر من هنا، طبعة الاولی، (بیروت، دار ریاض، ٢٠١٠)، ص٣٨.

پایتەختی میسر کران. لەو شارە کۆمەڵێکی گەورەی خەڵکی عێراقی لێبوو، بەشێکیان ئەندام و لایەنگری حیزبی بەعس بوون، ژمارەیان دەگەیشتە (٥٠٠) کەس.

هەر دوای ماوەیەکی کورت لەلایەن حکومەتی میسرەوە بڕە پارەیەک وەک یارمەتی بۆ بڕایەوە، بەمەبەستی تەواو کردنی خوێندنی لە قوتابخانەی (قصر النیل العالی) وەرگیرا ، پاش تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی، لە زانکۆی قاهیرە لە کۆلێژی ماف دەستی بەخوێندن کرد. هەر لەو سەروبەندەدا، سەددام لە ڕێکخستنی بەعسییەکانی عێراق لە وڵاتی میسر وەرگیراو لەماوەیەکی کەمدا بوو بە ئەندام دەستەی سەرکردایەتی حیزبی بەعس لەو وڵاتە.

دەربارەی هەڵسوکەوتی سەددام لەو ماوەیەی لە شاری قاهیرە دەژیا، بیروڕای جیاواز هەبووە لەسەری، یەک لە نووسەرانی سەر گوزشتەی ژیانی، دەربارەی ئەو ماوەیەی لەقاهیرە بووە نوسیوویەتی: سەددام حوسێن لە ڕەفتارەکانی هەوڵی دەدا لاسایی جەمال عەبدولناسر بکات، یاری شەترەنجی زۆر دەکرد، ژیان و ڕابواردنی شەوانی لا گرنگ نەبووە، زۆری دەخوێندەوە. عەبدولمەجید فەرید سکرتیری تایبەتی عەبدولناسر کە بەرپرسی بەشی چاودێری بەعسییە عێراقییەکانی بەدەستەوە بوو، هەمان بیر و بۆچوونی هەبووە، هەروەها دەڵێت: دەسەڵات لەوڵاتی میسر هاوکاری سەددامی کردووە بۆ تەواوکردنی خوێندنی. جێگای حەوانەشی بۆ دابینکرد، عەبدولمەجید باسی ڕەفتاری سەددام دەکات: سەددام کەسێکی هێمن و ڕێک و پێک

بوو، هیچ کاتێک داوای پارەی زیاتری نەدەکرد لەوەندەی بۆی دیاریکرابوو، ڕابواردنی لەگەڵ ژنان و خواردنەوە کحولییەکان زۆر لای گرنگ نەبوو.

**عەبدولکەریم شێخلی کە هاوڕێیەکی نزیکی سەددام بوو، لە نوسینێکی باسی سەددام دەکات لەو قۆناغە:** سەددام زۆربەی کاتەکانی لە خوێندن بەسەر دەبرد، هەوڵیدەدا لە خوێندنی قوتابخانە سەرکەوێت، لەلایەکی دیکەوە چەند نووسەرێک کە لەسەردەمی سەددام ژیاون، ئەو وێنە پڕ ڕێز و جوانەیان نەخستۆتە ڕوو.

خاوەن ئەو قاوەخانەی سەددام هاتووچۆی دەکرد لە قاهیرە، دەڵێت: سەددام کەسێکی بە کێشە و ئاژاوە بوو، زۆرجار لەبەر هەر هۆیەک بووایە خۆی تووشی شەڕ دەکرد، کاتێک بە یەکجاری قاهیرەی بەجێهێشت و گەڕایەوە بەغدا، بڕی (٧٠٠) دولار قەرزار بوو، بەڵام لەساڵانی حەفتاکان کاتێک دەسەڵاتی گرتبووە دەست و جێگری ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، سەردانی قاهیرەی کرد بە ئەرکێکی ڕەسمی، بێ ئاگاداربوونەوە، سەردانی قاوەخانەکەی کردووە ئەو قەرزەی لەسەری بوو بەزیاترەوە بۆ خاوەنەکەی گەڕاندووەتەوە.

سەددام لەو ماوەیەدا کە لە شاری قاهیرە دەژیا، هەوڵیدەدا وەک کەسێکی لێهاتوو بەئەزموون و ئازا خۆی پیشان بدات، ئەگەرچی نەیتوانی خوێندنی زانکۆ تەواو بکات، چونکە بەهۆی کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ گەڕایەوە عێراق، پاشان لەشاری

بەغدا ساڵانی حەفتاکان خوێندنی کۆلێژی مافی تەواو کرد[١٣].

**یەکەم هاوسەرگیری سەددام**

هەروەک پێشتر باسمان کرد، سەددام لەمنداڵییەوە بەهۆی خوێندنی لە قوتابخانە لەماڵی خەیروڵلای خاڵی دەژیا، لە شاری تکریت و پاشان کە بۆ بەغدا گواستیانەوە، لەگەڵ منداڵەکانی خاڵی وەک عەدنانی کوڕی و ساجیدەی کچی تەماشا دەکرا.

ساجیدەی کچە گەورەی خەیروڵلا بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەگەڵ سەددام لەیەک ماڵدا ژیاون، دیارە شێوە ڕێککەوتنێک هەبووە لەنێوان خەیروڵلا و دایکی سەددام (سەبحەی خوشکی خەیروڵلا) کە ساجدە ببێتە هاوسەری سەددام، ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە وەک داب و نەریتێکی عەشایەری باو بووە، بەڵام بەهۆی دوورکەوتنەوەی سەددام بۆ دەرەوەی عێراق، بارودۆخەکە گونجاو نەبووە.

پاش ماوەیەک سەددام لە شاری قاهیرەوە، بەهۆی نامەوە داوای لە زرباوکی خۆی (ئیبراهیم) کردووە، داخوازی ساجیدە بۆ بکات، ئیبراهیمیش بەدەم ئەو داواکارییە چوو، خەیروڵلاش ڕازی بووە.

پاشی گەڕانەوەی سەددام بۆ بەغدا دوای سەرکەوتنی کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣، هاوسەرگیرییەکە ئەنجام داوە و

(١٣) حرب صدام، جون بلوتش، هارفي مدريس، (لندن. ١٩٩١)، نقلا من كتاب كولن كوغلن، صدام حسين الحياة السرية، ص٣١.

خانوویەکی بچووکی دەسکەوت تاوەکو تێیدا بژیت[١٤].

## سەددام حوسێن و هەواڵگیری ئەمریکا

سەددام حوسێن لە کۆتاییەکانی ١٩٥٩، تا ناوەڕاستی ١٩٦٣ لەوڵاتی میسر ماوەتەوە، حکوومەتی میسر ئەو پەناهەندە عێراقییانەی بەسەر سێ توێژ دابەشکرد بوو، ئەویش بەپێی پلە و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییان.

دیارە سەددام کەوتەبەر توێژی یەکەم، کە سیاسەتمەداران دەگرێتەوە، سەددام وەک هاوکاری حکوومەتی میسر، مانگانە بڕی (٦٠) جونیە میسری وەردەگرتووە.

وڵاتی عێراق بەپێی شوێنی جوگرافی و بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەشوێنێکی ستراتیژی و سیاسییان دادەنا، بۆیە پشتگیری (پەیمانی بەغدا)ی دەکرد کە دژ بەسیاسەتی یەکێتیی سۆڤییەت بوو لەو سەردەمە، ئەو هاوپەیمانییەتییە دەوڵەتانی: بریتانیا، عێراق، ئێران، تورکیا و پاکستانی دەگرتەوە، بەڵام پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و دەرچوونی عێراق لەو هاوپەیمانەتییە، ئەوا حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای دوو دڵ کرد بەرانبەر بە ئایندەی عێراق و دۆخە سیاسییە ناسەقامگیرەکەی، بۆیە بەردەوام چاودێری دۆخی

---

(١٤) فؤاد مطر، سيرة صدام، (مؤسسة العربية، ١٩٨٠)، ص٢٩؛ حسن السعيد، نواطير الغرب، الطبعة الثانية، (بغداد، ٢٠١٥) ص٢١٥.

سیاسی عێراقی کردووە.

چالاکییەکانی سەددام حوسێن و هاورێکانی لە وڵاتی میسر، جێگای بایەخ پێدانی دەزگا هەواڵگرییەکانی هەردوو حکوومەتی میسرو ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە.

لە هەمان کاتدا ساردییەک لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامە بەعسییە پەناهەندەکانی لە میسر لەگەڵ حکوومەتی میسر خولقابوو بەهۆی کشانەوەی سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە سوریا لە دەوڵەتی (یەکێتیی عەرەب) لەنێوان سوریا و میسر، بەتایبەتیش کە خودی میشیل عەفلەق (ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی نەتەوایەتی حیزبی بەعس بوو) پشتگیری ئەو لەیەک جیابوونەوەی کرد.

بۆیە هەروەک چەند نووسەرێک باسی دەکەن، سەددام حوسێن لەلایەن حکوومەتی میسرەوە بەهۆی چالاکییەکانییەوە خراوەتە ژێر چاودێری توند، سەرەرای تەنگ پێ هەڵچنین و پشکنینی شوقەکەی چەندین جار.

دەزگا هەواڵگرییەکەی میسر لەو باوەرە بوون، سەددام پەیوەندی لەگەڵ هەواڵگری ئەمریکا (CIA) بەستووە، ئەو پەیوەندییەش بەردەوام بووە لەو ماوەیەی سەددام لە میسردا ژیاوە.

سەعید ئەبوریش یەک لە نووسەرانی ژیاننامەی سەددام، باسی ئەوە دەکات، لەکاتی چاوپێکەوتنەکانی سەددام لەگەڵ بەرپرسانی هەواڵگری ئەمریکا ئەوا ئەو لەژێر چاودێری

هەواڵگری میسر بووە، هەر چەندە سیاسەتی ئەو دوو دەوڵەتە میسر و ئەمریکا لەئاست عێراق جیاواز بووە.

لە لایەکی دیکە نووسەرێکی دیکە باس لەوە دەکات بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات سەددام و بەعسییەکانی دیکە لە میسر تاوەکو کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان پەیوەندییان بە هەواڵگری ئەمریکا هەبووە.

هەر لە سەردەمی سەرۆک جەمال عەبدولناسر، وەزارەتی دەرەوەی میسر، نامەیەک ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی سوریا کراوە و تێیدا هاتووە: سەددام حوسێن پەیوەندی بەدەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمریکاوە هەیە، ئەو پەیوەندییەش بۆ ساڵی ١٩٦٠ گێڕدراوەتەوە[١٥].

(١٥) محمد عبده، صدام حسين رحلة أم النهاية الخلود من اعتقال الى الاعدام، (دمشق، دار الكاتب العربي، ٢٠١٢)، ص١٦.

## باسی سێیەم: گەڕانەوەی سەددام حوسێن بۆ عێراق و دەرکەوتنی و ڕۆڵی لەنێو ڕووداوەکاندا

لە ٨ی شوباتی١٩٦٣، کودەتایەکی سەربازی خوێناوی دژی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم لەشاری بەغدا ڕوویدا، دوای سێ ڕۆژ لە شەڕ و کوشتار لەنێوان بەرەی کودەتاچییەکان لەلایەکەوە لەگەڵ هێزەکەی عەبدولکەریم قاسم کە لەوەزارەتی بەرگری گەمارۆدرابوون، بەهاوکاری جەماوەری حیزبی شیوعیی عێراقی لەلایەکی دیکەوە، ئەوا ئەو ڕژێمە ڕووخاو عەبدولکەریم قاسم سەرۆک وەزیران و چەند دەسەڵاتدارێکی دیکەی حکوومەتەکەی دەستگیرکران و پاشان زۆربەیان بێ دادگایی کوژران.

دوا بەدوای ئەو دۆخە یەکسەر حکوومەتێکی نوێ پێکهات لەنێوان حیزبی بەعس و چەند کەسایەتییەکی سیاسی و چەند ئەفسەرێکی کۆنی ناو سوپای عێراق، کە هەموویان بە(ناسری) ناسرابوون، لەسەرووی هەموویانەوە عەبدولسەلام عارف کە بەسەرۆک کۆمار دیاریکرا، هەروەها ئەحمەد حەسەن بەکریش بووە سەرۆک وەزیران.

پاش چەند هەفتەیەک سەددام حوسێن و هاوڕێکەی عەبدولکەریم شێخەلی لە شاری قاهیرەوە بەرەو بەغدا گەڕانەوە، لەلایەن لایەنگران و خزم و کەس و کاریان بەگەرمی

پێشوازیان لێکرا[١٦].

سەددام حوسێن لە ڕۆژانی یەکەمی گەڕانەوەیدا، خۆی لە ئەحمەد حەسەن بەکر نزیک کردەوە، وەک پاسەوان بەدواوەی بوو، بەکر لەلایەن دایکەوە بەخزمایەتی دەگەیشتەوە سەددام، لەو کاتەدا سەددام هیچ ئەرکێکی حیزبی نەبووە، بۆیە بەکر بڕیاریدا سەددام وەک ئەندام لە مەکتەبی جووتیارانی حیزب دابنرێت و بەو هۆیەوەش یارمەتییەکی مانگانەی بۆ برایەوە، بەڵام کاری ڕۆژانەی سەددام زیاتر ئامادەبوون بوو لە نووسینگەی بەکر.

هاوڕێیانی سەددام تێبینی ئەوەیان کرد سەددام لەو ماوەیەی لە قاهیرە ژیاوە بەراورد لەگەڵ کاتێک لە بەغدا هەڵات، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە سەردەمێک، کە بەغدای جێهێشت شێوازی قسە کردنی هەر هەڕەشە و توندوتیژی بوو، بەڵام ئێستا فێری گفتوگۆی سیاسی و بیروڕا ئاڵوگۆڕکردن بووە، ئەگەرچی لەناخیدا ئەوا بیرۆکە و باوەڕ بەبەکارهێنانی توندوتیژی لە بواری سیاسی (بەتایبەت) هەر لە مێشک و دەروونی چەسپا بوو. لەو ماوەیەدا ئەوەی گرنگ بوو لای سەددام، کارکردن بوو بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی بەعس، زۆر بەتووندیش کەوتە دژایەتی حیزبی شیوعیی عێراقی بەدەستگیرکردن و کوشتنی ئەندام و لایەنگرانی، مەکتەبی جووتیارانی حیزبی بەعسی زیاتر بۆ ئەو کارە بەکاردەهێنا،

(١٦) كولن كوغلن، صدام حسين الحياة السرية، ص٧١.

وەک نووسینگەیەکی ئاسایشی لێهاتبوو.

**ڕۆڵی سەددام لە ماوەی ململانێ ناوخۆییەکانی بەعس**

ساڵی ١٩٦٣ و لەسەروبەندی کودەتاکەی ٨ی شوبات ململاینێی ناوخۆیی حیزبی بەعس توند بوو، حیزبی بەعس بەسەر دوو باڵدا دابەش بوو، باڵی چەپ بەسەرکردایەتی عەلی ساڵح سەعدی و باڵی ڕاستیش لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکرەوە ڕابەرایەتی دەکرا، ئەگەرچی لە ڕاستیدا هەر جیاوازییەکی هزری و سیاسی لەنێوانیان دیارنەبوو، ئەوەی لێکی جیادەکردنەوە ململانێی سەر دەسەڵات بوو(١٧).

**سەددام لەو ماوەیەدا وەک پاسەوانێک، یاوەری بەکر بوو، بەردەوام لەگەڵیدا بووە و بەچەکەوە.**

دوای کودەتاکەی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ی عەبدولسەلامی سەرۆک کۆمار بەسەر سەرکردایەتی حیزبی بەعس و دوورخستنەوەیان لەدەسەڵات، پێگەی بەرەکەی ئەحمەد حەسەن بەکربەهێزتر بوو لەناو حیزبی بەعس، باڵی چەپ پەرتەوازە و لاواز ببوون، بەکر بەئەمینداری گشتی سەرکردایەتیی حیزبی بەعس لەعێراق دانرا، هەر بەهەمان شێوە پێگەی سەددامیش بەهێزبوو، بە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حزبە دیاری کرا.

---

(١٧) محمد حسين بزي، صدام حسين الحقيقة المغيبة، ص١١٧؛ محمد عبده، صدام حسين رحلة أم النهاية الخلود من اعتقال الى الاعدام، ص ١٨.

بیرۆکەی دانانی سەددام لە سەرکردایەتی حزب، بڕیارێکی سەرپێی خودی میشیل عەفلەق بوو، ساڵی ١٩٦٤ لەسەروبەندی گێژاو و ململانێی نێوان باڵەکانی حیزب لەلایەکەوە، هەروەها ململانێی و ناکۆکیان لەگەڵ دەسەڵات، لەلایەکی دیکەوە سەددام حوسێن لەگەڵ کەریم شێخلی هاوڕێی، بەمەبەستی گەیاندنی بارودۆخی حزب لەعێراق بە میشیل عەفلەق و دیاریکردنی چارەیەک، بەرەو شاری بەیروت دەڕۆن.

پاش چاوپێکەوتنیان بەعەفلەق و باسکردنی دۆخی حیزب لە عێراق، عەفلەق بێ لێوردبوونەوە لەسەر پارچە کاغەزێک ناوی چەند ئەندامێکی حیزبەکە دەنووسی و پێیان دەڵێت ئەوانە دەبن بە ئەندامی سەرکردایەتی و کار بۆ ڕێکخستنەوەی حیزب بکەن، لەناو ناوەکانیش ناوی سەددام حوسێنی تێدا دەبێت.

سەلیم شاکر ئەفسەرێکی پلە باڵای ناو سوپای عێراق لەو سەردەمە دەگێڕێتەوە: سەددام زۆر بەوریایی سوودی لەڕەفتارە شەرمنانەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر وەرگرت، کاری دەکرد بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تایبەتی خۆی فراوان بکات ... سەددام تاوەکو ساڵی ١٩٦٣ تەنها کەسێکی لاسار بوو، بەکار دەهێنرا بۆ کاروباری هەڕەشە و کوشتن و شەڕی ناو شەقامەکان، بەکر بەکاری دەهێنا بۆ ئەو کارە تایبەتیانە[١٨].

(١٨) كولن كوغلن، صدام حسين الحياة السرية، ص ١٨.

**دەزگای هەواڵگری حەنین**

سەددام حوسێن پاش ئەوەی پلەی ڕێکخراوەیی بە ئەندامی سەرکردایەتی حیزب دیاری کرا، هەموو توانای خۆی تەرخان کرد بۆ بونیادنانەوەی پێکهاتەکانی حیزب، لەپاڵ ئەوەش کاری کرد بۆ دروست بوونی دەزگایەکی هەواڵگری ناوخۆیی بۆ حیزبی بەعس، ئەو دەزگایە پاشان بووە یەک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سەرکەوتن بەرەو دەسەڵات.

دیارە بڕیاری دروستکردنی دەزگایەک بەو گرنگی و هەستیارییە بڕیارێکی خودی سەددام بەتەنیا نەبووە، بەڵکو پلانەکە لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکرەوە دارێژراوە، چونکە سەددام لەو ماوەیەدا بەبێ ئاگاداری بەکر نەیدەتوانی هیچ کارێک بکات.

لەم بوارەوە، سەددام هەڵسوکەوتەوکانی زۆر کاریگەر بوو بەکەسایەتی ستالین سەرۆکی یەکێتیی سۆڤییەت کە لەنێوان (١٩٢٢ – ١٩٥٣) لەسەر دەسەڵات بوو.

سەددام لە ماوەی مانەوەی لە شاری قاهیرە بەوردی ژیانی ستالینی خوێندبووەوە، سەددام لەو ماوەیە تەمەنی دەورووبەری (٢٧) ساڵ دەبوو، بەنهێنی دەجولایەوە، بڕیاری گرتنشی هەبوو لەلایەن دەسەڵاتەوە، لەنێوان بەغدا و تکریت هاتوهوچۆی دەکرد.

ئەو دەزگا هەواڵگرییەی دروستی کرد لەژێر ناوی (حەنین) بوو، سەرەتا بچووک و ساکار بوو، بەدرێژایی ڕۆژگار گۆڕانی زۆری بەسەر داهات و بووە دەزگایەکی هەواڵگری بەهێز لە

مێژووی عێراق، کە لە ساڵی ١٩٦٤ دامەزرا، لەچەندین شانە و بازنەی بچووک، ئەندامانی خودی سەددام هەڵیانی دەبژارد، کردار و پلانەکانیشی ڕاستەوخۆ دیاری دەکرد، تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت زۆر لە نهێنییەکانی ئاشکرا نەبوونە، ئەوەی لەسەری نووسراوە و ئاشکرابووە زۆر کەمترە لەوەی ڕوویداوە[١٩].

دەزگای (حەنین) بووە سەرچاوە بۆ هەموو دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان کە لە عێراق پێکهات دواتر، بەتایبەتی لەدوای کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨. دیارە دروستکردنی ئەم دەزگایەش، کاردنەوەیەک بوو بۆ ڕووخاندنی ئەزموونی بەعس لە ٨ی شوباتی١٩٦٣، هەروەها وێرانکارییەکەی حیزبی بەعس لە ١٨ی تشرینی دووەم ١٩٦٣ لەسەر دەستی عەبدولسەلام عارف.

هەر لە هۆکارەکانی دروستکردنی ئەو دەزگایە، ئەوململانێ سیاسییەی لەنێوان حیزبی بەعس و حیزبی شیوعیی عێراقی خولقا پاش کودەتاکەی ٨ی شوبات١٩٦٣، سەرەڕای ئەوەی هەوڵدەدرا ئاگادار بێت و زانیاری ناو دەزگا هەواڵگرییەکانی دەسەڵات وەربگرێت، ئەگەر دژی حیزبی بەعس و کادیرانی بێت[٢٠].

---

(١٩) صدام حسين، محمد عبده، صدام حسين رحلة أم النهاية الخلود من اعتقال الى الاعدام، ص١٩.

(٢٠) سالم جومەیلی، دەزگای هەواڵگریی عێراقی ١٩٦٨ – ٢٠٠٣، وەرگێڕانی: خەسرەو میراودەلی، (سلێمانی، ٢٠٠٤)، ل ١١؛ مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١٤٠)، (بغداد، ايار ٢٠٠٤)، ص٤.

دەزگاکـــە لـــەنێوان ســـاڵانی (١٩٦٤- ١٩٦٦) ڕووی لـــە پەرەسەندن کرد، ژمارەی ئەندامانی زۆرتربوون، بەشێک لەوانە لـە فەرمانـدەکانی میلیشـیای (حـەرس قـەومی) حیـزب بـوون، هەروەها کادیرە سەرکردایەتییەکانی حیزب، ئامانجی سەرەکی دەزگاکـە کـارکردن بـوو بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر دەسـەڵات و گەڕانەوەی حیزبی بەعس بەهەر نرخێک بێت، بۆیە زۆر بەنهێنی و وریایی کاری هەڵدەسوڕاند.

دەزگـــای (حـــەنین) کـــە خـــودی ســـەددام ڕاســـتەوخۆ سەرپەرشـتی دەکـرد، ئەنـدامانی هـەموویان بەشـێوەیەکی نهێنـی کاریـان دەکـرد، ژمارەیـان ئاشـکرانەبوو، لـەناو دامـەزراوەکانی حکوومـەت، دەزگاکـانی ئاسـایش، سـوپا، سـەندیکاکان، حیزبـە سیاسـییە ئۆپۆزیسـیونەکان، باڵیۆزخانـەکانی عێـراق لـە دەرەوە کاریـان دەکرد و دەست و پێیان پەیدا کردبوو، سەددام خۆی ئـەو کەسـانەی دیـاری دەکـرد، بەشـی زۆریشـیان لەسـەر کـاری توندوتیژی و کوشتن و ئەشکەنجەدان ڕاهێنرابوون.

لەو ناوانەی کە ئاشکرا بوون لەناو دەزگاکە:

(**وەهابە کوێر - وەهاب عەبدولوەهاب، جەبار کوردی، ستار کوردی، نازم کزار، فازل بەڕاک، بەرزان تکریتی، قەیس جوندی، کامـل مەعـلاک - کامـل عەبـدوڵلا، محـی مـەرهون، محەمـەد قـەدوری، محەمـەد فـازڵ، عـەلی ڕەزا بـاوە، عـەلی ماما، خالید عەبدولشافی و سەلامە خەیروڵلا**) ئـەو دەزگایـە لـە کۆتاییـەکانی ١٩٦٧ پـەلی هـاوێشت و ئەنـدامانی زۆر بـوون تـاوەکو ژمارەیـەک شـــارەکانی کوردستانیشـــی گرتـــەوە، وەک زاخـــۆ، ســـلێمانی،

هەڵەبجە، خانەنقین، لەباشوریش گەیشتە شاری فاو.

سەددام لە بەغدا ڕۆژانە کۆبوونەوەی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتییەکەی ساز دەکرد، ئەوانی ڕۆڵیان هەبوو لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەزگاکە: (**نازم کزار، خالید عەبدلشافی، سەلامە خەیروڵلا، پاش ماوەیەک چەند کەسێکی دیکەش هاتە پاڵیان وەک: عەدنان خەیروڵلا، بەرزان تکریتی، عەبدولکەریم شێخلی، فەهمی سەعید، عززەت ئیبراهیم ( عزەت دووری)، عەباس سنجاری، زیاد مەجید موسا، نزار وەهاب/ خەڵکی دەربەندیخان**).

هەر بەپێی سەرچاوەکان نزیکەی (٧٢) کورد لە شارەکانی کوردستان ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندییان بەو دەزگایەوە هەبووە.

دەزگاکە پێش ساڵی ١٩٦٨ چەند شوێنێکیان بەکاردەهێنا بۆ خۆشاردنەوە. وەک خانوی کۆن و چۆڵکراو، کارگەی چوڵکراو لە دەورووبەری شاری بەغدا، لەو شوێنانە زیاتر کۆدەبوونەوە و پلانەکانیان دادەڕشت.

بەڵام پاش کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ و گەیشتنی حیزبی بەعس بەدەسەڵات، ئەوا کۆشکی (ئەلینهایە) کە پێشتر ناوی (کۆشکی ڕیحاب) بوو، بووە بارەگای سەرەکیان، لەلایەن سەعدون شاکر و نازم کزارەوە سەرپەرشتی دەکرا، ئەو دووانە هەردووکیان دەستە ڕاستی سەددام حوسێن بوون.

بەپێی ئەو زانیاریانە دەست کەوتووە، ئەم دەزگایە لەو ماوەیەدا چەند کارێکی ئەنجامداوە:

١. تەقاندنەوەی فرۆکەی هەلیکۆپتەری عەبدولسەلام عارف سەرۆک کۆماری عێراق لە نیسانی ١٩٦٦، کە بوو بە هۆی کوشتنی عەبدولسەلام و ژمارەیەک بەرپرسی حکوومەت، ئەوی دەستی لە ئەنجامدانی ئەو کارە هەبووە، وەهابە کوێری ئەو دەزگایە بووە.
٢. کوشتنی ناسر ئەلحانی وەزیری دەرەوەی عێراق لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ لەناو بەغدا.
٣. هەوڵی کوشتنی مەلا مستەفا بارزانی ساڵی ١٩٧٢ لە ناوچەی حاجی ئۆمەران.
٤. کوشتنی عەبدولکەریم شێخلی ئەندامی سەرکردایەتی پێشوو حیزبی بەعس لەناو شاری بەغدا[٢١].

دەزگای هەواڵگری حەنین دوای کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ و گەیشتنی حیزبی بەعس بە دەسەڵات، ناوی گۆڕدرا بووە (مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان) کە هەر سەددام حوسێن (لەو کاتەدا جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو) سەرپەرشتی دەکرد، ئەرکەکانی زیاتر فراوان بوو، هەروەها توانا مادییەکانیش بەهێزتربوو[٢٢].

---

(٢١) محمد فاتح، دەزگای هەواڵگرییەکانی لە عێراقدا ١٩٦٨ – ٢٠٠٣، چاپی یەکەم، (بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی ئاسیا، ٢٠٢٣)، ل ٩.

(٢٢) حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٣١٧.

## سەددام حوسێن لە یادەوەرییەکانی بەرزان تکریتی

ماوەی پاش گەڕانەوەی سەددام بۆ عێراق لە شاری قاهیرەوە، تا ڕوودانی کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە و چالاکییەکانی سەددام حوسێن بەوردی لە یادوەرییەکانی بەرزانی برای باس کراون، بەباشمان زانی بەکورتی بیانخەینە ڕوو:

بەرزان لە یادەوەرییەکانی بەم شێوەیە دەست پێ دەکات و دەڵێت: لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٦٣ خۆم گەیاندە لای سەددام، ناوبراو لە خانویەکی بچووک دەژیا لەگەڵ ساجیدەی هاوسەری، خانوەکە لە دوو ژوور پێکهاتبوو، ژوورێک بۆ سەددام و هاوسەری، ژوورێکیش بۆ من تەرخان کرا. ساڵی ١٩٦٤ دوای هەوڵەکانی حیزبی بەعس بۆ ئەنجامدانی کودەتا و بە ئاشکرا بوونی هەوڵەکە، ژمارەیەکی زۆری سەرکردە و کادیرانی حیزبی بەعس دەستگیرکران، لەناویانیشدا سەددام بوو. من لەگەڵ دایکی عودەی مامەوە، ئەو زۆربەی کاتەکانی لە ماڵی باوکی بەسەر دەبرد. هۆکاری ئاشکرا بوونی هەوڵی کودەتاکە، ئەفسەرێک بوو بەناوی تەها عەبدوڵڵا سوڵتانی ناوبراو زاوای ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، هەواڵی پلانی کودەتاکەی گەیاندبووە دەسەڵات. سەددام خرایە زیندانی ژمارە (١)ی سەربازی لەناو شاری بەغدا، ئەو لە زیندان مایەوە تا سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦٦، کە توانی خۆی دەرباز بکات و هەڵبێت لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی زیندان، ئەوانیش

عەبدولکەریم شێخلی و حەسەن عامری بوون[٢٣].

## کۆنگرەی حیزبی بەعس لە ١٩٦٣ و ڕۆڵی سەددام

دەربارەی ڕووداوەکانی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ و بەستنی کۆنگرەی حیزبی بەعس، هەروەها ڕۆڵی سەددام حوسێن، چەند سەرچاوەیەک بەم شێوەیە باسی دەکەن:

پاش کودەتاکەی ٨ی شوباتی١٩٦٣، سەددام گەیشتەوە بەغدا، ئەو هیواداربوو پێگەیەکی بەرچاوی هەبێت، گونجاوبێت لەگەڵ ئەوەی پێشکەشی حیزبی کردووە، بەڵام ئەو هیوایەی نەهاتەدی.

سەددام خۆی و ئەحمەد تەها عەزوز کە بەشداربوون لە هێرشە چەکدارییەکەی سەر عەبدولکەریم قاسم، پشتگوێ خرابوون، هەردووکیان وەک ئەندام لە مەکتەبی جووتیارانی حیزب دانران، کە بارەگاکەی لە شوقەیەکی بچووک بوو، دیارە ئەو پلەیەش تەنیا پلەیەکی پەراوێزخراو بوو. بۆیە سەددام بەردەوام ناڕازی بوو، دژایەتی خۆی بۆ سەرکردایەتی حیزب دەردەبڕی، گاڵتە و سوکایەتی دەکرد بە عەلی ساڵح سەعدی ئەمینداری سەرکردایەتی حیزب لە عێراق، هەروەها بەکەسانی دیکە لە کادیرە دیارەکان.

**بۆیە کارێکی سروشتی بوو کە سەددام بەشداری هەرکارێک بکات کە زیان بەو سەرکردایەتییە بگەینێت.**

---

(٢٣) برزان التكريتي، السنوات الحلوة والسنين المرة، (بغداد، ٢٠٠١)، ص ٦ – ٧.

سەددام بەکردار و ئازایانە بەشداریکرد لەو ڕووداوەی کە بەشێک لە بەعسییەکان بەکودەتا و کاری ناپاکی گەورە ناویان هێنا، سەددام هاوکاری هەڵمەتەکەی عەبدولسەلام عارفیشی کرد لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بۆ کۆتایی هێنان بە ڕۆڵی (حەرەس قەومی) بەتایبەتی لەگەڵ ئەفسەرانی وەک: تاهیر یەحیا، ڕەشید موسلێح، ئەحمەد حەسەن بەکر، حەردان تکریتی بۆ دژایەتیکردنی ئەو سەرکردایەتییەی حیزب، کە شەرعییەتی بەدەستهێنابوو[٢٤].

سەددام لە هەر دەرفەتێک دەگەڕا بۆ ئەوەی بگاتە ناو ڕووداوەکانی دەسەڵاتی حیزبی، ئەو دەرفەتەش لە پایزی ١٩٦٣ بۆی هاتە پێش. دوای ئاڵۆزبوونی دۆخی ناوخۆی حیزب لەنێوان بەرەی عەلی ساڵح سەعدی و بەرەی بەکر + حازم جەواد، سەددام دەرفەتەکەی لەدەست نەدا خۆی گەیاندە نووسینگەی حازم جەواد وەزیری ناوخۆ لەو سەردەمە، ناڕەزایی خۆی لەو کێشە و ململانێیە ناوخۆییانەی حیزب دەربڕی، ڕەخنەشی لە سەعدی و هاوڕێکانی گرت، لەهەمان کاتدا ئامادەیی خۆی بۆ حازم جەواد دەربڕی بۆ ئەوەی ئەوانە بگەڕێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست، سەددام بە حازمی وت ئەو جۆرە کێشانە بە کۆنگرە و کۆبوونەوەی حیزبی چارەسەر ناکرێن، بەڵکو پێویستە یەکلابکرێنەوە (واتە ئەوانە بکوژرێن)، بەڵام حازم دژی بیرۆکەی سەددام بوو، ڕەتیشی کردەوە، بەڵام هەر سوور بوو لەسەر

(٢٤) غسان شربل، العراق من حرب الى حرب صدام مر من هنا، ص٤٠ – ٤١.

بیرو بۆچوونەکەی خۆی، لەوەڵامدانەوەی بە حازم وتی: تۆ دەبێتە هۆی لەناوبردنی شۆڕش، بەرانبەر بە کوشتنی (١٠ – ١٥) کەسێک[٢٥].

پاش چەند ڕۆژێک، واتە لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بڕیاری بەستنی کۆنگرەیەکی نائاسایی درا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی حیزب، پێشتر پلانێک داڕێژرابوو لەنێوان ئەحمەد حەسەن بەکر و حازم جەواد بە ئاگاداری خودی عەبدولسەلام عارف سەرۆک کۆمار، بەپێی ئەو پلانە هێزێکی چەکدار بەسەرکردایەتی عەقید محەمەد حوسێن مەهداوی، کە سەددام حوسێن یەکێکیان بوو ڕژانە ناو هۆڵی کۆنگرە، دەستیان بەسەر هۆڵەکە داگرت و هەرکەسێک نارازی و ڕەخنەی بگرتایە هەڕەشەیان لێدەگرت، ئاراستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەیان گۆڕی و ئەوەی ویستیان کرا بەبڕیار. هەر لەهەمان ڕۆژدا، سەددام حوسێن لەگەڵ دەستەیەکی چەکدار پەلاماری ئێزگەی حکوومەتیاندا و دەستیان بەسەریدا گرت، بەڵام لەناو شەقامەکانی بەغدا، شەڕ و تەقە کردن لەنێوان لایەنگرانی هەردوو بەرە ڕوویدا، بەتایبەتی لە ڕۆژ ١٣ی تشرینی دووەم.

ئیبراهیم زوبەیدی هاوڕێی دێرینی سەددام، لە کتێبەکەی خۆی (دولة الاذاعة) نوسیویەتی: سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بەبەرچاوی خۆم دیتم کەسێک بەناوی زیا عەبدولڕەحیم کە بەرپرسێکی حەرس قەومی بوو قۆڵی

---

(٢٥) ابراهيم الزبيدي، دولة الاذاعة، الطبعة الثالثة، (بيروت، ٢٠٠٨)، ص ٢٧٠.

سەددام حوسێنی گرتبوو هێنایە ژوورەوە ناو باڵەخانەی ئێزگە لە گەڕەکی ساڵحیە، داوای لە پاسەوانەکان کرد لە ژوورێک بەندی کەن، بەڵام پاش سێ ڕۆژ واتە لە ١٨ی تشرینی دووەم حەردان تکریتی سەددامی وەک کەسی سەرپەرشتیار بەسەر ئێزگەوە دیاری کرد، هەروەها عەدنان خەیروڵڵاش وەک بەرپرسی پاسەوانەکانی ئێزگە[٢٦].

## حیزبی بەعس پاش کودەتاکەی عەبدولسەلام عارف

ئەو بارودۆخەی بەسەر دەسەڵاتەکەی حیزبی بەعسدا هات، ململانێییەکی توندی خوێناوی بوو لەنێوان باڵ و سەرکردەکانی، ڕێگای خۆشکرد بۆ سەرۆک کۆمار عەبدولسەلام عارف و چەند ئەفسەرێکی نەتەوەخواز لە هەوادارانی سەرۆک جەمال عەبدولناسر، بۆ کۆتایی هێنان بە ڕۆڵی حیزبی بەعس بەهەموو ئاراستەکانی لە ڕۆژی ١٨ی تشرینی دووەمی١٩٦٣.

پاش کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی حیزبی بەعس، هەر لەسەروبەندی ئەو دۆخە، چەند کادیرێکی حیزبی بەعس لە باڵەکەی عەلی ساڵح سەعدی، دەستیان گرت بەسەر موڵک و پارە و کەرەستەکانی حیزب، ئەنجوومەنێکیشیان پێکهێنا لەژێر ناوی لێژنە ڕێکخستنی هەرێم بەمەبەستی سەرپەرشتیکردنی

---

(٢٦) ابراهيم الزبيدي، دولة الاذاعة، ص٢٧١.

کاروبارەکانی حیزب لەمانگی کانونی یەکەمی ١٩٦٣، بەڵام پێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنە لەلایەن باڵەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر و حازم جەواد جێگای قبوڵکردن نەبوو، ئەوان ئەو هەنگاوەیان بەکارێکی نایاسایی و ناشەرعیان زانی، هەروەها ئەندامانی ئەنجوومەنەکەیانیش تاوانبار کرد بەوەی هۆکاری ئەو دۆخەن کە بەسەر حیزبدا هاتووە. ئەنجام بارودۆخی حیزبی بەعس بەو جۆرە پڕ کێشە و ململانێ درێژەی کیشا تاوەکو تەمووزی ١٩٦٤.

لە مانگی تەمووزی ١٩٦٤ لەشاری دیمەشق کۆبوونەوەیەک سازکرا بە ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی حەوتەمی حیزبی بەعس، لە پەراوێزی ئەو کۆنگرەیە بڕیار لەسەر پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی سەرکردایەتی درا بۆ حیزبی بەعس لە عێراق، ناویشی لێنرا (سەرکردایەتی کاتی هەرێم) ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە سەرکردایەتییە لەلایەن خودی میشیل عەفلەقەوە دیاری کران و بریتیی بوون لە(٢٧): ئەحمەد حەسەن بەکر، عەبدولکەریم شێخلی، سەددام حوسێن، خەیری عەبدولقادر حەدیسی، حەسەن عامری، ساڵح مەهدی عەماش، ئامانجی سەرەکی ئەو ئەنجوومەنە، کارکردن بوو بۆ ڕێکخستنەوەی حیزب و هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی سەر دەسەڵات بوو.

---

(٢٧) ساره بن زكه، الاحزاب القومية في الوطن العربي؛ حزب البعث العربي الاشتراكي- في العراق (١٩٤٨ - ٢٠٠٣)، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة محمد بن خضر، سكرة، الجزائر، ٢٠١٦)، ص٥٧

بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە، پلانی کودەتا دارێژرا، کادیرە سەربازییەکانی حزب ڕۆڵ و ئەرکیان دیاریکرا، ڕۆژی ٥ی ئەیلوولی ١٩٦٤ دانرا بۆ ئەنجامدانی کودەتاکە، بەڵام دەزگای ئیستخباراتی سەربازی حکوومەت ئەو دەنگوباسانەی پێگەیشت، بۆیە بەچەند پەرچەکردارێک ڕێگای لەو کودەتایە گرت.

دەسەڵات هەڵمەتێکی گرتنی فراوانی دەست پێ کرد، ژمارەیەکی گەورەی کادیر و سەرکردەکانی حیزبی بەعسی دەستگیر کرد، هەر بۆ پشتگیرکردنی حکوومەتەکەی عەبدولسەلام عارف، ئەوا حکوومەتی میسر هێزێکی سەربازی لە (٦٠٠) سەرباز و ئەفسەر پێکهاتبوو ڕەوانەی بەغدا کران.

لەو کەسانەی دەستگیریش کران: ئەحمەد حەسەن بەکر و ژمارەیەک لە ئەفسەرە بەعسییەکان، لە سەرکردە مەدەنییەکانیش، حەسەن عامری، خەیری عەبدولقادر حەدیسی، عەبدولکریم شێخلی، سەددام حوسێن، هەروەها بارەگا و شوێنە نهێنییەکانی حیزبی بەعس دەستیان بەسەر داگیرا و چەندین بەلگەنامە و کەرەستەیان بەردەست کەوت.

بەم شێوەیە ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعس زیاتر پەرش و بڵاوبوونەوە و پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ سەرکردایەتییەکان بڕا، ڕۆژی ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦ کۆنگرەیەکی نائاسایی حیزبی بەعس لە عێراق بەسترا، ئەویش دوای ئەوەی ژمارەیەک لە کادیر و سەرکردەکانیان لە زیندان ئازاد کران، هەروەها سەددام حوسێن و عەبدولکەریم شێخلی و حەسەن عامری

توانیان خۆیان ڕزگار بکەن و لە زیندان هەڵبێن.

لەو کۆنگرەیە سەرکردایەتییەکی نوێ هەڵبژێردرا، کە بریتی بوون لە: ئەحمەد حەسەن بەکر، سەددام حوسێن، تەها یاسین ڕەمەزان، ساڵح مەهدی عەماش (٢٨).

**دەربارەی گرتنی سەددام و هەڵاتنی بەم شێوەیە باس کراوە**

بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی لەسەردەمی عەبدولسەلام عارف، ک ەناوی ڕەشید موحسن-ە، ڕووداوەکەی بەم شێوەیە باس کردووە:

پاش شکست هێنانی هەوڵی کودەتا لە ساڵی ١٩٦٤ هەندێک دەنگوباس و زانیارییان پێگەیشت دەربارەی شوێنی خۆ شاردنەوەی سەددام حوسێن هێزێکمان نارد و شوێنەکەیان گەمارۆدا، داوایان لێی کرد خۆی بداتە دەست، بەڵام ئەو تەقەی لە هێزەکە کرد، پاشان هێزەکە پەلاماری ماڵەکەیاندا و سەددامیان دەستگیر کرد.

پێشتر ئێمەی زانیاریمان لەسەر سەددام هەبوو کە پیاوێکی شەڕانی و لاسارە، بۆیە داوام لە لێژنەی لێکۆڵینەوە کرد کە ڕەفتاریان باش بێت لەگەڵی ئەشکەنجەی نەدەن، بەڵکو تەنیا لە زیندان بێت، پاش چەند ڕۆژێک داوام کرد سەددام ئامادە بکەن بۆ لام، سەددامیان هێنا هەردوو دەستی بەسترابووەوە، دەستیان کردەوە لەسەر کورسییەک دانیشت، دواتر چایان بۆهێنا، داوام

(٢٨) ساره بن زكه، الاحزاب القومية في الوطن العربي، ص ٥٨.

لە سەددام کرد هاوکاری ئاسایش بکات و ناوی پیلانگێران ئاشکرا بکات، زۆر بەخێرایی بەدەنگی داواکەم هات، ئەو هاوکاری و پەیوەندییەی نێوانمان ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا تا پاش هەڵاتنی لەزیندان[٢٩].

### سەددام کار بۆ دروستبوونەوەی بەعس دەکات

دوو ساڵی دوای ئەو ڕووداوانە و لەنیوان (١٩٦٦- ١٩٦٧) سەددام حوسێن لەژێر چاودێری و ڕێنمایی ئەحمەد حەسەن بەکر دەجولایەوە، کاری دەکرد بۆ دروست بوونەوەی ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعس، ئەویش دوای ئەو دووبەرەکییەی ڕوویدا، پاکردنەوەی ڕێکخستنەکانیان لە ئەندام و کادیرانی ئاراستەی چەپ باڵی عەلی ساڵح سەعدی یەک لە ئەرکەکانیان بوو، ئەوانە تاوانبار کرابوون کە بوونەتە مارکسی، لەم بوارە ئەندامانی دەزگای (حەنین)، ئامرازی سەرەکی ئەو کارانەبوون، سەددام حوسێن دەیانی جولاند و ئاراستەیانی دەکرد.

ئەو دەزگایە نیمچە سەربازی بوو، لە کۆمەڵە شانەیەکی چەکدار پێکهاتبوو، بێ ئەوەی یەکتر بناسن، بەشێکیانیش ئەرکیان چاودێری و زانیاری کۆکردنەوە بوو، پاشان لە ١٩٦٨ بەدواوە بەشێکی زۆریان لە کۆشکی (ئەلنیهایە) لە لیژنەکانی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان کاریان دەکرد.

دەکرێت سەددام حوسین لەو سەردەمە بەکەسێکی توندڕە

---

(٢٩) ابراهيم الزبيدي، دولة الاذاعة، ص٢٧١.

و نـاو بـەرین، بـەهۆی هەڵسـوکەوتی گـەرم و توونـدوتیژ و هەڵچوانـەی بەو شـێوازەکە لـە چالاکی حیزبی بەردەوام بووە، بۆیـە هەڵسـوکەوتی جێگـای سەرسـورمانی خـودی ئەحمـەد حەسـەن بـەکر (ئەمینـداری سـەرکردایەتی حیزبی بـەعس) بـوو، هەر جێگایەک کێشەیەکی تایبەتی بەحیزب تێدا بووایە، سـەددام لـەوێ ئامـادە بـوو، وارێکدەکـەوت سـەر بـەیانی کۆبوونـەوەی لـە ناوچەی ڕەسافەی شاری بەغدا بـەڕێوە دەبرد، سـەر لـە ئێوارە بۆکارێکی دیکە لە شاری کەرکوک بوو، یاخود دوای ڕۆژێک لـە ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق بوو.

لـە بەرانبـەر ئەندامانی دیکـەی سـەرکردایەتی حیزبی بـەعس نموونـەی کـەریم شـێخلی، عەبـدولخالق سـامەرایی، زۆربـەی کاتـەکانیان لـەناو خێـزان و کـەس و کاریـان، یـان یانـە و چایخانەکانی بەسەر دەبرد.

ئەندامانی دەزگای حەنین لە زۆربەی ناوچەکانی شاری بەغدا بڵاوببونـەوە بۆ چاودێری لـە هـەمان کاتدا پارێزگاری کادیر و سـەرکردەکانی حیزبیـان دەکـرد، دژایـەتی و بەربـەرەکانی چالاکییـەکانی حیزبی شیوعیی عێراقیان دەکرد، لـە ٣ی نیسانی ١٩٦٧ سەددام بەرەو ڕووی هەوڵێک بووەوە بۆ کوشتنی، بـەڵام ڕزگاری بوو ئەگەرچی بەسووکی بریندار بوو[٣٠].

---

(٣٠) مهدی حمید، صدام حسین، ڕوایة، (بیروت، منشورات الجیل، ٢٠٠٣)، ص٣١.

**تەواو كردنی خوێندنی یاسا**

سەددام كاتێک لە زیندان هەڵهات، بەهاوكاری چەند كەسێک، دواتر بە هەوڵی چەند سیاسەتمەدارێكی ئەو سەردەمە، توانرا لەگەڵ دەسەڵات بگەنە ڕێككەوتنێک و كێشەكەی چارەسەربكرێت.

لە ئەیلوولی (١٩٦٦) بەشداری كرد لە خوێندنی یاسا لە شاری بەغدا، سەددام پێشتر بڕوانامەی خوێندنی قوتابخانەی دوا ئامادەیی لە شاری قاهیرە بەدەست هێنابوو، بەڵام دیسان بۆی نەكرا بەهۆی سەرقاڵی بەكاری حیزبایەتییەوە خوێندنی یاسا تەواو بكات، تا ساڵی ١٩٧١ كاتێک گەیشتە دەسەڵات لە زانكۆی موستەنسرییە بۆی تەواو كرا.

سەددام ئەگەرچی لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە بەرچاونەبوو، لەناو كۆمەڵان نەناسرابوو، بەڵام لەناو زانكۆ زوو دەركەوت و تێكەڵی كاری سیاسی دەبوو. ناوبراو لە كاری سیاسی شێوازی نەرم و ئاشتیانە نەبوو، بەڵكو كەسێكی پڕ كێشە و شەرانگێز و توندبوو، بیروباوەڕەكانی توندڕەوی پێوە دیار بوو، بەردەوام (٤- ٥) كەسی وەک پاسەوان بەدەورەوە بوو، دیارە ئەوانە ئەندامی دەزگای (حەنین) بوون، دەمانچەشیان هەڵگرتبوو.

نووسەری كتێبی (صدام حسين – الحياة السرية) نووسیوویەتی هیچ قوتابییەكی زانكۆ لەو سەردەمە پێی خۆش نەبووە هاوڕێیەتی سەددام بكات، لەبەر ئەوەی بیروبۆچوونەكانی لە سیاسەتدا پەسند نەبوو لایان،

هەڵسوکەوتیشی نائاسایی بوو.

خوێندکارانی زانکۆ ناویان لەپاسەوانەکانی سەددام نابوو (سەددامییەکان) بە زۆری ئەو پاسەوانانە، هەمان شێوەی (کراس ڕەشەنازییەکان) بوون، کە لە ساڵانی سییەکان پەلاماری کەسانی چەپخواز و مارکسییەکانیان دەدا لە ئەڵمانیا[٣١].

### سەرکردایەتیکردنی خۆپیشاندانەکان

لە ماوەی مانگەکانی کۆتایی ١٩٦٧ و سەرەتاکانی ١٩٦٨، حیزبی بەعس بەشداری کردووە لەو زنجیرە خۆپیشاندان و مانگرتنانەی شەقامەکانی شاری بەغدای گرتبوووە، بەهۆی دارمانی باری ئابووری و تێکشکانی سوپاکانی عەرەب لە جەنگی ١٩٦٧ دژ بە ئیسرائیل. لەو ڕووداوانە سەددام حوسێن ڕۆڵی بەرچاوی گێراوە، بەتایبەتی ئەوانی لەناو زانکۆکانەوە بەرپا دەبوون.

ئەوەی جێگای سەرنجدانە، سەددام و گروپەکەی زۆرجار دژی خۆپیشاندانی ئۆپۆزیسیۆنیش دەجولانەوە و کاری توندوتیژیان ئەنجامدەدا.

حیزبی بەعس لەو هەڵسوکەوتەی مەبەستی ئەوە بوو کە خۆی شەقام کۆنترۆڵ بکات و ڕۆڵی سەرەکی بگێرێت لەو ڕووداوانەدا.

---

(٣١) د. علی کریم سعید، من حوار الافکار الی حوار الدم، (بیروت، دار الکنوز، ١٩٩٩)، ص٣١.

هەندێک جار سەددام و چەند پیاوێکی لە ئەندامانی دەزگای (حەنین) بەدەمانچە تەقەیان دەکرد، یاخود بەچەقۆ پەلاماری ئەوانەیان دەدا لەناو خۆپیشاندانەکان بوون و سەر بە حیزبی شیوعیی عێراقی بوون(٣٢)،

**سەددام لەکۆنگرەی سەرکردایەتی نەتەوایەتی حیزبی بەعس**

مانگی کانونی دووەمی ١٩٦٧ لە شاری بەیروت کۆنگرەی سەرکردایەتی نەتەوایەتی حیزبی بەعس دەبەسترێت، بەمەبەستی سارێژ کردنی برینەکان و یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆییەکان لەگەڵ باڵی حزب لە سوریا.

سەددام هەرچەندە ئەندام نەبوو لەو کۆنگرەیە و بەشداریشی تێدا نەکردووە، بەڵام هەوڵیدا بەهۆی هاوڕێیەکی عەبدولکەریم شێخلی کاندید بکرێت بۆ سەرکردایەتی، بەڵام لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنگرە ئامادە نەبوو ناوی سەددام لە لیستی پاڵێوراوان تۆمار بکرێت، ئەوان سەددامیان بەکەسێکی شیاو بۆ ئەو پێیگەیە بەباش نەزانیوە، بەڵکو وەک کەسێکی بەرەڵا و چەقوکێش تەماشا کراوە(٣٣).

(٣٢) سعيد أبو ريش، صدام حسين، سياسة الانتقام، (لندن، ٢٠٠٠)، ص٧٩.

(٣٣) كولن كوغلن، صدام حسين الحياة السرية، ص ٩٠ – ٩١.

## باسی چوارەم: کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨

### بارودۆخی سیاسی عێراق پێش کودەتاکە

پێش ئەوەی ئاماژە بۆ هەنگاوەکانی پرۆسەی کودەتاکە و ڕۆڵی سەددام حوسێن لەو کودەتایە بکەین، وا بەباش دەزانین تیشکێک بخەینە سەر بارودۆخی سیاسی لە عێراق، ئاماژە بۆ هێزە سیاسییە سەرەکییەکان بکەین(٣٤):

١. لایەنە نەرێنییەکانی ڕژێم، وەک سەرنەکەوتنی لە بواری سیاسی، نوشستی هێنان لە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە سۆسیالستییەی بڵاویان کردەوە، ئەنجام دارمانی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک و لاوازی توانا ئابوورییەکان بە دوای خۆیدا هێنا.

٢. پەرەسەندنی دیاردەی هۆزایەتی و تائیفی و سیاسی.

٣. درێژە پێدانی بزووتنەوەی چەکداری کورد بێ ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.

٤. تێکشکانی عەرەب لە جەنگی ٥ی حوزیرانی ١٩٦٧ بەرانبەر ئیسرائیل.

٥. نوشستی هێنان لە بواری سیاسەتی نەوت بەرانبەر کۆمپانیاکان.

٦. بەردەوامی کێشەکانی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی لە وڵات.

---

(٣٤) عبدالخالق حسن، الطائفية السياسية في العراق و مشكلة الحكم، (بغداد، ٢٠١١)، ص١٨١؛ كولن كوغلن، صدام حسين الحياة السرية، ص ٩٣.

ئەو دۆخە بە گشتی کاردانەوەی بەسەر ڕژێمی سیاسی لە عێراقدا هەبووە. لەم بارەیەوە دەکرێت خەسڵەتەکانی ڕژێم لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١. لاوازی دەسەڵات لە ئاستی ڕووداوەکانی ناوخۆیی و دەرەکی، بەتایبەتی خودی سەرۆک کۆمار.

٢. ناسەقامگیری سیاسی هەمیشەیی.

٣. دەسەڵاتداری سەربازی و نەبوونی ژیانی پەرلەمانی.

٤. مۆرکی دەسەڵاتی سیاسی تائیفی و بنەماڵەیی بەسەر دەوڵەت.

**نەخشەی سیاسی وڵات، ئاراستە سیاسیە سەرەکییەکان**

**یەکەم:** ئاڕاستەی نەتەوەیی عەرەب (عەرەبچێتی)، خۆی بەرجەستە دەکات: لە هێزی ناسرییەکان (هەوادارانی سەرۆک جەمال عەبدولناسر)، حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، عەرەبچییە عێراقییەکان (گروپی عەبدولعەزیز عوقەیلی).

**دووەم:** بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ئەم بزووتنەوەیە خۆی لە دوو ئاراستە بەرجەستە دەکرد:

١. پارتی دیموکراتی کوردستان، بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی.

٢. پارتی دیموکراتی کوردستان، باڵی (ئیبراهیم ئەحمەد – جەلال تاڵەبانی).

**سێیەم**: هێزی تورکمانەکان، ئەوانیش دوو ئاراستەی سیاسی بوون:

١. ئاراستەی ئیسلامی (بزووتنەوەی ئاینییە عوسمانییەکان).

٢. ئاراستەی نەتەوەیی عیزەددین قۆجە، سەرۆکی ڕێکخراوی دیموکراسییە تورکمانەکان، لیوا کەمال حەسەن مستەفا.

**چوارەم**: ئاراستە چەپ و مارکسی

١. حیزبی شیوعیی عێراقی، (لیژنەی مەرکەزی).

٢. حیزبی شیوعیی عێراق، (قیادەی مەرکەزی).

٣. ڕێکخراوە بچووکە جیابووەکان.

**پێنجەم**: ئاراستە ئیسلامییەکان لە عێراق

١. کۆمەڵەی برایانی موسڵمان.

٢. ٢حیزبی تەحریری ئیسلامی.

٣. حیزبی دەعوەی ئیسلامی.

٤. بزووتنەوە ئیسلامییە بچووکەکان.

## کودەتای ١٧ی تەمووز و ڕۆڵی سەددام حوسێن

بەرزان تکریتی برای سەددام حوسێن لەدایکییەوە، لە یادەوەرییەکانی خۆی نووسیویەتی: بەهۆی ڕووداوەکانی ناوخۆی حیزب و پەرش و بڵاوبوونەوەی ڕێکخستنەکان، حیزبی بەعس زۆر لاواز ببوو، بێ ئومێدی زاڵبوو بەسەر دەورووني زۆرینەی بەعسییەکان، بەڵام سەددام دەستی بۆ کۆکردنەوە و

ڕێکخستنەوەی حیزب سەر لە نوێ بەکارکردن کرد، لەم بارەوە شەو و ڕۆژی خستە سەریەک[٣٥].

نووسەری (نواطیر الغرب) بەم شێوەیە دۆخی حیزبی بەعس دەخاتە ڕوو لەو ڕۆژگارەدا[٣٦]: پرسیارێکی گەورە و گرنگ خۆی دەسەپێنێت، ئەویش ئەوەیە: ئایا حیزبی بەعس لە عێراق (باڵەکەی میشیل عەفلەق) لەو هێز و توانایەدا بوو، بەو ئاستەی بیر لە حوکمڕانی عێراق بکاتەوە، یان بتوانێت دەسەڵات بگرێتە دەست، لەنێوان ئەو هەموو هێزە سیاسییە ڕکابەرەی گۆڕەپانەکە؟ نووسەر هەر خۆی وەڵامدەداتەوە و دەڵێت: دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە بەم شێوەیە دەبێت، ئەویش پاش گەڕانێکی ورد بۆ بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە، ئەندامانی حیزبی بەعس یاخود چالاکی حیزبی بەعس زۆر بەدژواری بەرچاو دەکەوت، ئەوان لە پەراوێزی کاری سیاسیدا بوون، لە گەورەترین قەیران دەژیان بەتەواوی پەککەوتەو بێ ئومێد بوون، هەندێک لایەن بۆیان دەگریان، کەسانی دیکەش نەفرەتیان لێدەکردن.

لای خۆیەوە بەرزان تکریتی، باس لە ڕۆڵی سەددام لەدانانی پلانی کودەتا و جێبەجێکردنی دەکات: چەند ئەفسەرێکی ناو

---

(٣٥) حنا بطاطو، العراق الكتاب الاول، ترجمة: عفيف الرزار، (بيروت، مؤسسة الابحاث العربية، ١٩٩٢) ص٣١٠؛ عبدالخالق حسن، الطائفية السياسية في العراق ومشكلة الحكم، ص١٨١؛ برزان التكريتي، السنوات الحلوة والسنين المرة، ص ٨.

(٣٦) حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٤٨٢.

سـوپا وەک حـەردان تکریتـی هاوکـاری سـەددامیان کـرد بـۆ پەیوەندیی و ڕاکێشـانی ئەفسـەرانی دیکـە و بەشـداریکردنیان لـە کودەتاکە، یەک لەوانە: حومـادی شـیهاب بـوو، فەرماندەی لیـوای (١٠) زرێپۆش، ئەو ئەفسـەرە لـە ماڵی عەبدولکـەریم خـەربیت لـە شاری ڕومادی لەگەڵ سەددام کۆبووەوە، حومـاد شـیهاب ڕازی بـــوو بەشـــداری کودەتاکـــە بکـــات[٣٧]، بـــەڵام دەربـــارەی بەشداریکردنی عەبدولڕەزاق نایف و عەبدولرەحمان داود، بەپێی گێرانـــەوەی بـــەرزان تکریتـــی بـــەم شـــێوەیە بـــوو[٣٨]. نـــایف بەڕێوەبەری ئیستخباراتی سەربازی بوو، ئەو هەواڵ و زانیـاری پێگەیشتبوو، بەعسییەکانی لە هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کودەتا لـە چەنـد ڕۆژی داهـاتوو، هـەروەها ئـەو هـەواڵی ئـەوەی زانیبـوو سـەعدوون غیـدان فەرمانـدەی کەتیبـەی دەبابـەکانی پاسـەوانی کۆمـاری بـەهۆی حـەردان تکریتییـەوە پەیوەنـدی پێـوەکراوە و ڕازی بـووە بەبەشـداریکردن . بۆیـە نـایف بەسـەردانێکی کتـوپڕ هەڵسـا بـۆ لای ئەحمـەد حەسـەن بـەکر، سـەردانەکە لای بـەکر جێگای گومان بوو، پاش چـای خواردنـەوە نـایف هەڵسا بڕوات، بـــەدەم ڕێگـــای چوونـــەی دەرەوە بەبـــەکری وت؛ ئومێـــدی سـەرکەوتنتان بـۆ دەخـوازم، بـەکر وەڵامـی دایـەوە و وتـی: مەبەسـتت چییـە؟ نـایف وتـی تـۆ دەزانـی مەبەسـتم چییـە، ئیتـر

---

(٣٧) نواطير الغرب، حسن السعيد، المصدر السابق، ٤٨٢

(٣٨) برزان التكريتي، السنوات الحلوة والسنين المرة، ص ٨؛ غسان شربل، العراق من حرب الى حرب صدام مر من هنا، ص١٠٤.

چووە دەرەوە. دواتر بەکر پەیوەندی بە سەددام دەکات و داوای لێکرد ئامادە بێت، سەددام کاتێک گەیشتە لای بەکر تەماشای کرد بەکر لەبارێکی سروشتی نییە، ڕووداوەکەی بۆ سەددام گێڕایەوە، دوای وتی: کارەکەمان ئاشکرا بووە، سەددام داوای لە بەکر کرد، داوا بکە نایف ئامادە بێت لێرە، پێی ڕاگەیاند دەزانیت چی پێ دەڵێت، بەکر بە دوای نایفی دەنێرێت. سەددام حوسین بە نایف دەڵێت: باوکی هەیسەم (مەبەستی بەکر بووە) ئاگاداری کردمەوە بەوەی ڕوویدا، تۆ برای ئێمەی، ئێمە پێشتر بۆیە تۆمان ئاگادار نەکردەوە بۆ ئەوەی تووشی حاڵەتێکی نالەبار نەبێت، بەڵام ئێمە بڕیارماندا بوو لەکاتی دەست پێ کردن بەشدار بێت، ئێستا وابەم شێوەیە ڕووداوەکان هات، خێری پێوەیە تۆش یەکێکی لە ئێمە.

عەبدولڕەزاق نایف وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: ئەگەر من هەر بەشدارییەک بکەم ئەوا سەرۆک وەزیران دەبێت بەشی من بێت، عەبدولڕەحمان داودیش وەزیری بەرگری بێت، سەددام لەسەر داواکانی ڕازی دەبێت.

لە سەرچاوەیەکی دیکە ئەو ڕووداوە و بەشدارپێکردنی نایفی لەو کودەتایە بەم شێوەیەکی دیکە باس دەکات و نووسیویەتی: پێش چەند کاژمێرێک لە دەست پێ کردن، ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە ماڵی بەکر کۆبوونەتەوە، لەو ساتانەدا دەرگای ماڵەکە لێدراوە، بەکر خۆی چووەتە دەرەوە تا بزانێت چییە، کە گەڕاوەتەوە باری دەروونی باش نەبووە، ڕەنگ و ڕووی ئاسایی نەبووە، نامەیەکیشی بەدەستەوە بووە،

نامەکەی خستووەتە بەردەم ئەندامانی سەرکردایەتی. نامەکە بەهۆی ئەحمەد موخلیس گەیشتووە، ناوبراو ئەفسەرێکی ئیستخباراتی سەربازی بووە، تێیدا هاتبوو: برام ئەبو هەیسەم، پێم گەیشت کە ئێوە پاش چەندە کاتژمێرێکی دیکە بە شۆرش هەڵدەستن، هیوادارم سەرکەوتووبن و پێم خۆشە بەشداریتان بکەم. ئیمزا: عەبدولرەزاق نایف، بەڕێوەبەری ئیستخباراتی سەربازی.

دوای مشتومڕکی زۆر لەلایەن ئامادەبووان، سەددام حوسێن بیرۆکەی بەشداریکردنی نایفی دەخاتە ڕ،و، بەڵام هەر خودی سەددام بیرۆکەی کۆتایی هێنانی بە ڕۆڵی نایف و داودیش باس دەکات، بەم شێوەیە سەرکردایەتی بەعس ڕازی دەبن لەسەر ئەو بیرو بۆچوونانەی سەددام.

**سەددام و ڕۆڵی لە کودەتاکە**

ڕۆژی ١٦ی تەمووزی ١٩٦٨، دوای نانخواردنی نیوەڕۆ بەرزان تکریتی لە یادەوەرییەکانی نووسیویەتی: سەددام پێی وتم: چەک و کەرەستەکانی دیکە با بخەینە ناو ئۆتۆمبیلەکان، سەددام ئۆتۆمبێلێکی جۆری (مارسیدس) و منیش ئۆتۆمبیلێکی جۆری (فوگس واگن) مان هەبوو، چەک و جل و بەرگە سەربازییەکانمان خستە ناو ئۆتۆمبێلەکان و دواتر کەوتینە ڕێ. گەیشتینە ماڵی سەعدوون شاکر لە ناوچەی مەنسور، لەوێ کۆمەڵێک لە ئەندام و کادیرانی حیزبی بەعس کۆببوونەوە، چەک و کەرەستەکانمان بەسەریاندا دابەشکرد، پاشان بەرەو ماڵی

عەبدولکەریم نەدا ڕۆیشتین، لەوێ سەرکردایەتی حیزبی بەعس ئامادەبوون، سەددام لەوێ داوای لێکردم جل و بەرگی سەربازی لەبەربکەم، دوای نزیکەی یەک کاتژمێر، هەموو بە سواری ئۆتۆمبێلێکی لۆری بەرەو کەتیبەی پاسەوانانی کۆشکی کۆماری بەڕێکەوتین. ئەحمەد حەسەن بەکر و سالّح مەهدی عەماش لەناو ئۆتۆمبێلی عەماش بوون، هەروەها ئەنوەر حەدیسیان لەگەڵ بوو، لەدوای ئەوانەوە ئۆتۆمبێلی حەردان تکریتی کە دوو کەسی لەگەڵدا بوون و سەعدوون شاکر ئۆتۆمبیلەکەی لێدەخوری، بەڵام سەددام لەگەڵ ئێمە لەناو لۆرییەکە سەرکەوت. کاتێک گەیشتینە دەرگای کەتیبەی دەبابەکانی پاسەوانی کۆماری دەنگێکی بەرز داوای لێکردین بوەستن، فەرماندەی پاسەوانەکان هاتە پێشمان و پرسیاری لێمان کرد، لەو کاتەدا سەعدوون غیدان دەرکەوت، داوای لە پاسەوانەکان کرد دەرگا بکەنەوە، چوینە ژوورەوە، دابەش بووین هەندێکمان (مەشجەبی) چەکەکانمان دەست بەسەر داگرت، بەشێکمان ئەوانی شارەزا بوون چوونە سەر دەبابەکان، چەند کەسێکمانیش چووینە ناو هۆڵی سەربازەکان، ئەوانی گومانمان هەبوو بەرانبەریان لە ژوورێک بەندمان کردن. پاشان سەرکەوتینە سەرپشتی دەبابەکانی و بەرەو دەرگای سەرەکی کۆشکی کۆماری بەڕێکەوتین، کە گەیشتینە بەر دەرگای کۆشکی کۆماری دەبابەکان وەستان، سەددام لەسەر دۆشکەی یەک لە دەبابەکان بەچەکی دۆشکە چەند تەقەیەکی کرد، دواتر یەک لە دەبابەکانی بەتۆپەکەی تەقەی لە پەنجەرەکانی کۆشکی کرد،

پاشان حەردان تکریتی و چەند کەسێکی دیکە چوونە ژوورەوە بۆ لای عەبدولڕەحمان عارفی سەرۆک کۆمار، سەرۆک کۆماریان لەگەڵ خۆیان هێنا دەرەوە و بردیان بۆ لای ئەحمەد حەسەن بەکر لە بارەگای کەتیبەی دەبابەکان، دوای کاتێکی کەم لە بارەگای کەتیبەوە بە ئۆتۆمبێل سەرۆک کۆماریان گەیاندە فرۆکەخانە، کە یەکسەر بەفرۆکە بەرەو شاری لەندەن ڕەوانە کرا[٣٩].

**ڕووداوەکانی ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨**

هەر لە ڕۆژانی یەکەمی سەرکەوتنی کودەتاکە بەسەر ڕژێمەکەی عەبدولرەحمان عارف، ئاماژە و دیاردەکانی جیاوازی لە بڕیار و لە هەڵسوکەوت ئاشکرا و ڕوون بوون، هەروەها ناکۆکی لەنێوان هەردوو گروپی دەسەڵاتدار، بەرپرسانی حیزبی بەعس لەلایەک، گروپی ئەفسەرانیش لەلایەکی دیکەوە دەردەکەوت.

حەسەن عەلەوی لە کتێبەکەی (العراق، دولة المنظمة السرية)[٤٠]. دەربارەی ڕووداوەکەی ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨ نووسیویەتی: ئەو بەش بەشینەیە لە دەسەڵات، نە لە ناو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی و نە لەناو ئەنجوومەنی

---

(٣٩) امير اسكندر، صدام حسين مناضل ومفكرا وانسانا، (بيروت، ١٩٨٠)، ص١٨.

(٤٠) حسن العلوي، العراق دولة المنظمة السرية، (لندن، ١٩٩٠)، ص ٨٠؛ كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الكتاب الثامن، الجزء الاول، الطبعة الاولى، (اربيل، ٢٠١٣)، ص١١.

وەزیـــران، لــە لای هـــەردوو گروپـــی نـــاو دەســـەڵات جیگـــای ڕەزامەندی نەبوو. بۆیە ئاشکرابوو کە هەردوو بەرەی دەسـەڵات خۆیـان ئامـادە دەکـەن بـۆ کۆتـایی هێنـان بـەو دۆخـە و بـەو ڕێکەوتنـە لـە نزیکتـرین دەرفـەت. هـەر لەبـەر ئـەوەی هـەردوولا سـەربازیش بـوون، ئـەوا نـایف واتێگەیشـتبوو کـە بـەهێزکردنی پێگـەی خـۆی لـەناو سـوپاکە لەپێگـە هەسـتیارەکانی نـاو ئـەو دامـەزراوەیەیـە، ئـەوا دەبێتـە پاڵپشـت بـۆی، لەبـەر ئـەوە خێـرا دەسـتی کـرد بـە گواسـتنەوەی نێـوان فەرمانـدەی یەکـەکانی سەربازی بەو شێوەی لە بەرژەوەندی خۆی بێت، بەڵام بەکر (لایـەنی نـەیار) ئـەو دەرفەتـەی کـەمتر بـوو کـە دەسـت لـە سـوپا وەربـدات، بۆیـە بـە ڕێـگەی دامـەزراوەی (حـەنین)دا پـلان و چالاکییەکانی خۆی بەکارهێنا. لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژە کەمـەی نێوان ١٧ی تەمووز تاوەکو ٣٠ی تـەمووزی ١٩٦٨ عەبدولڕەزاق نایف سەرۆک وەزیران چەند بڕیارێکی دەرکرد بوو:

١. هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە نەوتییـەکانی نێـوان حکوومـەتی عێراق و کۆمپانیای ئێرابی- فڕەنسی.
٢. هەڵوەشـانەوەی بڕیـاری گێڕانـەوەی کێڵگـەی نـەوتی – ڕومیلەی باکوور بۆ سەر کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی.
٣. هەڵوەشـانەوەی بڕیـاری پێکهێنـانی کۆمپانیـای نـەوتی نیشتمانی.
٤. ڕێگەپێـدان بـە کۆمپانیـای (پـان ئـەمریکا) بـۆ دەرهێنـانی بەرهەمی گۆگرد.

بۆیــە بۆچــوونی چــاودێرانی سیاســی وابــوو، کارەکــانی ســەرۆک وەزیــران تــەنیا بــۆ ڕازیکردنــی هــەردوو حکوومــەتی بریتانیا و ئەمریکا بووە.

لـەو سـەروبەندەدا سـەرکردایەتی حیزبی بـەعس لـە هـەوڵی خــۆ بــەهێزکردن و چەســپاندنی دەســەڵاتەکانی بــووە، لــەناو دامودەزگاکــانی دەوڵــەت، بەتایبــەتی هێــزی چەکــدار و دەزگــا هەواڵگرییــەکان، ســەرەڕای زەمینــە خۆشــکردن بــۆ ئــەوەی هــەتا زووە هــەردوو ئەفســەری دەســەڵاتدار عەبــدولڕەزاق نــایف و ئیبـراهیم داود، لـە حکوومـەت دوور بخرێنـەوە، پلانەکـەش بـەم شێوەی خوارەوە داڕێژرابوو، کە خودی سەددام ڕۆڵی سـەرەکی تێدا دەگێڕا(٤١).

ڕۆژی ٣٠ی تـــەمووزی ١٩٦٨ ئیبـــراهیم داود وەزیـــری بەرگری بەبیانوی سەردان و پشکنینی هێزەکانی سوپای عێراق بـەرەو وڵاتـی ئـوردن کەوتـە ڕێ، لـە هـەمان ڕۆژ لیـوای دەی زرپیــۆش بــە فەرمانــدەی حــەماد شــیهاب لــەناو شــاری بەغــدا بـڵاوەی پێکـراو شـوێنە گرنگـەکانی گـرت. هـەر لەهـەمان ڕۆژ فرۆکەیەکی سەربازی تایبەت، کە هێزێکی سـەربازی هـەڵگرتبوو بەرەو وڵاتی ئوردن کەوتە ڕێ، ئەو هێزە گەیشتە ئوردن بـەرەو بارەگـای فیرقـەی چـوارەمی سـوپای عێراق بـەرێ کـەوت، هـەر لـەوێ بەهەماهـەنگی سـەرکردایەتی فیرقـەی چـوارەم، ئیبـراهیم

(٤١) برزان التكريتي، السنوات الحلوة والسنين المرة، ص ١٨.

داود دەستگیرکرا و بەرەو عێراق هێنایانەوە[٤٢].

دەربارەی دەستگیرکردنی نایف عەبدولڕەزاق، بەرزان تکریتی لە یادەوەرییەکانی بەم شێوەیە باسی دەکات: سەر لە بەیانی ڕۆژی ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨ سەددام پەیوەندی پێوە کردم و داوای لێکردم لە کۆشکی کۆماری ئامادەبم، دەمانچە و تفەنگی کلاشینکۆفم هەڵگرت و بەرەو کۆشکی کۆماری ڕۆیشتم. لەوی سەددام داوای لێکردم لە ژووری یاوەری سەرۆک کۆمار دانیشم تاوەکو ئەو کاتەی داوام دەکات. لە دەورووبەری کاتژمێری سێی پاش نیوەڕۆ، سەددام داوامی کرد، بەدوایدا چوومە ژووری شەفیق دەراجی، لەوێش داوای لە سەلاح عومەر عەلی کرد لەگەڵیدا بێت، ڕوومان لە ژووری سەرۆک کۆمار کرد، پێش ئەوەی بگەینە ئەوی لە دەرەوە، سەددام گوتی: ئاگاداربن ئێستا دەچینە ژووری سەرۆک کۆمار من چیم کرد ئێوەش دەیکەن، لە ژووری سکرتێری سەرۆک کۆمارەوە تێپەڕ بووین و یەکسەر چوینە ژووری سەرۆک کۆمار، سەددام لە پێشەوە ئێمە بەدوایدا، داوای لە سەلاح عومەر عەلی کرد ژوورەکە دابخات، تەماشام کرد سەددام دەمانچەکەی ڕاکێشا، ئێمەش بەدوایدا دەمانچەمان ڕاکێشا، لە ژوورەکە سێ کەس دانیشتبوون: سەرۆک کۆمار، ساڵح مەهدی عەمماش،

(٤٢) غسان شربل، العراق من حرب الى حرب صدام مر من هنا، ص١١٢؛ اياد علاوي، بين النيران مذكرات، الجزء الاول، (بغداد، دار المدى، ٢٠١٨)، ص ٤٥ – ٤٧.

عەبدولڕەزاق نایف، سەددام ڕووی لە نایف کرد و هاواری لێکرد نەجولێیت. لوولەی دەمانچەکەی خستە سەر سەری، منیش بە هەمان شێوە دەمانچەکەم خستە سەر سەری نایف، سەددام بەنایفی وت: هەر جولەیەک بکەیت دەتکوژم، دەمانچەکەمان لێی وەرگرت کە لە جۆری (گولت بەکرە ٣٨ملم) بوو، هەردوو دەستیمان گرت، نایف بە سەددامی وت من براتم نەمکوژی، سەددام پێی وت هەستە، هەستایە سەر پێ و من دەستم گرت و بردمانە ژوورێکی دیکە کە دەرگای لەناو ژووری سەرۆک کۆمار بوو، سالح مەهدی عەمماش ویستی قسە بکات و خۆی تێکەڵ بکات، بەڵام سەلاح عومەر عەلی پێی وت: ئەبو هودا ئەوە ئیشی تۆ نییە، عەمماش گەڕایەوە شوێنی خۆی، لە ژوورەکەی دیکە، نایف وەستا و داوامان لێکرد بێ دەنگ بێت، پاشان سەددام بەمنی گوت لێرە بمێنە، ئەگەر هەر جولەیەکی کرد بیکوژە. پاش ماوەیەک سەددام گەڕایەوە لامان دوای ئەوەی بەهاوکاری دەستەی پاسەوانەکانی خۆی، کە ژمارەیان نزیکەی دە کەس دەبوون توانیان پاسەوانەکان نایف دەستگیر بکەن. سەددام بەنایفی وت، هەر وڵاتێکت دەوێت بۆ ئەوێ دەتنێرین، هەڵبژێرە نایف داوای لوبنانی کرد، بەڵام سەددام پێی وت بۆ وڵاتی مەغریب دەتنێرین، یەکسەر بە ئۆتۆمبێل لەگەڵ حەردان تکریتی بەرەو بنکەی ئاسمانی (ڕەشید) ڕۆیشتین، لەوێش نایف خرایە ناو، فرۆکەیەکی تایبەت لەگەڵ چەند

پاسەوانێک ڕەوانەی وڵاتی مەغریب کرا[٤٣].

بـــەبۆچوونی زۆرینـــەی نووســـەران، پـــلان دانـــانی دوورخســـتنەوەی نـایف و داود لـە دەسـەڵات، لەلایـەن خـودی سەددام حوسێنەوە بوو بە ئاگاداری بەکر، هەروەها ئەوانی لە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانەکە بەشداربوون زیاتر ئەندامانی دەزگـای (حـەنین) بـوون کـە لـەژێر دەسـتی سـەددام کاریـان دەرکرد[٤٤].

هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕووداو و گۆڕانانە، لەپێناو دەستگرتنی تـەواوی حیزبـی بـەعس بەسـەر دەسـەڵات، ئەنجومـەنێکی نـوێی سـەرکرایەتی شـۆڕش پێکهات، سـەددام حوسـێن پێگـەی بـەرزتر بوو، بوو بەکەسی دووەمی دەسەڵات دوای سەرۆک کۆمار.

**پێکهاتـەی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش دوای ڕووداوەکـانی ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨**

| ڕ | ناو | پلە | پیشەی پێشووتر |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەحمەد حەسەن بەکر | سەرۆک | ئەفسەری سوپا |
| ٢ | سەددام حوسێن | ج. سەرۆک | ئەندام حیزب |
| ٣ | ساڵح مەهدی عەمماش | ئەندام | ئەفسەری سوپا |
| ٤ | حەماد شەهاب | ئەندام | ئەفسەری سوپا |
| ٥ | حەردان تکریتی | ئەندام | ئەفسەری سوپا |

---

(٤٣) برزان التكريتي، السنوات الحلوة والسنين المرة، ص ١٨ ومابعدها.

(٤٤) حامد البياتي، التاريخ الدموي لصدام التكريتي، (لندن، ١٩٦٩)، ص ٦ – ٧؛ امير اسكندر، صدام حسين مناضل ومفكرا وانسانا، ص ١١٦.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦ | عیزەت دووری | ئەندام | کرێکار |
| ٧ | عیزەت مستەفا | ئەندام | پزیشک |
| ٨ | تەها یاسین ڕەمەزان | ئەندام | سەربازی پلە دار |
| ٩ | عەبدولکەریم شێخلی | ئەندام | خوێندکار |
| ١٠ | عەبدوللا سەلوم | ئەندام | مامۆستا |
| ١١ | عەبدولخالق سامەڕایی | ئەندام | خوێندکار |
| ١٢ | شەفیق کەمالی | ئەندام | مامۆستا |
| ١٣ | مورتەزا حەدیسی | ئەندام | مامۆستا |
| ١٤ | سەلاح عومەر عەلی | ئەندام | فەرمانبەر(٤٥) |

**هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی سەددام دوای ئەو ڕووداوانە**

سەددام حوسێن دوای ڕووداوەکانی ١٧ - ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨ و لەگەڵ بەرزبوونەوەی پێگە و پلەی بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە بەرزترین دەسەڵات بوو لە وڵات، گۆڕانێکی کتوپڕ و سەیری بەسەرهات، هەر لە ڕۆژانی یەکەمی ئەو ڕووداوانەوە هەستت بەو گۆڕانە دەکرد، هەڵسوکەوتی وەک ئەوەی حیزبی بەعس هەڵگری بیروباوەڕی سۆسیالستی نەبێت، پابەند نەبێت بە کێشەکانی گەل و جەماوەر، هەستت بەو سادەییە نەدەکرد لە مامەڵەی لەگەڵ هاوڕێکانی، گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەر داهات، ژمارەی پاسەوانەکانی ڕووی لە زۆر بوون دەکرد، ئەو پێشتر تەنیا بەرزانی برای لەگەڵدا بوو،

---

(٤٥) کاظم حبیب، لمحات من عراق القرن العشرین، الکتاب الثامن، الجزء الاول، ص٢٢.

بەڵام هەر لەگەڵ سەرکەوتنی کودەتا زیاتر لە (دە) کەسی کۆکردبووەوە، ئەوە جگە لەوانی لە دامەزراوەی (حەنین) کاریان لەگەڵی دەکرد، یاسا لای ئەو، ئەو بڕیارە بوو، کە خۆی بەراستی بزانیایە. هەر دوا بەدوای گەیشتنی بەپێگەی نوێی، تەلاری ئەنجومەنی نیشتمانی کردە بارەگای خۆی کە کۆشکێک بوو هاوتای کۆشکی کۆماری؛ ئەوە سەرەڕای کۆشکی (ئەلنیهایە)ی تەرخان کرد بۆ چالاکییەکانی دەزگا هەواڵگرییەکەی (حەنین) و ناوی گۆڕی بۆ دەزگای پەیوەندییەکان، لێرەوە دەستی کرد بە سەپاندنی جۆرێک لە سامناکی و خۆ جیاکردنەوە لە هاوڕێیەکانی دیکەی، لەگەڵ هەڵسوکەوتی دابەشکردنی یارمەتی و پارەو دیاری و چەک بەسەر کەسانی دیکە.

سەددام کاری دەکرد بۆ ئەوەی بازنەی دەسەڵاتی فراوان بکات، لایەنگرانی خۆی زۆر بکات و ئەرک و دەسەڵاتی دەوڵەتیان بداتە دەست، هەموو ئەو کارانە بەپێی بەرنامەیەک لە کڕینی دڵسۆزی و لایەنگری کردن، ئەگەر بە پارە و دیاری بێت یاخود دامەزراندنیان و بەرگری لێکردن بێت، لە هەموو ئاست و بوارەکانی: حکوومەت، سوپا، هەواڵگری و پەیوەندییەکانی دەرەوە، هەر چەندە سەددام خۆی لە سێبەری ئەحمەد حەسەن بەکر هێشتبووەوە، وەک (السید النائب) کە بووە نازناوی لەو سەردەمە، باسی زیاتر دەهات لە سەرۆک کۆمار (بەکر).

ئەو پارە و داهاتەی حکوومەت کە پاش خۆماڵیکردنی نەوت بۆ وڵات دەگەڕایەوە، بەشێوەیەکی سەرسووهێنەر سەددام کاری پێدەکرد لە ناوەندەکانی حیزب و لەناو جەماوەردا[٤٦].

(٤٦) غسان شربل، العراق من حرب الی حرب صدام مر من هنا، ص ١١٩.

## باسی پێنجەم: سەددام حوسێن لە پێگەی سەرۆک کۆماری

لە ناوەڕاستی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، سەددام حوسێن بەکردار ببووە سەرۆکی دەوڵەت، دوای ئەوەی توانی جومگە گرنگەکانی دەسەڵات لە دامەزراوە و دەزگا جۆراوجۆرەکان (سوپا، ئاسایش، ئابووری، نەوت، پەیوەندییە دەرەکییەکان، ڕاگەیاندن و حیزب ...تاد) بەهۆی کۆمەڵێک لە ئەندامانی حیزبی بەعس و کەسانی دیکەش کە ئامادەی دەکردن بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەوانی بەتەواوی دڵسۆزی ڕێبازەکەی و ڕێنماییەکانی بوون و پیادەیان دەکرد، ئەو کەسانەی لە شوێن و پێگە هەستیارەکانی دەوڵەت دادەنا.

دیارە ئەو کارانەشی بەبەرچاوی خودی سەرۆک کۆمار (بەکر)ەوە بوو، کە هیچ کاردانەوەیەکی ڕاستی بەرانبەر نەبووە، بەپێچەوانە پاڵپشتی دەکرد.

بەم شێوەیە کار گەیشتە ئەوەی لە ١٦ی تەمووزی ١٩٧٩، سەددام حوسێن لە ڕاگەیاندنێکدا خۆی وەک سەرۆک کۆمار دیاری کرد، بەو هەنگاوەش بووە کەسی یەکەم لە لوتکەی دەسەڵات[٤٧].

ئەو بڕیارەش دوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هات، لەو کۆبوونەوەیە سەرۆک کۆمار وازهێنانی خۆی لەو پێگەیە ڕاگەیاند، بەبیانوی ئەوەی نەخۆشە و توانای

---

(٤٧) غسان شربل، العراق من حرب الى حرب صدام مر من هنا، ص١٤١.

بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی نەماوە.

لێرەدا لەم بەشەی نووسینەکەمان، هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر وردەکاری ئەو ڕووداوە و دەرئەنجام و کاردانەوەکانی:

**یەکەم: پیلانی ناوخۆیی دژی سەددام**

بەرزان تکریتی لە کتێبەکەی (محاولات أغتيال الرئيس)، باس لەبوونی پیلانێکی ناوخۆیی دژی سەددام حوسێن دەکات، ناوبراو نووسیوویەتی:

سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ لەناو ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعس لە عێراق لیژنەیەکی نهێنی لەسەر ئاستی باڵا پێکهاتبوو بەپشتگیری ڕژێمەکەی حافز ئەسەد لە سوریا، ئەندامانی لیژنەکە بریتی بوون لە: (محەمەد عایش، محەمەد مەحجوب، غانم عەبدولجلیل و عەدنان حەمدانی) هەر چواریان ئەندامی سەرکردایەتی حیزب بوون لە عێراق. لیژنەکە کاری دەکرد بۆ خۆشکردنی بارودۆخی ناوخۆ و ئامادەکردنی زەمینەی لەبار بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی حیزبی بەعس لە سوریا و عێراق، هەروەها هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو لەنێوان هەردوولا، بەشێوەیەک ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆکی دەوڵەت بێت و حافز ئەسەدیش جێگری بێت.

لیژنەکە دەبوایە هەوڵبدات پەیوەندییەکانی لەسەر ئاستە جیاوازەکانی ناوخۆی حیزب فراوان بکات، پەیوەندی بە کادیرانی حیزب بەتایبەتی عەسکەرییەکان زۆر تر بکات. ئەو لیژنەیە بەشێوەیەکی نهێنی لە ڕێگەی محەمەد عایشەوە

پەیوەندی بە مەحموود حەدید ناوێک دەکات، ناوبراو سەرۆکی یەکێتیی کرێکارانی سوریا بوو، ئەو پەیوەندییەش لەکاتی بەستنی کۆنگرەی کرێکارانی نێو دەوڵەتییەوە ئەنجامدراوە.

هەر لەو ساڵەدا واتە لە ١٩٧٥ محەمەد عایش کاتێک سەردانی سوریا دەکات، چاوی بە ئەحمەد زەنون دەکەوێت، ناوبراو بەرپرسی کاروباری عێراقییەکان بووە لەسوریا، بەهۆی ئەو چاوپێکەوتنە محەمەد عایش بەناوی لیژنەی نهێنی نامەیەک بۆ سەرۆکی سوریا (حافز ئەسەد) دەنێرێت، دوای ماوەی یەک مانگ وەڵامەکەی گەڕاوەتەوە، ناوەرۆکەکەشی کاری لیژنەکەیان بووە، وەڵامی نامەکەی عایشی ئەرێنی و دڵخۆشکەر بووە.

لەو نامەیەدا، محەمەد عایش داوای کردووە حافز ئەسەد بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی حزب لە سوریا و عێراق پشتگیریان بکات.

دوای ماوەیەک شێوازی ئەو پەیوەندییانەی نێوان ئەو لیژنە نهێنییە و ڕژێمی سوریا گۆڕانی بەسەر داهاتووە، لە باڵیۆزخانەی سوریا لە بەغدا، عەقید حوسێن بووە بەئامرازی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، ناوبراو داوا و ڕێنماییەکانی حکوومەتی سوریای بە لیژنەکە گەیاندووە، هەروەها بەهۆی غانم عەبدولجەلیل (بەرپرسی نووسینگەی سەددام) زانیاری پێویست بەلایەنی سوریا گەیشتووە.

لەو سەروبەندەدا مونیف ڕەزاز ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتی حیزبی بەعس هەندێک زانیاری دڕکاندووە بە

ئەندامانی لیژنەکە گەیشتووە، پوختەی ئەو زانیارییانە بریتیی بوون لەوەی: لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ بەکر، سەددام، عیزەت دووری، تاریق عەزیز، باسی ئەوە کراوە کە (بەکر)ی سەرۆک کۆمار بەهۆی خراپی باری تەندروستی نیازی ئەوەی هەیە دەست لە پلە و پێگەی سەرۆک کۆماری بکێشێتەوە. ئەو هەواڵە لەلایەن ئەندامانی (لیژنەی نهێنی) لێکدانەوەی بۆ کراوە، بە باشیان زانیوە بکرێتە دەرفەتێک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی عەرەب لەنێوان عێراق و سوریا، حافیز ئەسەدیش ببێتە سەرۆک کۆمار، بەڵام لەم بارەدا پرسیارێک پێویستی بە وەڵامدانەوە کردووە، ئایا هەڵوێستی سەددام حوسێن چۆن دەبێت. لە کۆبوونەوەکانی دواتر لیژنەی نهێنی باس لەو بابەتەکراوە، کاریان بۆ ئەوە کردووە گۆڕانێک ڕووبدات و کۆتایی بە ڕۆڵی سەددام حوسێن بهێنرێت.

**بەرزان تکریتی درێژە بەباسەکەی دەدا:**

لەو ماوەیەدا ئەندامێکی لیژنەی نهێنی توانی پەیوەندی بە فەریق ڕوکن وەلید مەحموود سیرت فەرماندەی فەیلەقی دووەمی سوپای عێراق بکات، ڕازیشی بکات لەگەڵیان کار بکات. محەمەد عایش داوای لەو فەرماندە سەربازییە کردووە تواناکانی خۆی بۆ کودەتایەک دژی سەددام حوسێن دەربخات، پاش ماوەی زیاتر لە مانگێک فەرماندەی سەربازی ئامادەیی خۆی دەربڕی، بەڵام داوای ئەوەی کردووە کە لە کاتی ئەنجامدانی کودەتا ڕەنگە پێویستیان بەهێزی ئاسمانی بێت، بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی بەحافز ئەسەدەوە کراوە و وەڵامەکەی

ئەرێنی بووە.

**لیژنەکە بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروبارە گۆڕاوەکان، ئەرکەکانیان خستووەتە سەرشانی هەریەک لە: محەمەد عایش و غانم عەبدولجەلیل، پلانی ئەو گۆڕانەی لیژنەکە لەچەند خاڵێک کورت دەکرێنەوە:**

١. برینی کارەبا و هێڵی تەلەفۆن لە دامودەزگاکانی سەرۆکایەتی کۆمار.

٢. بەرپاکردنی خۆپیشاندانی جەماوەری لە شەقامەکانی بەغدا.

٣. دوورخستنەوەی ئەحمەد حەسەن بەکر لە دەسەڵات.

٤. کوشتنی سەددام حوسێن.

**بەرزان تکریتی کۆتایی بەباسەکەی بەم شێوەیە دەهێنێت:**

لە ڕۆژی ١١ی تەمووزی ١٩٧٩ داوا لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی حیزبی بەعس کراوە بۆ کۆبوونەوەیەکی هاوبەش ئامادە بن. لە کۆبوونەوەکە سەرۆک کۆمار (بەکر) داوای کردووە ئەرکی سەرۆکایەتی دەوڵەتی لێوەربگرنەوە، لەبەر ئەوەی تەندروستی ناتەواوە، وەک پێویست ناتوانێت بەو ئەرکانە هەستێت. داوا کە خراوەتە دەنگدان، کۆی ئەندامانی ڕازی دەبن لەسەری، بەڵام لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٢ی تەمووزی، محیێ ئەلشمەری داوا دەکات ئەوە بڕیارە چاوی پێدابخشێنەوە، لەبەر ئەوەی پێی وابووە پەلەی لێکراوە.

داواکەی ئەلشمەری دەبێتە جێگەی سەرنج ڕاکێشانی

بەشێک لە ئەندامانی کۆبوونەوەکە، بەکارێکی نامۆ باسی لێدەکرێت، ئەلشەمەری هەست دەکات بووەتە جێگەی گومان بەتایبەتی لەلایەن سەددام حوسینەوە.

بۆیە لەسەر لاپەرەیەک دێرێک دەنووسی بۆ محەمەد عایش: من ڕۆڵم ئاشکرا بووە باشتر وایە دەس لە کاربکێشمەوە، عایش لەسەر هەمان لاپەرە وەڵامی دەداتەوە و نووسیویەتی: بۆ پەلە دەکەیت دەتەوێت دۆخەکە بەسەرمان بتەقێتەوە[٤٨].

ئەو پەڕە نووسراوە دەکەوێتە دەست پیاوانی سەددام، بووە بە بەڵگەی ئاشکرا بوونی پیلانەکە.

**ئەوە پوختەی نووسینەکەی بەرزان تکریتی بوو:**

ئەو ڕووداوە لەلایەن ژمارەیەکی زۆری چاودێران و سیاسەتمەداران لەو سەردەمە بیروڕای جیاوازیان لەسەری هەبووە، ڕووداوەکە بەگشتی دوو پرسیار هەڵدەگرێت:

١. ئایا سەرۆک کۆمار (بەکر) دەست لە کارکێشانەوەکەی ئارەزوومەندانە بووە؟ یان ناچارکراوە لەلایەن خودی سەددام و دەستەو تاقمەکەی؟.

٢. ئایا ڕاستە پیلان دژی سەددام هەبووە؟[٤٩]

---

(٤٨) برزان التكريتي، محاولات أغتيال الرئيس، الطبعة الاولى، (بغداد، دار العربية، ١٩٨٢)، ص٩١ ومابعدها.

(٤٩) مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٩٣)، (بغداد، كانون الثاني ٢٠٢٠)، ص ٣٢؛ مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١١٢)، (بغداد، شباط ٢٠٢٢)، ص ٣٢.

وەڵامی هەردوو پرسیارەکە بیروڕای جیاواز لە ئاستیان هەیە. بەشێک دەڵێن هەر جۆرە پیلان و کودەتایەک دژی سەددام حوسێن بوونی نەبووە، بەڵکو سەددام دۆخەکەی بەهەڵ زانیوە بۆ ئەوەی بگاتە پێگەی یەکەم لە دەوڵەت، لە هەمان کات ناحەزەکانی لەناو بەرێت، بەڵکو ئەوەی سەددام کردوویەتی کودەتا بوو بەسەر هاوڕێکانی.

کاتێک سەددام لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ دەستگیر کراوە، لەمیانەی پرسیارەکاندا هەواڵگری ئەمریکا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ئەنجامداوە، دەربارەی دوور کەوتنەوەی بەکر لە دەسەڵات پرسیاری ئاراستە کراوە، سەددام لە وەڵامدا وتوویەتی: ئەو بۆچوونە ڕاست نییە کە من بەکرم ناچار کرد بێت، لە دەسەڵات دووربکەوێتەوە پەیوەندی من لەگەڵ بەکر زۆر دۆستانە بووە، من وەک باوک مامەڵەم لەگەڵ کردووە و ڕێزم لێگرتووە، بەکر نەخۆش بوو توانای بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی نەبووە.

سەددام لە درێژەی وتەکانی وتویەتی: من دووجار ویستوومە لە دەسەڵات دووربکەمەوە، جاری یەکەمیان لە ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨ کاتێک ئیبراهیم داود و عەبدولڕەزاق نایف لەدەسەڵات دوورخرانەوە. جاری دووەمیش ساڵی ١٩٧٤، بەڵام لە هەردوو جارەکە بەکر منی پەشیمان کردووەتەوە[٥٠].

تایە عەبدولکەریم ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس و

---

(٥٠) مجله اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٧٠)، (بغداد، ٢٠١٨/٢/١٥) ص٤٦.

ئەندامی دادگایی ئەو کەسانەی تاوانبارکران کە دژی سەددام کاریان کردووە لە ١٩٧٩، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ تەلەفزیۆنی (العراقیة) لە ١١ی ئازاری ٢٠٠٩ وتوویەتی: هیچ جۆرە پیلانێک دژی سەددام نەبووە، من بە راشکاوی بۆ مێژوو ئاشکرای دەکەم.

ئەو کارەی سەددام کردی (بە کوشتنی سەرکردەکانی حیزبی بەعس) ساڵی ١٩٧٩، بووە هۆی ئەوەی بیرۆکەی (یەکێتیی عەرەب) لە شادەماری خوێنییەوە پارچە پارچە بێت و کۆتایی پێ بێت.

**دووەم: دادگایی و کۆتایی هێنان بەدۆخەکە**

أ. سەددام حوسێن پاش (١١) ڕۆژ لە بوونی بەسەرۆک کۆمار، لە بەیاننامەیەک بوونی پیلانێکی دژ بە حیزبی بەعس و دەوڵەتی ئاشکرا کردووە، بەیانەکە بەناوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرچوو کە خۆی سەرۆکی بوو.

ئەو ڕاگەیاندنە چەند خاڵێکی لە خۆی گرتووە:

١. بوونی پیلانێک لەلایەن دەستەیەکی ناپاک و تاوانبار.

٢. سەرۆکی ئەو دەستەیە بریتین لە (٥) ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس.

٣. سەرکردایەتی حیزب بڕیاریدا بەدەرکردنیان.

٤. ئەوانە ماوەیەکی دووردرێژە پەیوەندییان لەگەڵ لایەنی دەرەکی هەبووە .

٥. بڕیاردرا بەدەستیگرکردنی محێ ئەلشمەری ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ڕەوانەکردنی بۆ لێکۆڵینەوە[٥١].

ئەو خاڵانە لە بەیانەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا هاتبوو بەواژۆکردنی سەددام حوسێن.

پێش ڕاگەیاندنی بەیانەکە بە چەند ڕۆژێک محێ ئەلشمەری کە بەپێی بەیانەکەی سەددام یەک لە ئەندامانی ئەو دەستە پیلانگێرییە بووە، دەستگیر دەکرێت و لە کۆشکی (ئەلنیهایە) لەلایەن پیاوانی سەددام وەک: سەعدوون شاکر، بەرزان تکریتی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت بە توندی محێ ئەلشەمەری، دەخرێتە ژێر فشارێکی دەروونی بەهێز، دووبژاردەش دەخرێتە بەردەمی:

١. سەلماندنی هەموو ئەو زانیاریانەی سەددام داوای لێدەکات، وەک بوونی پیلان لەلایەن ئەو دەستەیەوە.

٢. ئابرووبردنی و دەستدرێژی کردن بۆ سەر هاوسەرەکەی لەبەردەمی.

بۆیە محێ ئەلشەمەری بەرانبەر بەو فشار و ڕەفتارە) دوور لەهەر ئاکارێکی مرۆڤایەتیانە، دەرووخێت و بژاردەی یەکەم هەڵدەبژێرێت[٥٢].

---

(٥١) مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١١٣)، (بغداد، شباط ٢٠٢٢)، ص٣٣.

(٥٢) مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١١٣)، (بغداد، شباط ٢٠٢٢)، ص٤٠.

ب. بۆ ئەوەی بڕیار و کارەکان بەشێوەیەکی ڕەسمی و یاسایی وەربگرێت، هەر لەسەر بڕیاری سەددام حوسێن دادگایەکی تایبەت لەئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە: نەعیم حەداد (سەرۆک). سەعدوون شاکر. سەعدوون غیدان، تایەر عەبدولکەریم، حەسەن عەلی، حیکمەت ئیبراهیم، عەبدوللا فازڵ (ئەندامانی دادگا) پێک دێت.

دادگا لە ماوەی چەند ڕۆژێک کۆتایی بەکارەکانی خۆی دێنێت و بڕیاریدا لە کوشتنی (٢٢) کەس لەوانەی تاوانبار کرابوون دەدات[٥٣].

تاوانبارکراوان ژمارەیان (٦٨) کەسن، هەموویان لەئەندامانی حیزبی بەعس بوون بەپلەی جیاواز، لەوانە:

ژمارەی (٢٢) کەسیان ئەندامی سەرکردایەتی حیزب بوون، (١٥) کەسیان بڕیاری کوشتنیان بۆ دەرچوو، ئەوانەش هەریەک لە: عەبدولخالیق سامەڕایی (لەو ماوەیەدا ناوبراو بەهۆی ڕووداوەکەی نازم کزار ساڵی ١٩٧٣ لە زیندان بووە)، محەمەد فازڵ، عەبدولوەهاب کەریم، کەریم شێخلی، سەلاح ساڵح، فلەیح حەسەن جاسم، محەمەد عایش، محێ شەمەری، عەدنان حوسێن، عەباس حەمدانی، محەمەد مەحجوب، غانم عەبدولجەلیل، مورتەزا سەعید عەبدولباقی، کوردی سەعید

(٥٣) شامل عبدالقادر، مجزرة قاعة الخلد تموز ١٩٧٩، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠١٢)، ص٢٤٥.

عەبدولباقیو فەریق ڕوکن وەلید مەحمود سیرت [٥٤].

دادگا بڕیاری زیندانیکردنی (٢٠) کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتی و لقەکانی حیزبی بەعس، بۆ ماوەی جیاواز کە دەگاتە (١٥) ساڵ دەدات.

زنجیرەی گرتن و زیندانی و دوور خستنەوە لە بەرپرسیارییەتی حیزبی و حکومی، سەرەڕای کوشتن بەشێوازی نهێنی، ئەو دیاردەیە تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ درێژەی کێشا، ژمارەی ئەو کەسانە گەیشتووتە زیاتر لە (٥٠٠) کەس.

شیوازی کوشتنی تاوانبارکراوان[٥٥]:

جێبەجێکردنی بڕیاری کوشتنی ئەو (٢٢) کەسە، وەک چاودێر و مێژوونووسان باسی دەکەن، یەک لە داهێنانەکانی سەددام حوسێن بووە، کارێکی دڕندانەی بێ وێنە بووە، لە مێژوودا ڕووینەداوە.

ئەو (٢٢) کەسە تاوانبار کراون، لە گۆڕەپانێک نزیک مزگەوتی (ئوم ئەلبتول) لە شاری بەغدا، هەریەکەیان بەستونێک بەسترا بوونەوە، چاویان داپۆشرابوو هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی و لقەکانی حیزبی بەعس لەگەڵ کادیری پێشکەوتوو کۆکرابوونەوە، کە چەکدار کرابوون، دەبوو هەر چەند کەسێک لە ئامادەبووان بەیەکەوە تەقە لەیەک لە تاوانباراوان بکەن و بیکوژن، کە دەکرێت بەشی هەرە زۆریان

(٥٤) مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٨٤)، (بغداد، ٢٠١٩/٤/١٥)، ص١٨.

(٥٥) اياد علاوي، بين النيران مذكرات، الجزء الاول ، ص١٤١.

هاوڕێ و ناسیاری یەکتر بووبن.

سـەددام حوسـێن بـەو بڕیـارەی حیزبـی بەعسـی پـاکردەوە لەهـەر جـۆرە ڕەخنـە و ناڕەزاییـەک، کـە لـە داهـاتوو ئاراسـتەی بکرێت، خودی خۆشی بووە تەنیا دەسەڵات لەناو حیزب و لـەناو دەوڵـەت واتـە: سـەددام دەوڵـەت بـوو، دەوڵـەتیش هـەر سـەددام بوو، ئەو ڕێکخـراوە نهێنیـەی لـە ناوەڕاستی شەستەکان بەناوی (حەنین) پێکهێنرا بووە بناغە بۆ حیزبی بەعس لە عێراق.

# باسی شەشەم: سەددام پاش گەیشتنی بەلوتکەی دەسەڵات

## (ژیانی لاف و گەزاف، شێتی مەزنی)

### یەکەم: ژن لە ژیانی سەددام

یەکەم هاوسەرگیری سەددام لەگەڵ ساجیدەی کچە خاڵی بوو ساڵی ١٩٦٣، ئەو هاوسەرگیرییە بنەماڵەی و نەریتی بوو، بەرهەمەکەشی دوو کوڕ بەناوی عودەی و قوسەی لەگەڵ سێ کچ بە ناوەکانی ڕەغد، حەلا و ڕەنا)، ساجیدە وەک یەکەم هاوسەر و دایکی ئەو کوڕ و کچانە، هەروەها کە کچی خەیروڵڵا تلفاحی خاڵی سەددام بوو، ئەویش وەک باوکێکی ڕۆحی سەددام بوو، سەڕای ئەوەی ڕۆڵی گەورەشی هەبووە لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی سەددام، بۆیە ساجیدە پێگەی تایبەتی هەبووە، سەددام بەردەوام ڕێزی لێگرتووە و داواکارییەکانی جێبەجێکردووە.

دووەم هاوسەرگیری سەددام لەگەڵ ژنێک بوو بەناوی سەمیرە شابەندەر ساڵی ١٩٨٩، سەمیرە لە بنەماڵەیەکی دیاری شاری بەغدا بووە، پیشەی مامۆستا بووە، پێشتر شووی بە کەسێک کردبووە بە ناوی نورەددین سافی، ناوبراو لە دامەزراوەی فرۆکەوانی عێراق پیشەی ئەندازیار بووە.

سەددام حوسێن لە بۆنەیەکدا چاوی بەسەمیرە کەتووە و حەزی لێ کردووە، پاشان نورەددینی مێردی ناچار کردووە لێ جیاببێتەوە، سەددام لە سەمیرە کوڕێکی بە ناوی عەلی هەبووە،

دەوترێت کچێکیشی لێ بووە بەناوی قادسیە. سەمیرە لەگەڵ سەددام ماوەتەوە تاوەکو ڕۆژی ڕووخانی ڕژێمەکەی لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣.

سێیەم: ساڵی ١٩٩٥)سەددام حوسێن سێیەم هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێک بە ناوی نیزال حەمدانی ساز کردووە، ئەو ئافرەتە لەیەکێک لەدامەزراوەکانی حکەومەت بەڕێوەبەری گشتی بووە، ژنێکی ڕەفتار بەرز بووە، پێشتر هاوسەری کەسێک بووە بەناوی دورەید دەمەلوجی، کورێک و کچێکی هەبوو.

سەددام بووە بە هۆی لەیەک جیابوونەوەیان، پاشان خواستوویەتی، ئەو هاوسەرگیرییەی سەددام ساجیدەی ژنی یەکەمی زۆر هەرەسان و نارەحەت کردووە، بۆیە شاری بەغدای بەجێهێشتووە و بەرەو شاری موسڵ ڕۆیشتووە، لەوێ لە یەکێک لەکۆشکەکانی سەددام نیشتەجێ بووە.

چوارەم: هاوسەرگیری سەددام لەگەڵ کچێک بوو بەناوی لەتیفە حەدیسی کە تەمەنی (٢٩) ساڵ بووە کردووە، پیشەی مامۆستا بووە، ئەم کچە بەهۆی مەنال ئالوسی بەرپرسی ئافرەتانی عێراق، سەددام بەرچاوی کەوتووە، بەڵام پێش هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم ئافرەتە سەددام لە ژنی پێشووی نیزال حەمدانی جیابووەتەوە.

پێنجەم: پێش ڕووخاندنی ڕژێم بە ماوەیەکی کەم سەددام حوسێن پێنجەم ژنی هیناوە بەناوی ئیمان عەبدولتەواب، ئەو ئافرەتە پیشەی پزیشکی منداڵان بووە، تەمەنیشی (٢٧) ساڵ

بـووە. بـاوکی ئیمـان (عەبدولتـەواب مـەلا حـوەیش) ماوەیـەک وەزیری پیشەسازییە سەربازییەکان بووە.

ئـەوەی پێویسـتە باسـی بکـەین، ئـەم ژنانـە لەگـەڵ سـەددام لەئەوپەڕی خۆشگوزەرانی ژیاون، لـە نـاو کۆشـک و تـەلارەکانی سـەددام حوسـێن، ئەوانـە بەفرۆکـەی تایبـەت چـوونەتە بـازاڕی شارە گەورەکانی جیهان. وەک: بەیروت پایتەختی لوبنان، میلانۆ لە ئیتاڵیا، بۆکڕینی پێداویستییەکانیان، هەروەها نوێنەرانی بازاڕە جیهانییەکان بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانیان لە جلوبـەرگ و بۆن و کەرەستەی دیکەی ژنان، ئەوا خۆیان دەهاتنە سـەردانی ژنـانی سەددام.

هـەر بـەپێی چەنـدین سـەرچاوەی جیـاواز، سـەددام حوسـێن پەیوەندی لەگەڵ چەندین ئافرەتی دیکە هـەبووە، لەگەڵیان کاتی ڕابواردووە، بۆ ئەو مەبەستەش کەسانی تایبـەتی خـۆی هـەبووە لە ژن و پیاو بەو کارە هەستاون.

سـەددام لـەو پەیوەندییانەشـی زۆر هەسـتیار و وریـا بـووە، ترسـی لـەوە هـەبووە دەزگـا هەواڵگرییـە ناحـەزەکان، سـوود لـەو بـــوارە وەربگـــرن و ژن بـــۆ مەبەســـتی ســـیخوری و کـــاری دوژمنکاری بەکاری بهێنن.

لـەم بـوارە ئـەوی زۆر بـاس دەکرێت، دیـارترین ئـافرەت کـە ناوی (بارسیولا لامیسوس) بووە، ژنێکی بە ڕەچەڵـەک یۆنـانی ، لەتەمـەنی منداڵییـەوە لەگـەڵ خێزانەکـەی لـە عێـراق ژیـاوە کـە بەکاری بازرگانی خەریک بوون. ئەو ژنە کە هێشـتا لەسـەرەتای

تەمـــەنی گـــەنجی بـــووە لەچەنـــد بۆنەیەکـــدا ســـەددام چـــاوی پێکەوتووە، دواتر ماوەی چەند ساڵێک لە کۆشکەکانی سەددام لەگـەڵی بـووە، پـێش ڕووخـاندنی ڕژێـم بـەماوەی چەنـد سـاڵێک هەڵاتووە و خۆی گەیاندووەتە وڵاتی سوید، لەوێ دەژێت، ژیـان و بەســەرهاتی خـۆی لەگـەڵ ســەددام لــە دووتــوێی کــتێبێک بڵاوکردووتـەوە لـەژێر نـاوی (ژیـانم لەگـەڵ سـەددام) کتێبەکـە بەچەندین زمان بڵاوکراوەتەوە.

هـەر دەربـارەی ئـەم باسـە، دوا زانیـاریی کـە ئاشـکرا کـراوە لەلایـــەن دوا یـــاوەری ســـەددام بـــەناوی ســـەلوان ئیبـــراهیم ئەلموســـەلت لـــە کـــتێبەکەی بـــەناوی (أســـرار وخفايـــا)، ســـەددام حوسێن کاتێک هـەواڵی کوشـتنی هـەردوو کوڕەکـەی عـودەی و قوسەی پێگەیشتووە، بەسەلوانی وتووە: من ئیتر وەچە و نـەوەم نـەماوە، بـڕۆ بـۆ لای شـێخ (نـاوی شـێخەکە ئاشـکرا نەکراوە) لـە ناوچەی مووسڵ داخوازی کچەکەیم بۆ بکە.

سەلوان وەڵامی دەداتەوە و پێی وتووە: گەورەم تۆ کـوڕێکی دیکـەت هەیـە بـەناوی عـەلی لە ژنـی دووەمـت (سـەمیرە)، بـەڵام سەددام پێی دەڵێت نـەخێر من نـەوەو وەچـەم نـەماوە چیت پێ دەڵێم وابکە.

سەلوان ڕوو لـە ناوچـەی مووسـڵ کـردووە و داواکارییـەکـەی سەددامی بە شێخ گەیاندووە، شێخ بەو داوایە ڕازی نەبووە، پێی وتووە کچ بدەمە کێ، سـەددام ئێستا چییە و لەناوچاڵێک خۆی شـاردووەتەوە، مـن بەخـەڵکی چـی بڵـێم بـەو شـێوەیە سـەلوان

وەڵامی شێخ بۆ سەددام دەگێڕێتەوە.

**دووەم: کۆشک و تەلارەکانی سەددام**

سەددام حوسێن (٦٥) کوشک و تەلاری لەژێر دەست بووە، سەرەڕای نزیکەی سەد بارەگای بچووکتر، ئەو کۆشک و تەلارانە لەسەرانسەری عێراق بوونیادنراوون، هەر لەباکوورەوە تا دەگەیتە باشوور، تێچویان سەدان ملیۆن دۆلار بووە، ئەویش لە بارودۆخێک کە خەڵکی عێراق لەبارێکی ئابووریی و گوزەرانی زۆر دژوار دەژیان، جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق - ئێران درێژەی هەبووە، دواتر داگیرکردنی کویت، ئابلۆقەی ئابووری سەر عێراق.

بەناوبانگترین ئەو کۆشکانە کۆشکی سەرۆکایەتی بوو لەناو شاری بەغدا، ئەم کۆشکە وەک قەڵایەک بوو لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم دروست کرابوو، وەک بارەگایەک و شوێنی حەوانەوەی شا فەیسەڵی دووەم.

پاشان لەسەردەمی دەسەڵاتداری سەددام لەلایەن کۆمپانیایەکی فەڕەنسی نۆژەن کراوەتەوە، چەند بەشێکی دیکەی بۆ دروستکراوە، دیکۆرو نەخشەکانی بەزۆری نوێکراونەتەوە.

کۆشکیکی دیکەی سەددام کە دەریاچەیەکیشی بۆ دروستکرابوو، چوار دەوری باخ و دارستان بوو لە ناوچەی (ئیروائی) نزیک فرۆکەخانەی بەغدا، سەددام لەو کۆشکە ماوە ماوە پشووی دەدا، جلوبەرگی عەرەبی ناوچەیی لەبەر دەکرد،

خەریکی بەخێوکردنی ئاسک و ڕاو کردن دەبوو.

ئەو کۆشکەی کە زۆرترین تێچووی هەبوو، بەکۆشکی نهێنی ناوی دەرکردبوو، لە ڕاستیدا کۆشکەکە قەڵایەک بوو بۆ خۆی، ماوەی یەک کاتژمێر لەشاری بەغداوە دوور بوو، چوار دەوری هێزی تایبەتی بۆ دانرابوو، شوێنەکەی لە بەرانبەر بارەگای گشتی هێزی ئاسمانی بوو، دروستکردنی چوار ساڵی خایاند، تێچووەکەی گەیشتە (١٨٠) ملیۆن دۆلار، لەسەر ڕووبەرێکی زەوی (١٨٠٠)م٢.

کۆشکەکە چەند ئەندازیارێکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دروستیان کرد، لە ساڵانی جەنگی عێراق - ئێران، سێ نهۆمی بەقوڵایی (٢٠) مەتر لەژێر زەویدا بوو، لەلایەن ئامێرە هەواڵگرییەکانی مانگی دەستکردیش نەدەزانرا چی تێدایە.

بۆ ماوەی یەک ساڵ (٥٠) کەس دەیانتوانی لەو کۆشکە بژین بێ ئەوەی پێویستیان بەهیچ شتێک هەبێت، ئامێری بەرهەمهێنەری کارەبایی تایبەتی هەبووە، هەروەها سیستمی پەیوەندیکردنی تایبەت بەدەرەوەی خۆی گۆرەپانی وەرزشکردن، هۆڵی نمایشکردنی فیلمی سینەمایی لەگەڵ سێ مەلەوانگە لە جۆری (ساوناو)، هۆڵێکی تایبەت لە نهۆمی سێیەم بۆ خێزانی سەددام، هاتووچۆکردن لەناو ئەوکۆشکە ئۆتۆمبێلی کارەبایی بەکارهێنراوە.

ئەم قەڵایە ساڵی ١٩٩٢ دروستکراوە، بەوشێوەیەک بووە بەرگەی لەرزینی زەوی تا (٦) پلەی ڕختەر بگرێت، هەروەها

بەرانبەر بەهێزی تەقینەوەی قونبلەیەک وەک ئەوەی لە هیرۆشیما درا[٥٦].

## ناوی بەشێک لەکۆشک و تەلارەکانی سەددام

١. کۆشکی سەرۆکایەتی لە شاری بەغدا.
٢. کۆشکی حەبانیە لەسەر کەناری دەریاچەی حەبیبانیە.
٣. کۆشکی هەڵۆ (الصقر)، ساڵی ١٩٨٨ دروستکراوە.
٤. کۆشکی کویتی.
٥. کۆشکی مەلەکردن (السباحة)، بۆ ڕاوەماسەی بەکارهێنراوە.
٦. کۆشکی بازنەیی (الدائري).
٧. شوێنی هانی (هانی ناوی بەچکە شێرێکە سەددام بە خێوی کردووە).
٨. شوێنی گردی باکوور (التل الشمالي).
٩. شوێنی ژمارە (١٧).
١٠. کۆشکی خانووە چیا (دار الجبل)، لەسەر شێوەی چیا دروستکراوە.
١١. کۆشی ژمارە (١٧).

(٥٦) هيثم رشيد وهيب، في ظل صدام (فضائح غير معقولة) شهادة حية لرئيس البروتوكول، ترجمة: ميشيل خوري، (مكتبة لسان العرب، ٢٠٠٤)، ص ٧٩ – ١٠١؛ شامل عبدالقادر، الايام الاخيرة في حياة صدام حسين، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠٢٨)، ص ٨٦.

١٢. کۆشکی سەمەر (لەسەر ناوی سەمیرە شابەندەر)، هاوسەری دووەمی بووە.
١٣. پەناگەی ژمارە(١٧).
١٤. شوێنی الفارس.
١٥. کۆشکی الفارس (ساڵی ١٩٨٨ دروستکراوە).
١٦. کۆشکی الصیاد- ڕاوچی (لەسەر دورگەیەک لە ڕووباری دیجلە دروستکراوە.
١٧. شوێنی درێژ (الطویل).
١٨. کۆشکی درێژ (الطول)، ساڵی ١٩٨٥ دروستکراوە.
١٩. کۆشکی دەریاچە (البحیرة) بەغدا.
٢٠. کۆشکی ئەنجوومەنی هاوکاری عەرەبی، ساڵی ١٩٩١ لە بەغدا دروستکراوە.
٢١. شوێنی گرد (التل).
٢٢. کۆشکی ڕووبار.
٢٣. کۆشکی کەرادەی مریەم.
٢٤. کۆشکی ئاشتی (السلام) لە ناوچەی سەوز لە بەغدا.
٢٥. کۆشکی ئاڵا (البیرق) لە بەغداد.
٢٦. کۆشکی کرنۆش بردن (السجود) ساڵی ١٩٨٩ دروستکراوە.
٢٧. کۆشکی دیجلە.
٢٨. کۆشکی (الاعظمیة) ساڵی ١٩٩٥ لە بەغدا دروستکراوە.
٢٩. کۆشکی منصور (تایبەت بوو بۆ بەرپرسانی هەواڵگرییە

جیهانییەکان، ساڵی ١٩٨٩ دروستکراوە ئەم کۆشکە سەددام حوسێن بەخشیە ژنە شاعیری کوێتی خاتوو سوعاد ئەلسەباح).

٣٠. کۆشکەکانی کۆمەڵگەی ئەلقادسیە لە پارێزگای بابل.

٣١. خانوی حەیفا.

٣٢. کۆشکی الاخیضر.

٣٣. کۆشکی سەلمان پاک.

٣٤. کۆشکی بابل.

٣٥. کۆشکی ئەبوغرێب.

٣٦. کۆشکی ڕومادی.

٣٧. کۆشکی سەرسار لە پارێزگای سەڵاحەددین.

٣٨. کۆشکی حەمرین لە پارێزگای سەڵاحەددین.

٣٩. کۆشکەکانی بەسرە، (سێ کۆشک لەسەر ڕووباری شەت ئەلعەرب).

٤٠. کۆشکەکانی کۆمەڵگای سەرۆکایەتی (لە شاری تکریت، بریتی بوون لە ٣٠ کۆشک).

٤١. کۆشکی نەینەوا.

٤٢. کۆشکی سەرسەنگ.

٤٣. کۆشکی ئەنیشکێ.

٤٤. کۆشکی ئاشاوە.

٤٥. کۆشکی گارە.

٤٦. ٤٦- کۆشکی ئەشکەوت (الکهف).

٤٧. ٤٧- کۆشکی ڕوانگە (المرصد).

چەند سەرچاوەیەک ژمارەی کۆشک و تەلارەکانی سەددام بەسەد دانە زیاتر ئەژمار دەکەن.

هەموو ئەو کۆشک و تەلارانە لەژێر دەسەڵاتی خودی سەددام بووە، بەکاری هێناوە بۆ شوێن پشودان و ڕابواردنی خۆی، هەندێک جار هاوسەرەکانیشی بەکاریان هێناون، بەڵام هەر هەموویان بەناوی سەرۆکایەتی کۆمار تۆمار کرابوون.

**ئەوی بەناوی خودی سەددام تۆمار کراوە و لە تۆماری دامەزراوەکانی حکوومەت دەرکەوتووە دوو پارچە زەوی بووە لەسنووری پارێزگای سەڵاحەددین، ئەوانیش:**

١. پارچە زەوی ژمارەی ٢٢/٢٧/١٤ پارێزگای سەڵاحەددین.

٢. پارچە زەوی ژمارە (١/٥/٥) ناوچەی بەیاع.

سەددام حوسێن ڕێبازی سیاسی و کارکردنی لەسەربنەمای: من خۆم دەوڵەتم، دەوڵەتیش منم، کاری کردووە، بۆیە پێویست بەوە ناکات هیچ زەوی و کۆشک و موڵکێک بەناوی خۆیەوە تۆمار بکات، تا خۆی لەژیانی بووە هەموو خاکی عێراق موڵکی خۆی زانیوە، کە ڕژێمەکەشی ڕووخا، سەددام خۆشی نەما.

### سێیەم: وێنە و تابلۆ و پەیکەرەکانی سەددام

بەدرێژایی چەندین ساڵ لە ماوەی حوکمڕانی سەددام حوسێن، هەموو شەقام و ڕێگە گشتییەکان، چوار ڕێیانەکانی ناو

شــار و دەرەوە، هــۆڵ و جێگــای ســەیرانگا، بــەر دەرگــای دامودەزگاکانی حکوومەت، بە وێنە و تابلۆ و پەیکەری سەددام حوسێن، بەشێوەی جۆراوجۆر هەڵواسرابوون.

ڕۆژنامەنووسێکی جیهانی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە کاتی سەردانی بۆ عێراق نووسیویەتی: دانیشتوانی عێراق بە(٢٨) ملیۆن کەسی مەزندە دەکرێت، لەم وڵاتە زیاترە لە(١٤) ملیۆن و وێنە و تابلۆ و پەیکەری سەددام هەیە، بەڵکو هەندێک کەس دەڵێن (٣٠) ملیۆن.

یەک لەبەناوبانگترین ئەو تابلۆیانە، تابلۆیەک بەدرێژی (٥) مەترو پانی (٢) مەتر کە لەلایەن نیگارکێشێکی بەریتانی شارەزا وێنەکیشراوە، ناوبراو وێنەکیشی پاشا و کەسایەتییە بەناو بانگەکانی جیهانە، ئەو کارە نزیکەی یەک ساڵی تەواوی خایاندووە، تێچووی ئەو تابلۆیە و (٣) ملیۆن دۆلار بووە.

لەو تابلۆیەدا، سەددام بەشێوەی جەنەراڵێکی سەربازی دەردەکەوێت شمشێرێکی هەڵگرتووە لە ئاهەنگێکدا و لەلایەن سەرکردەکانی جیهان خەڵات و میدالییە و نیشانەی پایەبەرزی و ئازایەتی پێ دەبەخشرێت. لەو تابلۆیەدا سەددام دەستی لەسەر مێزێکدایە کە بۆ سەردەمی قەیسەرەکانی ڕوسیا دەگەڕێتەوە.

تابلۆکە لە شاری (لەندەن) تەواو کرا، کاتێک گوازرایەوە بۆ عێراق و گەیشتە لای سەددام لە بەغدا، بۆ ماوەی (٢٠) خولکە زیاتر بەسەرسوڕمانەوە بەرانبەری دەوەستێت.

کۆشک و تەلارەکانی سەددام پڕبوون لەتابلۆ و وێنەی

جۆراوجــۆر، وەک: لــەکاتی نــوێژ کــردن، لەگــەڵ خێــزان و منداڵەکانی، بەسواری ئەسپ، لە کاتی درونە لەگەڵ جووتیاران، لــەناو ڕووبــار لــە کــاتی مەلــەکردن، لــە کــاتی جگەرەکێشــان بەتایبــەتی جگــەرەی کــوبی. هــەموو ئــەو وێنــە و تابلۆیانــەش بەجلوبەرگی سەربازییەوە بووە.

**چوارەم: ڕۆژی لەدایکبوونی سەددام**

هــەموو ســاڵێک ڕۆژی (٢٨ی نیســان) وەک ڕۆژی لــەدایک بوونی سەددام حوسێن لەسەرانسەری عێراق کرا بوو بەپشوو، لــەو ڕۆژەدا دەبووایــە لــە شــەقامەکانی شــارە گــەورەکانی وەک بەغدا، مووسڵ، بەسرە و تکریت ڕێ ڕەسمی تایبەت بەڕێوە بچێت، کەناڵــەکانی تەلــەفزیۆنی (کــە هــەموویان هــی حکوومــەت بوون) بەرنامــەی تایبــەت بــەو ڕۆژە پەخش بکەن، ڕۆژنامــەکانی حکوومــەت و حیزبــی بــەعس بەهــەمان شــێوە بەرنامــە و بابــەتی تایبــەت بڵاوبکەنــەوە، هــەروەها بــەرپرس و ســەرکردە باڵاکــانی حیزب و حکوومەت دیاری پێشکەشــی ســەددام حوســێن بکــەن و ئاهەنگی تایبەت سازبکەن.

بێگومان ئەو دیاردەیە کە سەدان ملیۆن دیناری تێیدا خــەرج دەکــرا، دیاردەیــەکی نــامۆ و جێگــای پەســەند کــردن نــەبووە لــە کۆمەڵگە.

**پێنجەم: دیاری و خەڵات**

ژوورەکــانی ناوکۆشــک و تــەلارەکانی ســەددام حوســین،

هەموویان ڕازاندرابوونەوە بە نمایشکردنی ئەو دیاریانەی بۆ سەددام نێردرابوون یان پێشکەشی کرابوون، لە بۆنە جیاوازەکانی، لەو جۆرە دیاری و خەلاتانەش:

بەنرخترین کاتژمێرە جیهانییەکان وەک: ئودمار بیغە، باتک فیلیپ، شوبار، ڕولکس، فاشرون کونستانتن، کونکورد ... تاد، ئەو دیاریانە هێمایەکی لەسەر هەڵکەندرابوون، وەک دروشمێک یان وێنەیەکی سەددام، نرخی ئەو جۆرە کاتژمێرانە لە (٦) هەزار دۆلار بەسەرەوە بوو.

دیاری دیکە لە زێر و ئەڵماس، وەک: ملوانکە و خەناوکە و ئەنگوستیلە، کە وێنەی سەددامی لەسەریان هەڵکەندرابوو، نرخەکانیان لە (دە) هەزار دۆلار کەمتر نەبووە بۆ هەر پارچەیەک.

زیا جەعفەر، بەڕێوەبەری بەرنامەی ئەتۆمی عێراق لەکاتی هاوسەرگیری خوشکەکەی، سەددام دوو کاتژمێری جۆری: باتک فیلیپ و زنجیرە ئەڵماسێکی بەخشیە هەردوو هاوسەر (زاو و بووک).

سەددام لە دوای گەشتێکی بۆ وڵاتی کوبا بەمەبەستی ئامادەبوونی لە کۆنگرەی دەوڵەتە بێلایەنەکان، ساڵی ١٩٧٩ ژمارەی (٢٥) ئۆتۆمبێلی جۆری مارسیدسی (زرپێۆش) بەخشییە فیدل کاسترۆ سەرۆکی کوبا.

ساڵی ١٩٨٣ لە گەرمەی جەنگی عێراق - ئیران) عودەی کوڕە گەورەی سەددام بەکارێکی دیکە هەڵساوە لەم بوارە،

نــاوبراو هەڵســاوە بــە کڕینــی کارگەیــەکی سویســری بــۆ دروستکردنی کاتژمێری نرخ بەرز، کارگەکەی بۆ شاری بەغدا گواستەوە و ناویلێنا (کاتژمێری بەغدا).

عــودەی لــەکاتی وەرگرتنــی بروانامــەی دبلــۆم لــەبواری ئەنـدازیاری لـە زانکـۆی بەغـدا، ژمـارەی (٢٠٠) کـاتژمێری لـەو جــۆرە بەخشــیە هــاوڕێ و مامۆســتاکانی، کــۆی نرخــەکانی دەگەیشتە(٤٠٠) هەزار دۆلار.

**شەشەم: کەشتی بۆ گەشت و سەیران**

ســـەددام حوســـێن، کەشـــتییەکی بـــۆ گەشـــت و ســـەیران دروسـتکردبوو، درێژییەکـەی (٣٠٠) مـەتر بـوو، نـاویش لێنـابوو (قادسـیة) پاشـان ناوەکـەی گـۆڕی بـۆ (مەنسـور)، نرخـی ئـەو کەشـــتیە (٣٥٠) ملیـــۆن دۆلار بـــوو، لەلایـــەن کۆمپانیایـــەکی دانیمارکییـەوە دروسـتکرابوو، بـە مـاوەی سـێ سـاڵدا تـەواو بـوو بوو.

ئـەو کەشـتییە نـوێترین پێداویسـتییەکانی بـۆ دابـین کرابـوو، وەک، لەشـێکی زریپۆش، نەخۆشـخانەیەکی بچـووک بـۆ حاڵـەتی پێویسـتی، شـوێنی نیشـتنەوەی هەڵیکۆپتـەر، هـەروەها چـەکی توربیدیشی بۆ بەسترابوو.

کەشـتییەکە دوای جـەنگی عێـراق - ئیـران گەیشـتە ناوچـەی کەنداو لـە نزیک بەنـدەری فـاو وەسـتێنرا، بـەڵام دواتر لەجـەنگی (٢٠٠٣) ژێر ئاوکەوت.

**حەوتەم: فرۆکەی تایبەت**

سـەددام حوسـین فرۆکـەی تایبـەتی خـۆی هـەبووە، جـۆری بۆینـگ (٧٤٧)، فرۆکەکـە هـۆڵێکی دانشـتنی گـەورە و گـەرماوی خۆشوشتنی تێدا بوو، جگە لە نەخۆشخانەیەکی بچووک.

**هەشتەم: ئۆتۆمبیلەکانی بنەماڵەی سەددام**

یـەک لـە حـەزەکانی سـەددام، ئۆتـۆمبێلی گـران بـەهابووە، لـە کۆگای نـاو خـانوو تـەلارەکانی نزیکـەی دەهـەزار ئۆتـۆمبیلی تێدا بووە، لەجۆرەکانی ئەو ئۆتۆمبیلانەش:

(٣٠٠) ئۆتـۆمبێلی مارسـیدس لـەجۆری (زرێپـۆش) کـە کـۆی نرخەکانی لە سەرووی (٨٠٠) هەزار دۆلار بوون.

سـەددام تـەنها ئۆتـۆمبێلی جـۆری زرێپۆشـی بـەکاردەهێنا، هـەروەها چەنـد جـۆرێکی دیکـەی ئۆتـۆمبێلی هـەبووە، وەک: لـەمبرگینی، فیـراری، بورش، ڕانـج ڕۆڤـەر، کـادیلاک، ڕولـزرایس، بۆغی.. سەرەڕای کۆمەڵە لۆرییەک و چەندین – موتور سـیکل – کە تایەکانیان گولە نەبر بوونە.

**نۆیەم: خواردن و خواردنەوە**

لەم بارەوە سەددام دەست بڵاوییەکی یەکجار زۆری هەبووە، ڕەنگـە وێنـەی لـەناو سـەرۆک و دەوڵەمەنـدەکانی جیهـانیش کـەم بووبێت.

سەددام باشترین ویسکی دەخواردەوە لەجۆری (مـەکلان) کە

تەمەنی دروست کردنەکەی (٥٥) ساڵ بووە، نرخی یەک شووشەی (٢٥) هەزار یۆرۆ بوو، سەددام ئەو جۆرە ویسکیەیەی بەسادەیی و بێ تێکەڵکردنی ئاو دەخواردەوە، هەروەها جۆرە خواردنەوەیەکی دیکەشی هەبووە بەناوی (شیفاس ڕریاڵ) ئەویش نرخەکەی زۆر بەرز بوو، حەزیشی لە جۆرێک (کونیاک) هەبووە، هەر شوشەیەکی نرخی (١٢) هەزار یۆرۆ بووە.

باشترین (مەی) و شەڕابی سەددام جۆری (شاتوبنزوس) بوو، کە گرانترین جۆر بوو لەجیهاندا، جۆری دیکەشی دەخواردەوە کە لە ترێی (بوردو) دروستکراوە و نرخی هەر شووشەیەکی لەنێوان (٥-٦) هەزار یۆرۆ بوو.

لە شامپانیادا سەددام حەزی لەجۆری (کریستاڵ)ی ئەفسانەیی بوو، نموونەی (رودرو، دوم برینیون)، شانبەشانی جۆرەکانی خواردنەوە، چای بەهێلی دەخواردەوە، نانیشی لەشاری پاریسەوە بۆ دەهات بەفرۆکەیەکی تایبەت.

دەربارەی جۆرەکانی خواردن، سەددام حەزی لە خواردنی جەرگی قاز و عەلەشیش و گۆشتی ئاسکی دابەستراو کردووە، لەگەڵ خواردنی کافیار، (هێلکە ماسی)، و جۆرە پەنیرێکی فرەنسی.

**دەیەم: جگەرەکێشان**

باشترین جگەرە لای سەددام، ئەو جۆرە جگەرەیە بووە کە

لەلایەن سەرۆکی کوبا فیدل کاسترۆ پێی دەگەیشت، برێکی گەورەی لەو جۆرە جگەرەیە بۆ هاتبوو، کە نرخی هەر جگەرەیەکی لەنێوان (٧ – ٨) دۆلار بوو.

**یازدەهەم: جل بەرگ**

سەددام پۆشاکی ڕۆژئاوایی زیاتر بەکاردەهێنا، سەرسام بوو بەجلوبەرگی بریتانی، هەرە چەندە ئەو وڵاتەی نەدیبوو.

سەددام جلوبەرگی خۆی لای بەرگ دوورانی ئینگلیز (جرمین ستریت) یان (سڤیل زو) لە شاری لەندەن بۆ کراوە و هاتووە، کە لە بەرگدرووە بە ناوبانگەکانی ئەو وڵاتەن.

ساڵی ١٩٧٦ کاتێک سەددام لەسەردانی بۆ وڵاتی کوبا گەڕاوەتەوە فرۆکەکەی لەشاری لەندەن بۆ بەنزین وەرگرتن نیشتەوە، چەند لایەنێکی بازرگانی لەوشارە داوایان لێی کرد گەشتێک بەناو شاری لەندەن بکات، بەڵام ئەو ڕازی نەبووە، بەڵکو چوار کاتژمێر لەناو فرۆکەخانە ماوەتەوە،

سەددام جل وبەرگی خۆی لەباشترین جۆرەکانی کوتاڵ دەدوریێ، نموونەی (کشمیری، حەریر، کەتان) کراسەکانی لە پایتەختی بریتانیاوە بۆ هاتووە.

ئەو خاولیانەی لە گەرما و بەکاریانی دەهێنا، لە کارگەی (کریستیان دیور) لە لۆکە و حەریر بۆی دروست دەکران، ڕەنگیان پەمپەیی بوون، تایبەت بۆ ئەو دروست دەکرا.

ئەو بۆن و گوڵاوانەی سەددام بەکاریانی دەهێنا لەکاتی

خۆشووشتن، یان هەر بۆنەیەک بەزۆری لەشاری (غراس)ی فڕەنساوە تایبەت بۆی دەهات، ژوورەکانی لە هەموو کۆشک و تەلارەکانی پڕبوون لەوجۆرە بۆن و گوڵاوانە.

**دوازدەهەم: پارەی دانراو لەبانکەکان**

بڕی ئەو پارانەی لە بانکە ئەوروپییەکان دانرابوون، بەتایبەتی بانکەکانی سویسرا بەناوی سەددام حوسێن، زیاتر بوو لە (سی) ملیار دۆلار، ئەو پارانە سەرمایەی حیزبی بەعسی عێراقی بوون، تەنها سەددام بۆی هەبوو لێی خەرج بکات، هەندێک جار بەرزانی برای ڕادەسپارد و ڕێگەی پێدەدا لەو پارەیە خەرج بکات، بۆ پێداویستییەکانی دامەزراوەی هەواڵگری یاخود هەرکارێکی تایبەت بەسەرۆکایەتی کۆمار.

دەوترێت کاتێک حکومەتی عێراقی ساڵی (١٩٧٢)، بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوتی دەرکرد، ئەو پشکەی بەناو گولبەنکیان بوو، بڕەکەشی سەدا پێنج (٥٪) بوو، ئەو پشکە بووە و پشکی حیزبی بەعسی و لە بانکەکانی سویسرا هەڵگیراوە.

## باسی حەوتەم: پیاوەکانی سەددام حوسێن

سەددام لە پاش گەڕانەوەی بۆ بەغدا لە ١٩٦٣ و بەرزبوونەوەی پلەی ڕێکخراوەیی لەناو حیزبی بەعس لەلایەکەوە، هەروەها بەهۆی پاڵپشتی کردینەوە لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکری (سەرۆک کۆمار) بەتایبەتی، ئەوا ژیرانە و بەوردی ڕەوت و ڕێبازی سیاسی خۆی دارشت، ئەو لەو کاتەوە کاری دەکرد بۆ چەسپاندن و بەهێزکردنی پێگە و دەسەڵاتی لەناو ئۆرگانەکانی حیزبی بەعس، لەهەمان کاتدا لەناو دەزگا هەواڵگرییەکەی (حەنین) و دەستێوەردان لە دامەزراوە هەواڵگرییەکان کاری دەکرد.

بۆیە هەروەک دەبینین کە چۆن دەزگای (حەنین)ی کردە بناغەی پێکهاتن و نۆژنکردنەوەی دامەزراوە هەواڵگرییەکان لە عێراق پاش کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ سەرەڕای سەرپەرشتیکردنی مەکتەبی عەسکەری و کاروباری سیاسەتی ئابووری وڵات و کێشە دەرەکییەکانی وەک نەوت و ناوچەی کەنداو، سەددام حوسێن لە ساڵی ١٩٦٤ بەدواوە، سوودی لەو ململانێیەی نێوان هەردوو باڵەکەی حیزبی بەعس لە سوریا و عێراق وەرگرت، کاری زۆری کرد بۆ دوور خستنەوەی سەرکردە و کادیرە ناحەزەکانی، لە جێگای ئەوانیش لایەنگرانی خۆی دابنرێت.

ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی سەددام پشتی پێیان دەبەستت لە کاری ڕۆژانەی حیزبایەتی، پێشتر ئەوانە کۆمەڵە چەقۆکیش و

بەرەڵڵاکانی ناو شەقامەکانی ناوچەی ئەعزەمییە بوون، بەکاریانی دەهێنا بۆ ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی حیزبە سیاسییەکانی دیکە، بەتایبەتیش حیزبی شیوعیی عێراقی، ئەوانە کاریان دەستدرێژی و شەڕی کۆڵانەکان بوو، کەسانی نەگریس و بێ ئابرو و بازاڕی بوون، وەک: خالید دونگی، کازم میعلاک، کازم پاشا، نازم کزاز، خالید تەبرە، وەهابە کوێر، قەیس ئەلجوندی، محێ مەرهون، سەمیر شێخلی، وەلید خەشالی، جەبار کوردی، محەمەد فازل، سەعدوون شاکر، سەباح میرزا و سامی ئەلوادی ...تاد، ئەوانە چەندین ئەندام و کادیری دیکەی حیزبەکانیان ئازار داوە و کوشتووە، بگرە هەندێک جار لەوانەی سەر بە حیزبی بەعسیش بوون.

ژمارەیەکی زۆری ئەو ناوانە پەیوەست بوون بە دەزگای (حەنین) ئەو دەزگایەش ڕاستەوخۆ سەددام حوسێن سەرپەرشتی دەکرد، دواتر بووە بناغە و بەشێک لە دەزگای هەواڵگری لە سەردەمی سەددام.

سەددام حوسێن کاتێک گەیشتە پیگەی جێگری ئەحمەد حەسەن بەکر (سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) لە ١٩٦٨، ئەوا ڕێگەی زۆر بۆ ئاسانتر بوو، کە لەسەر ئەو ڕێبازە بەردەوام بێت، ئەو بە کۆمەڵ گەنجی بێ ئیش و کاری نەخوێندەوار، لە خزم و کەسەکانی، لە تیرە و عەشیرەتەکانی تکریت و ڕومادی و مووسڵ، کۆی کردنەوە، لە یەکە سەربازییەکانی پاسەوانی تایبەت و پاسەوانی کۆماری و لەناو دامەزراوەکانی ئاسایش و هەواڵگری و کۆشکی کۆماری، بوونە

سەرباز و پلەدار.

ئەوانە هەندێکیان پلەی سەربازی بەرزیان پێدرا، بەشێکیانیش لەناو حکوومەت پلەو پایەی باڵایان پێدرا.

لە ڕوویەکی دیکەوە، سەددام حوسێن لەو ماوەیەدا هەموو تواناکانی حیزبی بەعسی کەوتبووە ژێر دەست، ئەو حیزبە ببووە ئامرازێک بەدەستییەوە، بەپێی بیروبۆچوون و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری دەهێنا (بەتایبەتی دوای ڕووداوەکەی هۆڵی خولد ساڵی ١٩٧٩).

سەددام لە ئاست دەسەڵات خۆی واپیشاندەدا، سەرکردەیەکی سەرکەوتووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کۆسپ و دژوارییەک، خۆی بەسەرکەوتووترین سەرکردەی عەرەب دەزانی.

لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم هەندێک نووسەر و شاعیری کاسەلێس و هەڵخەڵەتاو سەددامیان بەمحەمەدی پێغەمبەر دەچواند، کە لە سەرەتاکانی ژیانی بەهەتیوی و هەژاری و دژواری پێگەیشتووە[٥٧].

لەم بەشەدا بەکورتی باسی بەشێک لەو کەسانە دەکەین کە ئامرازی دەستی سەددام حوسێن بوون و پشتی پێ دەبەستن بۆ جێبەجێکردنی پیلان و بڕیارو تاوانەکانی:

---

(٥٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ فالح جابر لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٨٦، وەرگیراوە لە: اندريه كوكبورن و باتريك كوكبورن، صدام الخارج من تمت الرماد، ترجمة: علي عباس، (القاهرة، ٢٠٠٠)، ص٢٦.

**١. سەعدوون شاکر**

سەعدوون شاکر مەحموود عوبەیدی، بنەماڵەکەی پێشتر لە سنووری پارێزگای دیالە ژیاون، سەعدوون لە ١٩٣٩ لەشاری بەغدا لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە گەڕەکی (فەحامە – گریعات) تەواوکردووە.

پاش کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ وەک بەشێکی زۆری ئەندام و کادیرانی حیزبی بەعس لە کۆلێژی یاسا و سیاسەت لە زانکۆی موستەنسرییە خوێندنی بالای تەواو کردووە. ساڵی ١٩٥٥ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعس کردووە، ساڵی ١٩٦٣ پلەی ئەندامییەتی وەرگرتووە، ناوبراو لە شانەیەک ڕێکخراوەکە کاریان دەستدرێژی و تۆقاندن بووە دژی لایەنگرانی حیزبە سیاسییەکانی دیکە لەناو شاری بەغدا، بەتایبەتی دوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی١٩٦٣. ساڵی ١٩٦٦ توانیوییەتی هاوکارێکی باش بێت بۆ ڕزگارکردنی سەددام لە زیندان. پاشتر سەعدوون وەک ئەندامێکی کارای دەزگای (حەنین) کاری کردووە و بەردەوام بووە تاوەکو کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨، کاتێک دەزگای (حەنین) ناوی گۆڕاوە و بوو بە (پەیوەندییە گشتییەکان)، سەعدوون هەروەک کەسێکی چالاک ڕۆڵی هەبووە، دواتر ئەو دامەزراوەیەش گۆڕاوە و بووە بە (هەواڵگری گشتی) سەعدوون یەکەم بەرێوەبەری بووە تاوەکو ساڵی ١٩٧٩ کە بووە بە وەزیری ناوخۆ.

سەعدوون لەنێوان (١٩٧٢ – ١٩٧٩) بەرپرسی هەواڵگری

گشتی بووە، ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری خودی سەددام کاری کردووە.

ساڵی ١٩٨٧) بەئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس هەڵدەبژدرێت، ساڵی ٢٠٠٣، دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە سەعدوون دەستگیر دەکرێت، لە مانگی ئازاری ٢٠١١ بەبڕیاری دادگای تاوانەکان، بڕیاری کوشتنی لەسەر جیبەجێ دەکرێت، ناوبراو تاوانبار کراوە بە کوشتنی دەیان کەس وەک بەشێک لە سەرکردەکانی شیوعی: جەلال ئەوقاتی، جەمال حەیدەری[٥٨].

### ٢. بەرزان تکریتی

بەرزان ئیبراهیم تکریتی، برای سەددام حوسێن لەدایکییەوە، ١٧ی شوباتی ١٩٥١ لە گوندی عوجە نزیک شاری تکریت لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی ل ەشاری تکریت تەواو کردووە، بۆ خوێندنی ئامادەیی چووەتە بەغدا و لەوێ لە ماڵەکەی سەددام بووە لە خێزانێکی جوتیاری هەژار ژیانی دەست پێ کردووە.

دوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لە ماڵی سەددامی برای گیرساوەتەوە، کاتێک سەددام لە قاهیرە دەگەڕێتەوە و

---

(٥٨) طال الحسن، بطانة السلطان، الطبعة الثانية، (بغداد، مكتبة الحضارات، ٢٠١٠)، ص١١٩؛ حسن العلوي، العراق – دولة المنظمة السرية، (لندن، ١٩٩٠)، ص٤٧.

ژیانی هاوسەرگیری ساز دەکات.

هەر بەهۆی بارودۆخی ژیانی سەددامی برای ئەوا هەموو پێویستی و کاروباری خێزانەکەی ئەو بەجێی گەیاندووە.

بەرزان تکریتی لە یادەوەرییەکانی خۆی باس دەکات: سەددام لەنێوان سالانی (١٩٦٤ و ١٩٦٥)، تا دەگاتە ڕۆژانی کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ پشتی بە بەرزان بەستووە، لە زۆر کاروبارەی حیزبایەتی کە لەو ماوەیەدا بەشێوەیەکی نهێنی کاریان دەکرد، بەرزان نووسیوتی: هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە (١٨) سال پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعسەوە کردووە.

لە دەستگیرکردنی عەبدولڕەزاق نایفی سەرۆک وەزیران لە ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨ سەددام حوسین دوو کەسی لەگەڵدا بوو، ئەوانەش: بەرزان تکریتی و سەلاح عومەر عەلی، بەرزان تکریتی وەک پاسەوان لەگەڵ عەبدلڕەزاق نایف بووە تا گەیشتنی بە وڵاتی مەغریب.

بەرزان تکریتی ماوەی (٥) سال لەگەڵ هەریەک لە: سەعدوون شاکر، نازم کزاز، کەریم شێخلی، لە زیندانەکانی کۆشکی (ئەلنیهایە) لە بواری لێکۆڵینەوە لەگەڵ زیندانیان و ئەشکەنجەدانیان کاری کردووە.

بەرزان تکریتی بەردەوام لە سەددام زۆر نزیک بووە، وەک دەستی ڕاستی بووە، لەو ماوە درێژەدا بەرزان ڕاهاتووە لەسەر زۆر شێوازی کارکردنی دەزگا ئەمنییەکان، پاشان بەبڕیاری

سـەددام بـووە بەرپرسـی ئەمنییـەتی (ئەنجومـەنی نیشـتمانی) بارەگای ڕاستەقینەی سەددام و سەرۆکایەتی کۆمار.

ساڵی ١٩٧٢ ، کە تەمەنی تەنها (٢١) ساڵ بووە، بە جێگری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەعدوون شاکر دانراوە.

لـە کۆتاییـەکانی ١٩٧٦ تـاوەکو ١٩٨٣، بەسـەرۆکی دەزگـای هـەواڵگری گشـتی دانـراوە، پاشـان گـوازراوەتەوە بـۆ وەزارەتـی دەرەوە و بـووە بە نوێنـەری عێـراق لـە نووسـینگەی سویسـرای سـەربە نەتـەوە یـەکگرتووەکان، دەسـەڵاتی پێـدرابوو لەلایـەن سـەددامەوە، پـارەی هـەڵگیراوی حیزبـی بـەعس لـە بانکـەکانی سویسـرا خـەرج بکـات، دوای داگیرکردنـی کوێـت، بـەرزان گەڕاوەتەوە عێـراق، لـە کـاتی داگیرکردنـی عێـراق سـاڵی ٢٠٠٣ دەستگیر کراوە و بە بڕیاری دادگای تاوانەکان لە ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ لە سێدارە دراوە[٥٩].

### ٣. نازم کزار

نازم کزار لازم عیساوی، لەدایک بووی ساڵی ١٩٤٠ی شـاری بەغدایە، لـە بنەماڵەیـەکی شـیعەی ناوچـەی عیمـارەن، خێزانەکـەی ساڵی ١٩٣٧ بۆ کار و کاسبی ڕوویان لەبەغدا کردووە.

نـازم هــەموو قۆناغــەکانی خوێنــدنی لــە شــاری بەغــدا

(٥٩) طالب الحسن، حكومة القرية فصول من سلطة النازحين من ريف تكريت، ص ٥٦؛ مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١٢٣)، ص ١٢٠.

تەواوکردووە، لە کۆلێژی پزشکی لە بەغداد وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی کاری سیاسییەوە دەوامی کۆلێژی بۆ نەکراوە، بۆیە دەرکراوە، دواجار ١٩٦٣ لە پەیمانگای ئەندازیاری پیشەسازی خوێندنی تەواو کردووە.

دوای ڕووداوەکانی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ نازم بە بڕیاری دادگا بۆ ماوەی (دە) ساڵ زینداری کراوە، بەڵام لە سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف نازم بەرلێبووردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێت.

ازم یەک لەو کەسانە بووە، لە دەزگای (حەنین) ڕۆڵی چالاک بووە، لەو سەردەمە نازم لەلایەن بەعسییەکانی هاورێی ناز ناوی (دوپشکی بەعس)ی پێ دراوە.

پاش کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ نازم پلەی ڕێکخراوەیی لە حیزبی بەعس (ئەندامی شوعبە) بووە، نازم هەرچەندە خۆی پیشەی سەربازی نەبووە، بەڵام لەسەر ڕەزامەندی سەددام حوسین، ، بە بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش دانراوە و پلە (لیوا)ی پێ بەخشراوە.

نازم بارەگایەکی گەورەی بۆ دامەزراوەی ئاسایشی گشتی پێکهێناوە، کۆشکی (ریحاب کە ناوی لێنرا کۆشکی (ئەلنیهایە) کردوویەتی بە زیندان بۆ سیاسییە نەیار و ئۆپۆزیسیۆنەکان، لەو زیندانە کە سەدان لە نەیارانی بەعسی تێدا بووە بەتووندترین شێوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکراوە و ئەشکەنجە دراون.

نازم بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەو دەزگایە (مادەی تیزاب)ی بۆ ئەشکەنجەدانی زیندانیانیان بەکارهێناوە، هەروەها ئامێری برینەوەی دەست و پێی زیندانیانی لە ئەڵمانیاوە کڕیووە و بەکاری هێناوە.

هەندێک جار نازم بە ڕۆڵی هەواڵگری گشتی عێراق هەڵساوە، بۆ نموونە ساڵی ١٩٧٢ بەبڕیاری نازم دەستەیەکی سێ کەسی لە ئەفسەرانی ئەمنی عێراق، ڕەوانەی شاری قاهیرە بۆ کوشتنی کۆمەڵە سیاسیەتمەدارێکی ئۆپۆزیسیۆن کراون، بەڵام کارەکەیان لەلایەن هەواڵگری میسر پۆچەڵکراوەتەوە، بۆیە نازم بەوە ناسرابوو کە بەناوبانگترین بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش بووە لە مێژووی عێراق.

ساڵی (١٩٧٣) هەوڵیدا کودەتایەک بەسەر ڕژێمەکەی (بەکر - سەددام) ئەنجامبدات، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبووە کوژراوە[٦٠].

### ٤. عەلی حەسەن مەجید

ساڵی ١٩٤١ لە گوندی عوجەی سەر بە پارێزگای سەلاحەددین لەدایک بووە. ئامۆزای سەددامە، ئاستی خوێندەواری دەرچووی قۆناغی سەرەتاییە، سەرەتاکانی ژیانی لە پارێزگای کەرکوک لە سەردەمی عەبدولسەولام عارف بە

---

(٦٠) شامل عبدالقادر، ناظم كزار؛ سيرة اقوى مدير الامن العام في تاريخ العراق السياسي، (بغداد، ٢٠١٥).

پۆلیس دامەزراوە، پاشان پلەی بەرزبۆتەوە لە پۆلیس بۆ عەریف

عەلی حەسەن لەناو حیزبی بەعس بەوە ناسراوە، کە ملکەچێکی ڕەهای (سەددام) بووە، هەر کارێک و بڕیارێک زۆر دژوار و نامرۆڤایەتی بووایە ئەو پێی هەستاوە.

**ئەرکەکانی عەلی حەسەن مەجید لەنێوان (١٩٦٨- ٢٠٠٣)**

١. لە هەفتاکانی سەدەی بیستەم بۆ ماوەیەک یاوەری وەزیری بەرگری بووە.
٢. ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە عێراق ساڵی ١٩٨٢.
٣. بەرپریسی حیزبی بەعس لە کوردستان ساڵی ١٩٨٧.
٤. پارێزگاری (کوەیت) دوای داگیرکردنی ساڵی ١٩٩٠.
٥. وەزیری ناوخۆی عێراق ساڵی ١٩٩١.
٦. وەزیری بەرگری لەنێوان (١٩٩١ – ١٩٩٥).
٧. بەرپرسی ناوچەی سەربازی (باشووری عێراق) لە ئازاری ٢٠٠٣. بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ژەهری کیمیاوی لە زۆر ناوچەکانی لە باشووری کوردستان بە تایبەتی هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٨، ناوبانگی بە(عەلی کیمیاوی) دەرکردووە.

پاش داگیرکردنی عێراق ساڵی ٢٠٠٣، لە ٢٤ی حوزیرانی ٢٠٠٧ دەستگیر گیرکراوە، پاش دادگاییکردنی لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ بە بڕیاری دادگا دەکوژرێت[٦١].

---

(٦١) هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري، الطبعة الاولى، (لبنان، ٢٠١٨)، ص٦٢٧.

### ٥. عەبد حەمود

عەبدولحەمید مەحموود تکریتی ساڵی ١٩٥٦ لە گوندەکانی دەورووبەری تکریت لە خێزانێکی هەژار کە بەکاری جووتیاری گوزەرانیان بەسەر بردووە لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە شاری تکریت تەواو کردووە.

پاش کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ وەک سەدان گەنجی ناوچەکەیان ڕووی لە کاری سەربازی کردووە، لە یەکەکانی پاسەوانی کۆماری وەرگیراوە، عەبد حەمود لە خولێکی سەربازی کورت خایەن بە پلەی مولازمی دووەم دەرچووە، سەرەتا لەناو هێزەکانی پاسەوانی کۆماری دامەزراوە، دوای ماوەیەک بووە بە یاوەری حوسێن کامل، پاشان لە ١٩٨٥ گوازراوەتەوە بۆ ناو ئەو یەکە سەربازییەی ساڵی ١٩٩٥ بۆ پاسەوانی تایبەتی سەددام حوسێن پێکهات.

دوای ڕووداوەکەی ١٩٩٥ و هەڵاتنی حوسێن کامل بۆ وڵاتی ئەردەن، ئەوا عەبد حەمود بووە بە سکرتێری تایبەت و یاوەری سەددام، لەو ماوەیەدا عەبد پلەی سەربازی بۆ موقەدەم بەرزکراوەتەوە.

هەرچەندە عەبد خزمایەتییەکی دووری لەگەڵ سەددام هەبووە بەبەراورد لەگەڵ حوسێن کامل، بەڵام بووە بە جێگای متمانە پێکراوی سەددام و دەسەڵاتێکی فراوانی پێ سپێردرا، بەشی هەرە زۆر لە کار و پەیوەندییەکانی و دیاریکردنی کاتەکانی چاوپێکەوتنی لەلایەن عەبد حەمود ڕێک دەخرا، هەر

بەخێرایی پلەی سەربازیشی بەرزبووە تا گەیشتە پلەی فەریقی یەکەم.

لە ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٣ لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا دەستگیرکراوە، هەرچەندە لێکۆڵینەوەی وردی لەگەڵ ئەنجامدراوە و ئەشکەنجە دراوە، بەڵام دەربارەی شوێنی خۆشاردنەوەی سەددام حوسێن هیچی ئاشکرا نەکردووە. دوای دادگاییکردنی لە دادگای تاوانەکانی لە ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٢ بڕیاری لە سێدارەدانی لەسەر جێبەجێکراوە(٦٢).

**٦. حوسێن کامل**

حوسێن کامل حەسەن مەجید، لەدایک بووی شارۆچکەی (تەل زەهەب) پارێزگای سەلاحەددینە، ناوبراو لە خێزانێکی هەژار و کەم دەرامەت بەکاری کشتوکاڵی ژیاون، باوکی حوسێن کوڕە مامی سەددام بوو.

حوسێن لە خوێندندا قۆناغی سەرەتایی تەواو نەکردووە، لە قوتابخانە ژیر و لێهاتوو نەبووە، زۆرتر خەریکی لاساری و دەستدرێژی و کەتن بووە، لەناو خەڵکیدا ناوبانگی بە کەسێکی کەتنکەر و زەبر و زەنگ دەرکردووە، لەلایەن بەرپرسانی حیزبی بەعسیش خۆشەویست نەبووە بە کەسێکی نەزان و خۆپەرست ناسراوە.

حوسێن بەهۆی بێ ئیش و کاری و خراپی گوزەرانی ژیانی،

---

(٦٢) هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري، ص ٦٣٧.

ساڵی ١٩٧٤ ڕووی لە بەرزان تکریتی کردووە ( لەو ماوەیەدا بەرزان بەرپرسیارییەتی بەرزی هەبوو لە دەزگای هەواڵگری) حوسێن لەو دەزگایە بەشوفێر دامەزرا، پاشان کارەکەی گۆڕا و بووە بە کارمەندێکی بچووک لە پرسگەی ئەو دەزگایە.

ساڵی ١٩٧٦ لە دەستەی پاسەوانەکانی سەددام حوسێن وەرگیراوە، لەو ماوەیەدا بەشداری لە خولێکی کورت ماوەی سەربازی کردووە، پلەی مولازمی دووەمی پێدراوە، لەدەستەی پاسەوانەکانی سەددام بەردەوام بووە.

ساڵی ١٩٧٩ کاتێک سەددام بووە سەرۆک کۆمار، حوسێن کامل زیاتر کاری بۆ ئەوە کردووە خۆی لە سەددام نزیک بکاتەوە، دوو برای خۆشی بەناوەکانی (سەددام و حەکیم) لە دەستەی پاسەوانەکانی سەددام دامەزراندووە.

حوسین کامل ساڵی ١٩٨٣ بووە زاوای سەددام، ڕەغد کچە گەورەی سەددام بووە هاوسەری، دیارە ئەو هاوسەرگیرییەش پڕ کیشە و ناکۆکی بووە لەناو بنەماڵەکەی سەددام، لەبەر ئەوەی بەرزانی برای سەددام و عودەی کوڕە گەورەی نارازی بوون.

**پلەوپایەکانی حوسێن کامل**

حوسێن کامل زۆر بەخێرایی پلەوپایەی بەرزی وەردەگرت و ڕووی لە سەرکەوتن بوو، سەددام زیاتر پشتی پێ دەبەست، ئەرکی باڵای حکومەتی بەحوسێن دەدا وەک:

١. بەرپرسی دەزگای ئاسایشی تایبەتی سەددام.

٢. سەرپەرشتیاری گشتی هێزەکانی پاسەوانی کۆماری.

٣. سەرپەرشتیاری گشتی پیشەسازی سەربازی.

٤. وەزیری بەرگری.

ئەگەرچی دەرچووی کۆلێژی سەربازی نەبوو و لە کۆلێژی ئەرکانیش نەیخوێندبوو، کەچی سەددام هەموو ساڵی پلەی سەربازی حوسێنی بەرز دەکردەوە، تا گەیشتە پلەی (فەریقی ڕوکنی یەکەم).

حوسێن کامل دەسەڵاتەکانی بەڕادەیەک فراوان و بەرز بوو، کە لەناو حکوومەت وەک کەسی دووەمی پاش سەددام دادەنرا، لە بەرانبەر ئەو دۆخەشدا، لە ٨ی ئابی ١٩٩٥ حوسێن کامل و سەددامی برای لەگەڵ هەردوو هاوسەرەکانیان، شاری بەغدایان بەجێهێشت و بەرەو وڵاتی ئوردن هەڵاتن، حوسێن لەو وڵاتە وەک کەسێکی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆن دژی سەددام قسەی کرد، بەڵام ئەو دۆخە درێژەی نەکێشا، لە ١٩ی شوباتی ١٩٩٦ حوسێن گەڕایەوە عێراق و خۆی دایە دەستی سەددام، دوای چەند ڕۆژێک بە فەرمانەدەی عەلی حەسەن مەجید هێزێک پەلاماریاندا و لەگەڵ بنەماڵەکەی هەموویان کوژران[٦٣].

### ٧. سەبعاوی ئیبراهیم حەسەن

شوباتی ١٩٤٧ لە گوندی عۆجە نزیک تکریت لەدایک بووە. لە دایکییەوە برای سەددام حوسێنە، براکانی لە باوکەوە: (دەهام، بەرزان، وەتبان). لە بواری خوێندن لە قوتابخانە قۆناغی

(٦٣) هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري، ص ١٠١.

سـەرەتایی تـەواو نـەکردووە، سـاڵی (١٩٦٨) پـاش سـەرکەوتنی کودەتاکەی حیزبی بەعس، سەبعاوی لەگەڵ (٥٠) کەسی دیکە لـە گەنجانی شاری تکریت، لە خولێکی کورتی سێ مانگی بەشداری کردووە، پلەی مفەوەزی پۆلیسی پێدراوە.

لەگەڵ وەتبانی برای لە کۆشکی کۆماری لەلایەن سـەددامەوە ئـەرکی پـێ دراوە، سـەبعاوی (وەک دەگێڕنـەوە) ڕەفتـار و هەڵسوکەوتی زۆر خێڵەکی بووە، داب و نەریتی عـەرەبی بیابانی بەرنـەداوە، لەگـەڵ خـەڵکی توونـدوتیژ بـووە، ماوەیـەک لـە زیندانـەکانی کۆشـکی (ئەلنیهایـە) ئـەرکی لێکۆڵینـەوە و ئەشکەنجەدانی زیندانە سیاسییەکانی پێ سپێردراوە.

لەسـەردەمی دەسـەڵاتەکەی سـەددام حوسێن،سـەبعاوی ئـەو وەزیفانەی لەدەستبووە:

١. سەرۆکی دەزگای هەواڵگری عێراق لە ١٩٩١.
٢. بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش لەنێوان (١٩٩١- ١٩٩٦).
٣. ڕاوێژکاری سەددام حوسێن لە کۆشکی کۆماری.

لە ٢٧ی شوباتی٢٠٠٥ سەبعاوی لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیر کراوە، لە دادگای تاوانەکان بڕیاری لـە سێدارەدانی بۆ دەرچووە ، لە ٨ی تـەمووزی ٢٠١٣ لـە زیندان بـەهۆی نەخۆشـی مردووە. (٦٤)

---

(٦٤) طالب الحسن، حكومة القرية فصول من سلطة النازحين من ريف تكريت، ص ١٠١؛ هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري، ص ٦١٧؛ مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١٢٣)، ص ١٩.

### ٨. وەتبان ئیبراهیم حەسەن

ساڵی ١٩٥٢ لە عـوجە لەدایک بـووە، قۆناغـەکانی خوێندنی لەشـاری تکریـت تـەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٧٠ لـە زانکـۆی مستەنسـرییەی شـاری بەغـدا لـە کـۆلێژی یاسـا بڕوانامـەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە.

ئـەو کارانـەی پێـی سـپێردراوە لـە دوای کودەتاکـەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨.

١. پارێزگاری پارێزگای سەلاحەددین

٢. وەزیری ناوخۆ لەنێوان ساڵانی (١٩٩١ – ١٩٩٥).

وەتبـان هەڵسـوکەوت و ڕەفتـاری لەسـەر هـەمان شـێوەی براکانی دیکەی بووە (بەرزان، سەبعاوی، دەهام) توونـدوتیژ و خوێنـاوی، کـارە دڕندانـە و نامرۆڤایەتییـەکانی نموونـەیان زۆرە، وەک: تەقـەکردن لـە جـەماوەری ڕاپـەڕینی (١٩٩١) لـەناو شـاری بەغدا، کە بوو بە هۆی کوشتنی دەیان کەس و بریندارکردنی ژمارەیەکی زۆر و زیندانی کردنیشی سەدان کەس.

هـەر لـەم بـارەوە، عـارف عەبـدولڕەزاق (سـەرۆک وەزیرانـی سەردەمی ڕژێمەکەی عارف) باس دەکات و دەڵێت:

وەتبان لەپێگەی وەزیری نـاوخۆ دوورخرایـەوە دوای ئـەوەی بـووە هـۆی کوشـتنی دەیـان کـەس و دەسـتگیرکردنی سـەدانیش لەناوچـەی ڕومـادی و فەلوجـە سـاڵی ١٩٩٥، بـە هـۆی شـەڕ و ناکۆکی لەنێوان تیرە و عەشایەری ناوچەکە.

لاوازی و بێباکی وەتبان لە وەزارەت، گەیشتە ڕادەیەک کە سەددام حوسێن ناچار بێت قوسەی کوڕی لەگەڵ هێزێکی پاسەوانی کۆماری ڕەوانەی ناوچەکە بکات.

وەتبان ساڵی ١٩٩٥ بەهۆی چەند کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، لەلایەن عودەی کوڕە گەورەی سەددام حوسین تەقەی لێ بکرێت و بریندار بێت.

لە ١٣ی نیسانی ٢٠٠٣ هێزەکانی هاوپەیمانان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای مووسڵ توانیانە وەتبان دەستگیر بکەن، کاتێک ناوبراو لە ڕێگای هەڵاتن بوو بەرەو سوریا، پاشان دادگایی کراوە، بەهۆی تاوانبارکردنی بە کوشتنی (٤٢) بازرگانی عێراق ساڵی ١٩٩١، ڕۆژی ١١ی ئایاری ٢٠٠٩ بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە. وەتبان لە زیندان ماوەتەوە تاوەکو ڕۆژی ١٣ی ئابی ٢٠١٥ کۆچی دوایی کردووە[٦٥].

**٩. عودەی سەددام حوسێن**

ساڵی ١٩٦٤ لە بەغدا لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەو شارە تەواو کردووە، بڕوانامەی بەکالوریوسی لەکۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی بەغدا وەرگرتووە، هەروەها بڕوانامەی دکتۆرای لەزانستە سیاسیەکانی زانکۆی بەغداوە پێدراوە.

چەند جارێک هاوسەرگیری کردووە، بەڵام بەهۆی ڕەفتاری

---

(٦٥) طالب الحسن، حكومة القرية فصول من سلطة النازحين من ريف تكريت، ص ١٠١.

وەک داوێــن پیســـی و گەنــدەلی و زەبــرو زەنگــەوە لــەژیانی هاوسەرگیریدا سەرکەوتوو نەبووە،.

عــودەی چەنــد جارێــک هــەوڵی کوشــتنی دراوە لەلایــەن ئۆپۆزیســیۆنی سیاســییەوە، ســاڵی (١٩٩٦) بەســەختی بریندار دەبێت و کاریگەری لەسەر تەندروستی بەجێهێشتووە.

عودەی لەماوەی دەسەڵاتداری باوکی چەند کارێکی بەدەستەوە بووە:

١. بەرپرسی میلیشیاکانی فیدائیون سەددام.

٢. بەرپرسیی تەلەفزیۆنی ئەلشباب.

٣. بەرپرسی ڕۆژنامەی (البعث الرياضى)ی وەرزشی.

٤. بەرپرسی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق.

٥. ئەنــدامی پەرلــەمانی عێــراق (ئەنجومــەنی نیشــتمانی) ســاڵی (٢٠٠٠).

**عودەی لە چەند ڕوویێکەوە تاوانبارکراوە:**

حەزی لەئەشکەنجەدانی ناحەزانی هەبووە، زیندانێکی تایبەتی لە باشووری شاری بەغدا هەبووە، زۆر جار وەرزشوانانی تێدا زیندانی کردووە. زۆر حەزی لەمەیی خواردنەوە بووە، ئاهەنگی سەما و ڕابواردنی ساز کردووە، ناسرابوو بەوەی دەستدرێژی دەکاتە سەر ئافرەتان، لەم بارەوە زۆر بەخراپی ناوی هاتووە.

زۆر خولیــای کڕینــی کــاتژمێری سویســری گرانبــەها بــووە، هــەروەها ئۆتــۆمبێلی جۆراوجــۆر و بــەنرخی گــران، جۆرەهــا ئۆتــۆمبێلی پێشــبڕکێی کڕیــوە، لە دوای ٢٠٠٣ زیــاتر لــە (٣٠)

ئۆتۆمبێلی مارسیدسی لەماڵەکەی بەجێماوە.

کاتێک هێزی هاوپەیمانان ماڵەکەیان پشکنیوە نزیکەی (١٥٠) ملیۆن دۆلار لە ناو سندوقی تایبەت بەجێماوە.

خاوەن موڵک و زەوی و زارێکی فراوان بووە، بە هۆی چەند بریکارێکی خۆی بەکاری بازرگانی هەستاوە، چەندین کارگەی پەلەوەری هەبووە، تاوانبار کراوە بە دزینێکی زۆر لە وڵاتی کوەیت لە کاتی داگیرکردنی.

لە ١٣ی تەمووزی ٢٠٠٣ لەگەڵ قوسەی برای لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە لە شاری موسڵ دوای پێکدادان دەکوژرێت[٦٦].

**١٠. قوسەی سەددام حوسێن**

١٧ی تەمووزی ١٩٦٦ لە شاری بەغدا لەدایک بووە، دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی لەکۆلێژی ماف لە زانکۆی بەغدا وەرگیراوە، هاوسەرگیری لەگەڵ کچی فەریق ڕوکن ماهیر عەبدولڕەشید کردووە. ئەو ئەرکانەی بەدەستییەوە بووە لە سەردەمی حوکمڕانی سەددام حوسێن:

١. فەرماندەی پاسەوانی کۆماری.

٢. بەرپرسی دەزگای ئەمنی تایبەتی سەددامی باوکی.

٣. سەرپەرشتیکردنی ئاسایشی ناوچەی بەغدا لە ماوەی ڕاپەڕینەکەی ئازاری ١٩٩١. لەو ساڵەدا بەهۆی بڕیارەکانی

---

(٦٦) مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١٢٣)، ص٢٤؛ مجلة الوسط البنانية، العدد ١٧٨، بتاريخ ٢٦/ حوزيران/ ١٩٩٥.

قوسەی، ژمارەیەکی زۆری گەنجی گەڕەکەکانی (شاری سەورە)، گەڕەکی جەمیلە، گەڕەکی کوردان لەشاری بەغدا کوژراون و زیندانی کراون.

٤. ساڵی ٢٠٠١ بووە بەئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس.

٥. جێگری دووەمی سەددام حوسێن بوو، لە مەکتەبی سەربازی حیزبی بەعس.

٦. سەرپەرشتیکردنی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی، ئەنجومەنەکە پێکهاتبوو لە وەزیری ناوخۆ و بەرپرسی دەزگا هەواڵگرییەکان.

٧. فەرماندەی هەموو یەکە سەربازییەکانی ناوچەی بەغدا بووە لە ماوەی جەنگی ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ ئەمریکا.

قوسەی بووە بەهۆی کوشتنی ئیمام محەمەد باقر سەدر، گەورە پیاوی ئایینی شیعەکانی باشووری عیراق لەشوباتی ١٩٩٩.

لە نیسانی ١٩٩٨ بە بڕیاریی قوسەی سەددام حوسێن دوو هەزار زیندانی لە زیندانەکەی ئەبو غرێب لەسێدارە دراون.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٩ بەبڕیاری سەددام حوسێن لەکاتی ڕوودانی هەر ئەگەرێک، ئەوا قوسەی هەموو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەکار دەهێنێ.

چاودێرانی سیاسی لێکدانەوەیان بۆ بڕیارەکانی سەددام وابووە کە قوسەی کوڕی جێگرەوەی دەبێت.

لە ١٣ی تەمووزی ٢٠٠٣ قوسەی لەگەڵ مستەفای کوڕی و

عودەی برای لەناو شاری مووسڵ لەلایەن هێزێکی ئەمریکی دوای پێکدادان کوژراون(٦٧).

### ١١. سەمیر شێخلی

سەمیر محەمەد عەبدولوەهاب شێخلی، ١٩٤٥ لەدایک بووە، کۆلێژی ئابووریی و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە.

سەمیر لە گەڕەکی (بابولشێخ)ی شاری بەغدا گەورە بوو، هاوڕێکانی بەرەڵلاو چەقۆ کێش ولە کەتن کەران بوون، مامۆستاکەیان لەو بوارە تاریق ئەحمەد کەلەکی بەناوبانگ پەروەردەی کردووە، ئەوانە جۆرەها کاری دەستدرێژیان بۆ سەر خەڵکی ئەنجامداوە، باندەکەی سەمیر بریتی بوون لە: سەعدوون شاکر، سامر تکریتی و تاریق ئەحمەد کەلەک.

سەمیر لە چالاکییە ڕۆشنبیری و زانستییەکان دوور بووە، ناوبانگی بەکورە بێ تام و خورێییەکە دەرکرد بوو.

ساڵی ١٩٦٨ سەمیر بووەتە بەرپرسی (یەکێتی قوتابیانی)ی سەر بەحیزبی بەعس، ناوبراو لەو سەردەمە خوێندکاری کۆلێژی ئابووری بووە.

سەمیر لەلایەن سەددام حوسێنەوە لە دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆشکی (ئەلنیهایە) کاری پێسپێردرابوو، بۆ ئەشکەنجەدانی زیندانیان.

---

(٦٧) هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري، ص٦٠١.

١. ئەو ئەرکانەی لەناو حکوومەت بەدەستیەوە بووە:
٢. یاریدەدرەی توێژەری ئاماری لە وەزارەتی پلاندانان ساڵی ١٩٦٨.
٣. ئەندامی لیژنەی بەدواداچوون بۆ کاروباری نەوت لە سەرۆکایەتی کۆمار.
٤. ئەمینداری بەغدای پایتەخت ساڵی ١٩٧٨.
٥. ڕاوێژکاری سەرۆک کۆمار ساڵی ١٩٨٢.
٦. وەزیری خوێندنی باڵا ١٩٨٤.
٧. وەزیری ناوخۆ ساڵی ١٩٨٧.

سەمیر لە کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی بەعس ساڵی ١٩٨٢ بە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس هەڵدەبژێردراوە، ساڵی (١٩٩١) وازی لە کاری سیاسی هێناوەو دوورخراوەتەوە.

دەربارەی دوورخستنەوەکەی لە دەسەلات، هەندێک لایەنی ئاگادار ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، هۆیەکەی بۆ ڕازیبوونی سەمیر بووە لە کردنەوەی شوێنێک بۆ کاری داوێن پیسی لە شاری بەغدا، ئەم بڕیارەی سەمیر کاردانەوەی هەبووە، لەلایەن بەشێک لە ئەندامانی باڵای حیزبی بەعس[٦٨].

### ١٢. عەلی ماما

ناوی تەواوی عەبدولئەمیر موسلم مەلا سوهیل عەبدەلییە، بەهۆی زۆر پەنابردنی و ناوهێنانی دایکی، ناوی لێنراوە عەلی ماما.

---

(٦٨) هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري، ص ٦١٠.

ساڵی ١٩٣٥ لە گەڕەکی تکریتییەکانی شاری بەغدا لەدایک بووە، کەسێکی بەرەڵلاو و زۆر پڕکێشە و ئاژاوە و کاری نەگریس بووە، لە چاوپێکەوتنێک ساڵی ١٩٩٨ وتوویەتی: بەرپرسانی حیزبی بەعس هەر جارەی (٥) دیناریان دەدامی بۆ ئەوەی ئەگەر عەبدولکەریم قاسم (سەرۆک وەزیران ساڵی ١٩٥٨) بەئۆتۆمبیلەکەی بەو ناوە تێپەڕ بوو پەلکە شووتی و گوندۆرەی تێبگرم.

بیروباوەری عەرەبچێتی هەڵگرتووە، بە هۆی نزیکی لە ماڵی خەیروڵلا تلفاحی خاڵی سەددام، ببووە هاوڕێی هەمیشەیی ئەو، ساڵی ١٩٦٨، لە سەردەمی دەسەڵاتی حیزبی بەعس، کاتێک وەزارەتی ناوخۆ بڕیاریدا بەپاکردنەوە و کۆتایی هێنان بەدیاردەی (شەقاوەکان)، عەلی مامە هەڵهات و ڕووی کردە وڵاتی کوێت، لەوێوە گەیشتە سوریا و پاشتر گەیشتە شاری قاهیرە.

لە قاهیرەی پایتەختی کۆماری میسر گیرساوەتەوە، تێکەڵی ژیانی خەڵکی ئەوێ بوو، هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی میسری ئەنجامداوە، بەڵام بەهۆی بێکاری ئەوا ژیان و گوزەرانی سەخت بووە.

ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لەو شارە ویستوویانە بەکاری بهێنن، داوایان لێکردووە کاتێک سەددام دێت بۆ قاهیرە، ئەو هەوڵی کوشتنی بدات بەرانبەر بڕە پارەیەکی باش، عەلی مامە لە قاهیرەوە پەیوەندی بەخەیروڵلا تلفاح کردووە (لەو سەردەمە پارێزگای بەغدا بووە)، بەو کارە ئاگاداری کردووتەوە، خەیروڵلا

دوای ماوەیەک گەیشتووەتە قاهیرە و چاوی بەعەلی ماما کەوتووە، پاش گەڕانەوەی سەددام ئاگادار دەکاتەوە.

سەددام ساڵی ١٩٧١ بۆ هەندێک کاروباری خۆی سەردانی قاهیرە دەکات، لەوێ چاوی بەعەلی ماما دەکەوێت و لە گەڵی ئاشت دەبێتەوە، دواتر لەگەڵ سەددام بۆ بەغدا دەگەڕێتەوە.

لە ئازاری ١٩٧١ سەددام داوای لێ کردووە بەشداری لە کوشتنی حەردان تکریتی لە وڵاتی کوەیت بەهاوکاری چەند ئەفسەرێکی هەواڵگری بکات، عەلی ماما ڕازی دەبێت و لە کارەکەی سەرکەوتوو دەبێت. لەبەرانبەر ئەو کارە، سەددام پاداشتێکی باشی دەکات، دوو شوقەی لەناو شاری بەغدا پێداوە، هەر شوقەیەکی بۆ یەکێک لە هاوسەرەکانی.

ساڵی ٢٠٠٦ عەلی مامە پەیوەندی بە ڕێکخراوی (قاعیدە) دەکات، لەناو شاری بەغدا لە چەند چالاکییەک دژ بەهێزەکانی ئەمریکا بەشداری دەکات، ساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ یەکێک لە هاوسەرەکانی بەکوژراوی لە ناو شوقەیەک دەدۆزرێتەوە[٦٩].

### ١٣. سەباح میرزا

سەباح میرزا مەحمود، ساڵی ١٩٤٣ لە بەغدا لە گەڕەکی ئەعزەمییە لەدایک بووە، بەڕەچەڵەک کوردە، بەڵام بەکوردی نەدواوە و زمانی کوردیشی نەزانیوە، باوکی فەرمانبەرێکی

---

(٦٩) مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١٢٣)، ص ٤٢.

ئاسایی بووە، سێ برا و خوشكێكی هەبووە.

سەباح لەتەمەنی (١٦) ساڵییەوە پەیوەندی بەڕێكخستنەكانی حیزبی بەعسەوە كردووە، وا دەردەكەوێت هیچی لە مێژووی بنەماڵەكەی خۆی نەزانیوە، ڕۆشنبیری و كلتووری عەرەبی بەسەریدا زاڵبووە، خوێندنی لە قوتابخانەكانی بەغدا تەواو كردووە، دەرچووی كۆلێژی زمان، زانكۆی بەغدایە.

سەباح ساڵی ١٩٥٩ بەهۆی بەشداریكردنی لە خۆپیشاندانەكانی دژی ڕژێمەكەی عەبدولكەریم قاسم، دەستگیركراوە و ماوەی (٦) مانگ لە گرتووخانە ماوەتەوە.

لە كودەتاكەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ بەشداریكردووە و بەرپرسی گروپێكی چەكدار بووە، لەناو شاری بەغدا ئەركی پێ سپێردراوە.

پاش سەركەوتنی كودەتاكە بە ماوەیەكی كەم دەبێتە یاوەری سەددام حوسێن و جێی متمانە و باوەڕی، پلەی ئەفسەری پێدراوە و بەرزدەبێتەوە تا پلەی لیوا لە سەرەتاكانی حوكمی بەعسەوە، بەشداریكردووە لەهەڵمەتی گرتن و لێكۆڵینەوە دژی هێزە سیاسییەكان و ئۆپۆزیسیۆن، لەگەڵ نازم كزار بەیەكەوە توانیویانە سەركردەی حیزبی شیوعی (عەزیز حاج) دەستگیر بكەن.

سەباح ماوەیەك خولیای وەرزش بووە، لە سەردەمی دەسەڵاتی حیزبی بەعس بەسەرۆكی یانەی (ئەلشەباب)ی وەرزشی دانراوە، هەروەها خاوەن ڕۆژنامەی (ئەلبەعس)ی وەرزشی بوو.

دوای داگیرکردنی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیر کراوە و لەژێر چاودێری دانراوە، ساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردووە[٧٠].

**خولە سەربازییەکان و ئامادە کردنی هێزی تایبەت**

پاش سەرکەوتنی حیزبی بەعس لە کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨، هەروەها بۆ ئەوەی بەخێرایی دەست بەسەر جومگە گرنگ و هەستیارەکانی دەوڵەت بگرن، ئەوا ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حوسێن پەنایان بردووەتە بەر پلانێک، کە بەهۆیەوە سەدان کەسی نزیک خۆیان لە خزم و عەشیرەت و ناوچەکانی تکریت و ڕومادی، ئامادە بکرێن بۆ ئەوەی لە کار و شوێنی پێویستی ناو حکومەت دایان بمەزرێنن، بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاردراوە بە:

١. کردنەوەی خولی خێرا بۆ ئەو کەسانەی خوێندنی سەرەتاییان تەواوکردووە بەناوی (خولی مفەوەزی پۆلیس). پاش دەرچوونیان لەو خولانە لەناو دامودەزگاکانی ئاسایش ، پۆلیس شوینەکانی دیکەی وەک زیندان و بارەگای پاسەوانی دابەشیان بکەن. یەکەم خول لە (٨ی تشرینی دووەم ١٩٦٨) کراوەتەوە، (٥٠) پەنجا کەس بەشدارییان تێیدا کردووە. دواتر بەبڕیاری بەکری سەرۆک کۆمار دامەزران.

---

(٧٠) طالب الحسن، بطانه سلطان، (بغداد،٢٠١٠)، ص١٥١.

٢. كردنەوەی خولی سەربازی بۆ ئەفسەران. كۆلێژێک بەناوی كۆلێژی یەدەگی (كلیة الاحتیاط) بۆ ئەوانی خوێندنی ناوەندییان تەواو كردووە و ناتوانن لە كۆلێژی سەربازی وەربگیرێن كراوەتەوە، بەسەدان كەس لەو كۆلێژە ڕاهێنان و فێربوونیان لە ماوەیەكی كەمدا تەواو كردووە و بە ئەفسەر لەناو یەكەكانی سوپای عێراق دامەزران.

٣. دامەزراندنی زانكۆیەک بەناوی زانكۆی (بەكر) بۆ توێژینەوە سەربازییەكان ئەم زانكۆیە بەسەر چوار كۆلێژ دابەش ببوو، ئەوانیش.

أ-كۆلێژی بەرگری نیشتمانی.

ب- كۆلێژی جەنگ

ح- كۆلێژی ئەركان

د- كۆلێژی سەركردایەتی.

دەرچووانی ئەو كۆلێژانە بڕوانامەی (ماجستیر – دكتۆرا)یان پێدەدرا، لە بواری زانستە سەربازییەكان.

٤. كردنەوەی كۆلێژی (یاسا و سیاسەت) سەر بەزانكۆی موستەنسرییە لە سەرەتای حەفتاكانی سەدەی بیستەم، بەمەبەستی ڕێگاپێدان بۆ ئەندام و كادیرانی حیزبی بەعس، ئەوانی نمرەكانیان لە خوێندنی ئامادەیی كەم بووە و دەرفەتیان بۆ خوێندنی باڵا نەبووە، ئەوا لەو كۆلێژە وەربگیرێن، بەم هەنگاوە سەدان ئەندام و كادیری حیزبی

بــەعس بڕوانامــەی باڵایــان لــە یاســا و سیاســەت وەرگــرت. ئەوانــە لــەناو دەزگــا و شــوێنە هەســتیارەکانی حکوومــەت کاریان پێ سپێردراوە.

## باسی هەشتەم: پەیوەندییەکانی سەددام حوسێن لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر و میشیل عەفلەق

### یەکەم: سەددام و ئەحمەد حەسەن بەکر

هۆیەکانی ئەو پەیوەندییە توندەی نێوان بەکر و سەددام زۆرن، وەک: بەکر و سەددام هەردووکیان لە یەک عەشیرەتن، ئەویش عەشیرەتی (ئەلبوناسر)ە، هەروەها لەیەک لقی ئەو عەشیرەتەن، کە لقی (بیجاتە) و لە سنووری پارێزگای تکریت (سەلاحەددین) ژیاون.

سەددام لە لای دایکییەوە پەیوەندی خزمایەتی بە بەکر دەبەستێتەوە، دایکی سەددام (سەبحە تلفاح مەسلەت) کچە مامی بەکرە، کەواتە بەکر و مەسلەت برای یەکترن.

ئەحمەد حەسەن بەکر پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ خەیروڵڵا تلفاحی خاڵی سەددام هەبووە، ئەگەرچی لە چەند ڕوویێکەوە لە بیروباوەڕی سیاسی جیاوازییان هەبووە، هەردووکیان لە شاری بەغدا لە گەڕەکی (خزر ئەلیاس) نیشتەجێ ببوون، (بەری کەرخ)، سەددامیش کە ماوەیەک لە ماڵی خاڵی ژیاوە بەو هۆیەوە لەگەڵ بەکر یەکتریان ناسیوە و لەنێوانیان پەیوەندییەک دروست بووە.

دوای گەڕانەوەی سەددام بۆ بەغدا ساڵی ١٩٦٣، ئەوا بە بڕیارێکی بەکر، سەددام وەک ئەندام لە مەکتەبی جووتیارانی حیزبی بەعس دانراوە، هەروەها بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی حیزبی بەعس و ململانێ ناوخۆییەکان ساڵی ١٩٦٤ سەددام

بەبڕیارێکی بەکر وەک بەرپرسی دەزگای (حەنین) دانراوە.

ساڵی ١٩٦٦ دوای هەڵاتنی سەددام لە زیندان، پەیوەندییەکانی نێوان بەکر و سەددام زۆر بەهێزتربووە، لە هەموو ئەو ڕووداو و قۆناغانە، خەیروڵڵای خاڵی سەددام ڕۆڵی هەبووە لە پشتگیریکردنی سەددام، هەر بەهاندانی خەیروڵڵا، بەکر ڕێنمایی و چاودێری کار و چالاکییەکانی سەددامی کردووە، ئەرکی زۆرتری پێ سپاردووە[٧١].

بەو شێوەیە دۆستایەتی و هاوپەیمانییەتی لەنێوان هەردوولا (بەکر و سەددام) بەهێز بووە، ئەو دۆخە بۆ زیاتر لەدە ساڵ درێژەی کێشاوە.

لەو ماوەیەدا سەددام شارەزایی تەواوی لە پێکهاتەی حیزبی بەعس پەیدا کردووە، لە شێوەی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی نێوان بەرپرسان، ئاست و ڕۆڵی هەر بەرپرسێک و پەیوەندییەکانی نێوانیان باش شارەزا بووە.

لە ڕوویەکی دیکەوە بەهۆی پشتگیری بەکر، وەک کەسی یەکەمی حیزبی بەعس بۆ سەددام بە بەردەوامی، سەددام بەردەوام بوو لە پێکهێنان و پەرەپێدانی دەزگای هەواڵگری ناوخۆی بەعس. دیارە ئەو دەزگایە ئامرازێکی کاریگەر بووە، بۆ ئەوەی سەددام بەخێرایی پێیدا سەرکەوێت، ئەوە سەرەڕای ڕۆڵی خەیروڵڵا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەکر، کە بەهۆیەوە

---

(٧١) مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١٣٥)، (بغداد، تشرين الاول ٢٠٢٣)، ص٢٥.

سەددام بەرەو لوتکەی دەسەڵات پێشکەوت، خەیروڵڵا بەردەوام ئامۆژگاری بەکری کردووە؛ سەددام کوڕی تۆیە پشتی پێ ببەستە، تۆ لەم ڕۆژگارە پێویستیت بە کوڕی بنەماڵە و عەشیرەت دەبێت، نەک سوپا و حیزب، کە بەردەوام لە گۆڕاندان[٧٢].

لەنێوان (١٩٧٢ - ١٩٧٣) هەندێک کیشە و جیاوازی کەوتە نێوان بەکر و سەددام، سەددام یەک لایەنە و بێ گەڕانەوە بۆ بەکر چەند بڕیارێکی دژواری دەرکرد. کە تەنها دەسەڵاتی سەرۆک کۆمارە، وەک لە سێدارەدانی ژمارەیەک کادیر و ئەندامانی حیزبی شیوعیی عێراق، بەکر زۆری پێ ناخۆش بووە، چونکە پێشتر بەڵێنی بەسەرکردەکانی حیزبی شیوعی دابوو کە ئەوانە ناکوژرێن، هەروەها لە سێدارەدانی (شێخ عەبدولعەزیز بەدری) بوو، ئەو کارە بەکری تاساند، لەبەر ئەوەی بەڵێنی دابوو بە کۆمەڵەی (ئیخوانی موسلمین) کە ئازادی دەکات و دەگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا، بەکر چاوی لە سەددام پۆشت و هیچ کاردانەوەیەکی بەرانبەری نەبووە[٧٣].

**نووسەری شارەزای ئەم بوارە (شامل عەبدولقادر) بەم شێوەی خوارەوە باس لەو پەیوەندییەی نێوان سەددام و بەکر دەکات:**

لە حاڵەتی وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لەنهێنی پەیوەندییەکانی

---

(٧٢) سعيد أبو ريشه، صدام حسين سياسات الانتقام، (نيويورك، ١٩٩٩)، ص ٨٦.

(٧٣) حنا بطاطو، العراق الكتاب الثالث، ترجمة: عفيف الرزار، (بيروت، مؤسسة الابحاث العربية، ١٩٩٢) ص ٣٣٩.

نێوان بەکر و سەددام حوسێن، بۆمان دەردەکەوێت کە بەردی بناغەی ئەو پەیوەندییە کارکردن بوو لەپێناو ڕێگرتن لە دەرکەوتنی نموونەیەکی دیکەی وەک عەبدولسەلام عارف، یاخود هەر کەسێکی دیکە، کە هەڕەشە بێت لەسەر دەسەڵاتەکەی حیزبی بەعس.

**شامل نووسیوویەتی:**

لە لێکۆڵینەوەکانم دەربارەی کەسایەتی بەکر ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە بەکر خۆی بە سەددامەوە هەڵواسیوە، یان بەستۆتەوە، سەددام لەژێر چاودێری و ڕێنماییەکانی بەکر کاری کردووە.

سەددام لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٣، وەکو کوڕی چوارەمی بەکر بووە، پاش کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨، سەددام لەلایەن بەکرەوە بەخۆشەویسترین منداڵی خۆی داناوە[٧٤].

**لە نووسینێکی دیکەی شامل هاتووە:**

ئەوەی بووە هۆی یەکگرتنی بەکر و سەددام، تەنها ئەو پاشخانە هاوبەشەی بیروباوەڕی عەرەبچێتی نەبووە، بەڵکو زیاتر متمانە بەیەکتری و هۆکاری عەشایەری و خزمایەتی و ناوچەگەرێتی بووە.

سەرەڕای ئەوەش ئەو دوو کەسە (بەکر و سەددام) هەندێک خەسڵەت و دیاردەی هاوبەشیان هەبووە، وەک: هەردووکیان لە ڕووی ڕەفتارەوە زۆر بەتووندی خۆ پارێزبوون لەنهێنی

(٧٤) مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٩٣)، ص ٩.

درکاندن، بڕیارەکانیان بەپەلە و سەرپێی نەبووە، سەددام زیاتر خەسڵەتی ئازایەتی و ئیرادەی بەهێزی هەبووە، مێشکی باشتر کاری کردووە، لە بڕیارەکانی توونددوتیژ و یەکلا کەرەوە بوو.

**سەلاح عومەر عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس لەچاوپێکەوتنی کەناڵی تەلەفزیۆنی (جەزیرە) دەڵێت:**

ئەگەر بەکر نەبووایە سەددام نەدەگەیشتە پێگەی دووەم لەناو حیزب و لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ساڵح مەهدی عەمماش کە پاڵێوراوی بەهێزی ئەو پێگەیە بوو، هەروەها لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی سەرکردایەتی پشتگیری دەکرا، دوورخرایەوە و ڕێگە خۆشکرا بۆ سەرکەوتنی سەددام حوسین.

بەکر و سەددام بەیەکەوە پیلانیان دەگێڕا، بەرنامەیان دادەنا، سەرەتا لەناو حیزب، بۆ پاککردنەوەی ڕیزەکانی لەو کەسانەی ڕێگربوون لەبەردەمیان، بە کوشتن یان دوورخستنەوە یاخود گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی عێراق، پاشانیش نزیکردنەوە و پڕکردنەوەی ئەو شوێنانە بە کەسانی سەربەخۆیان، تا هەموو جومگە گرنگ و هەستیارەکانی ناو حیزب و دەسەڵات دەستیان بەسەر داگرت[٧٥].

چەند نموونەیەك لەوانی كۆتایی بەرۆڵیان هات

١. ئەحمەد عەبدولستار جواری (لە وەزارەتی پەروەردە دووخرایەوە).
٢. ڕافع هاشمی (ئەندامی سەرکردایەتی دوورخرایەوە).
٣. تاڵب سویلح (ئەندامی سەرکردایەتی، لە ٨ی ئابی ١٩٧٩

---

(٧٥) صحيفة الشرق الاوسط، العدد (٥٣٤٦)، ١٨ تموز ١٩٨٣.

کوژراوە).

٤. عەلی عولەیان (لە حیزب دەرکراوە).

٥. محەمەد فازڵ (لە ٣ی تەمووزی ١٩٧٣ کوژراوە).

٦. تەها مەحموود سامەڕایی (شوێن بزر کراوە).

٧. نوری حەمادی (بەروداوی ئۆتۆمبیل مرد) [٧٦].

**دووەم: میشیل عەفلەق و سەددام حوسێن**

میشێل عەفلەق دامەزرێنەری حیزبی بەعس، بۆ یەکەم جار ناوی سەددام حوسێنی ساڵی ١٩٥٩، دوای بەشداریکردنی سەددام لە هەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم لە شاری بەغدا، چوونی بە برینداری بە دیمەشق، بیستووە، بەڵام وەک ناسین و دیتن، یەکەم جار عەفلەق ساڵی ١٩٦٣ لە میانەی بەستنی کۆنگرەی نائاسایی حیزبی بەعس لە عێراق چاوی بە سەددام کەوتووە.

بەپێی چەند سەرچاوەیەک، عەفلەق سەددامی لاپەسەند بوو، هەروەها سەرسامیش بوو بەلێهاتوویی گەنجێک لەو تەمەنە بەو جۆش و خرۆشە و هەڵگری بیروباوەڕی بەعس بە گەرمی. لەبەرانبەریشدا سەددام زۆر ڕێز و خۆشەویستی بۆ عەفلەق دەردەبڕی.

پاش ئەو دۆخەی لەناو حیزبی بەعس ڕوویدا لە ململانێی خوێناوی و دووبەرەکی و جیابوونەوەی باڵی سەر بە سوریای

---

(٧٦) احمد منصور، برنامج شاهد علي العصر، قناة الجزيرة، (بيروت، مكتبة الحضارات)، ص١٨٢.

ناسراو بە باڵی چەپ، لەگەڵ باڵەکەی دیکەی حیزب کە بەکر ڕابەرایەتی دەکرد و ناسراو بە باڵی ڕاست، باڵی ڕاسترە و توانیان بە پشتیوانی عەفلەق لە عێراق دەسەلات و جڵەوی حیزب بگرنە دەست، بەم هەنگاوەش ڕێڕەوی سەددام حوسێن بەکردار دەستی پێ کرد(٧٧).

میشێل عەفلەق بەهۆی ململانێی توندی نێوان باڵەکانی حیزبی بەعسی سوریا، ساڵی ١٩٦٦ لە ترسی کوشتنی شاری دیمەشقی بەجێهێشت و خۆی گەیاندە وڵاتی بەرازیل. بۆیە سەرکردەکانی بەعس لە عێراق دوای گەیشتنیان بە دەسەلات ساڵی ١٩٦٨ بە گەرمی هەوڵیاندا وەک ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی نەتەوایەتی عەفلەق بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. بۆ ئەم مەبەستەش چەند جارێک ئەندامانی سەرکردایەتیان ناردە لای لە بەرازیل و دواتر لە فەرەنسا بۆ ئەوەی ڕازی بکەن لە بەغدا نیشتەجێ بێت.

دیارە دوای هەوڵێکی زۆر عەفلەق ڕازی بووە بێتە بەغدا، ساڵی ١٩٦٩ لەلایەن سەرکردایەتی حیزبی بەعس پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە، بەشێوەیەکی ڕادەبەر لە خزمەتی بوون، ئەو هەنگاوەشیان زیاتر مەبەستی ئەوەی لە پشتەوە بوو کە شەرعییەت بدەن بە باڵەکەی حیزب، کە لە عێراق حوکمڕانی دەکات و ببێتە پاڵپشتییەک بۆیان.

ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حوسێن بەردەوام

---

(٧٧) غسان شربل، صفحات من حياة مؤسس حزب البحث، بتاريخ ٥ تموز ٢٠٠٨ (www.markaztharafisaida.org).

سەردانیان دەکرد، بەڵام وەک دەسەڵات، عەفلەق هیچ ڕۆڵێکی نەبوو لە کاروباری عێراق، تەنیا لە کاروباری حیزبی بەعس لە وڵاتانی دیکەی عەرەب ئاگاداردەکرایەوە.

لە بەغدا عەفلەق پشتگیری خۆی بۆ دەسەڵاتی حیزبی بەعس دەربڕیوە، ناوبراو بەچاوێکی پڕ ئومێد و ڕێزەوە تەماشای سەددامی کردووە، بەبەعسییەکی ڕاستەقینەی زانیوە کە لە بیروباوەڕی حیزبی بەتەواوی و دروستی تێگەیشتووە. سەددام بەردەوام دووبارەی کرووەتەوە عەفلەق وەک باوکە بۆ حیزب.

سەددام بەپشتیوانی عەفلەق خۆی لە بەرانبەر بەکر خۆی بەهێز کردووە، کاری سەددام بۆ ئەوە بووە، ڕێکخراوەکانی بەعس بەهێز بکات و دڵسۆزانی خۆی لە ڕیزەکانی دەسەڵاتدابن، بۆ ئەوەی بەرانبەر هێز و دەستڕۆیی بەرپرسە سەربازییەکانی ناو سوپا، بەتایبەتی وەک: سالّح مەهدی عەمماش، حەردان تکریتی بگرە تاوەکو دەگاتە ئەحمەد حەسەن بەکر بووەستێت، لەهەر هەوڵێکیان بۆ دەستگرتن بەسەر کاروباری حیزب و حکوومەت، ئەو کارانەش بە پشتیوانی عەفلەق بووە بۆ باڵەکەی سەددام، کە لەبەغدا پێگەیەکی گەورەی خەیاڵاوی بەدەوردا بۆ پێکهێنرا بوو.

سەددام کاتێک ناوبانگی و وێنەکانی بڵاودەبوونەوە و ناوبانگی دەکەوتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان (بەتایبەتی لەهەفتاکانی سەدەی ڕابردوو)، عەفلەق یەکێک بوو لەو کەسانەی شانازی پێوە دەکرد، عەفلەق وای دادەنا سەددام مزگێنی ئاسمانە بۆ حیزبی بەعس و مزگێنی حیزبی بەعسیشە بۆ نەتەوەی عەرەب.

کاتێک عەفلەق لە حوزەیرانی ١٩٨٩ کۆچی دوایی کرد، لە شاری پاریس، دواتر تەرمەکەی بۆ شاری بەغدا گوازرایەوە، سەددام حوسێن بەیانێکی دەرکرد لە ڕۆژنامەکانی عێراق بڵاوکرایەوە، لەو بەیانەدا هاتبوو، بڕیار لەسەر دروستکردنی گڵکۆیەک دراوە، شایانی پێگەی دامەزرێنەری حیزبی بەعس بێت.

لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ خاتو ڕەزان عەفلەق، وەڵامی چەند پرسیارێکی داوەتەوە دەربارەی پەیوەندی نێوان عەفلەق و سەددام(٧٨):

**پرسیار**: ئایا باوکت بەڕاستی سەددامی خۆش دەویست؟

**وەڵام**: بەڵێ خۆشی دەویست، لەبەر ئەوەی سەددام تێکۆشەرێکی بەعس بوو، زۆر بەجۆش و خرۆش و ورە بەرز بوو، باوەڕی بەکێشەکانی نەتەوە و بنەماکانی حیزبی بەعس هەبوو، هەروەها خاوەن کەسایەتییەکی تایبەت بوو.

**پرسیار**: بیروبۆچوونی عەفلەق لەئاست ئەزموونی حوکمڕانی سەددام لەعێراق چی بوو؟

**وەڵام**: حیزبی بەعس دەسەڵاتی گرتە دەست لەوڵاتێکی خاوەن سامان و توانایەکی زۆر گەورە، عێراق قورسایی و گرنگییەکی ستراتیژی گەورەی هەیە، بیر و بۆچوونی عەفلەقی باوکم بریتی بوو لە:

بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی وامان بەسەردا دەسەپێنێت کە لایەنگری ئەزموونی حیزبی بەعس لە عێراق بکەین، هەروەها پشتگیری بەهێز کردنیشی.

---

(٧٨) حسن العلوي، العراق دولة المنظمة السرية، ص١١١.

ڕووداوەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد، کە ئەزموونی بەعس لە عێراق بەرەو ڕووی پیلانی ناوخۆیی دەبێتەوە بەپشتگیری دەرەکی، عێراق بەسەرکردایەتی سەددام بنکەیەکە بۆ هەلۆیستێک پاڵپشتی کێشەی فەڵەستین دەبێت دژی هەموو هەوڵێکی خۆبەدەستەوەدان.

**نووسەری کتێبی (العراق دولة المنظمة السرية) گفتوگۆیەکی خۆی لەگەڵ سەددام دەربارەی میشێل عەفلەق، دەخاتە ڕوو:**

**پرسیار:** بۆ تۆ خۆت نابیتە ئەمینداری گشتی حیزب لە جیاتی عەفلەق؟

**وەڵام:** تۆ وەک هاوڕێکانی سوریا مەبە، ئەوانی پشتیان لە عەفلەق کرد. هەروەها وەک ئەو هاوڕێیانەی دیکە کە هەمان ویستیان خستە بەردەمم.

**پرسیار:** زۆر باشە بەڵام هاوڕێکانی سوریا خۆیان لە عەفلەق ڕزگار کرد؟

**وەڵام:** عەلی ساڵح سەعدی لە عێراق، ساڵی ١٩٦٣ پێش هاوڕێکانی سوریا ئەو کارەی کرد ، بەڵام ڕووخا.

**پرسیار:** بەڵام ئەو کارە لەگەڵ تۆ جیاوازە؟؟

**وەڵام:** بەڕادەی ڕێزم بۆ ئەو سەرکردایەتییە مێژووییە، ئەوا لە بارودۆخێکی چاکتر دەبین، توانای سەددام حوسێن لە توانای ئەو سەرکردایەتییە و لە ملکەچی تەواوم بۆ میشێل عەفلەق وەرگیراوە(٧٩).

(٧٩) حسن العلوي، العراق دولة المنظمة السرية، ص٦٧.

## باسی نۆیەم: سەددام حوسێن و ئەنجامدانی تاوان

دەسەڵاتی سەددام حوسێن وەک کەسی یەکەمی دەسەڵات لەنێوان (١٩٧٩ – ٢٠٠٣) درێژەی کێشاوە، کەسێتی سەددام زۆر جێگای سەرنج و مشتومڕ بووە، بەچەند جۆرێک باسی لێوەکراوە. هەر چەندە لە ماوەی حوکمڕانییەکەی هەندێک دەسکەوتی هەبووە، وەک خوێندن و بونیادنانی ژێرخانی ئابووری، بەڵام سەرتاپا دەسەڵاتێکی خوێناوی و پڕ تاوان بووە، مافەکانی مرۆڤ، لە سایەی ئەو دەسەڵاتە ژێر پێ خراوە.

### لێرەدا بەکورتی ئاماژە بۆ بەشێکی ئەو تاوانانە دەکەین

ناوەڕۆکی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، تێیدا پشت بەو گفتوگۆیانە و ئەو بەڵگانە دەبەستێت کە لەو عێراقییانە وەرگیراون، ئەوانی وڵاتی خۆیان بەجێهێشتووە، سەرەڕای چەندین بەڵگەنامەی ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەروەها ئەو زانیاریانەی لە چەند سەرچاوەیەکی هەواڵگری وەرگیراون خاڵە گرنگەکانی ڕاپۆراتەکە(٨٠):

**١. ئەشکەنجە دان**

عێراق لەلایەن سەددام حوسێن و چەند کەسانێک لە بنەماڵەکەی حوکمڕانی دەکرا، بەهاوکاری چەند کەسانێکی دیکە

---

(٨٠) تقرير وزارة الخارجية والكومنويلث البريطاني (www.humanrightsuach.org).

کە زۆربەیان خەڵکی ناوچەی تکریت بوون، لەبەر ئەوەی سەددام زیاتر متمانەی پێیان هەبوو.

دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی سەددام بەسەر هەموو دەزگاکانی هەواڵگری و ئاسایش بووە، ئەگەرچی بەرپرسانی ئەو دەزگایانە خودی خۆی دایانی ناون، هەموویان تۆڕێکی گەورەی ناو حیزبی بەعسیان پێکدەهێنا، سەددام سەرۆک کۆمار، سەرۆکی حکوومەتە، سەرۆکی حیزبی دەسەڵاتدار، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش.

سەددام بەهۆی ئەو دامەزراوانە زنجیرەیەک بڕیاری دەرکردووە، کە سزای زۆر توونددیان دەگرتە خۆ، وەک: بڕینەوەی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ، سووتاندن، گوێ بڕین، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٠ سزای زمان برینیشی دەرکرد، دەرهەق بەو کەسانەی قسەی ناشرین بەبنەماڵەکەی دەڵێن، ئەو سزایانە بەزۆری لایەنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دەگرتەوە.

### ٢. مامەڵە کردنی ژنان

لە سەردەمی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن، ژنان لە عێراق سادەترین مافی ژیانیان نەبووە، ساڵی ١٩٩٠ فەرمانێکی کۆماری دەرچووە، ماف دەداتە دەست خزم و کەس و کار بە کوشتنی ژن، بە بیانووی (شەرف) بێ ئەوەی کەس بەرەوڕووی لێپرسینەوە بێت.

ژنان لە عێراق بەرەوڕووی ئەشکەنجە و مامەڵەی خراپ و لە سێدارەدان بوونەتەوە، لە هەندێک حاڵەتدا بێ دادگایی

کردنیش، ئەوەش وەک لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی باسی هاتووە.

هەر بەپێی ڕاپۆرتی ئەو ڕێکخراوە دەیان ژن سەریان لە جەستەیان کراوەتەوە بەبیانووی داوێن پیسی، بۆ ئەوەی بەرەوڕووی دادگا بکرێنەوە، بەهەمان شێوە بۆ ئەو پیاوانەی بەو تاوانە تاوانبار کراون.

زۆرجار کەسانی سیاسی بوونەتە قوربانی و تاونبارکراون بەداوێن پیسی، چەندین ژن بەئاشکرا لە شەقامەکان کوژراون، بەهۆی تاوانبارکردنیان بەتاوانی داوێن پیسی، بەڵام لە ڕاستیدا هۆکارەکەی سیاسی بووە.

### ٣. بارودۆخی ناو زیندانەکان

مامەڵە و گوزەرانی زیندانە سیاسییەکان لە عێراق بەشێوەیەکی نا مرۆڤایەتی بەڕێوەدەچوو، دوور بووە لە هەموو شێوازێکی پیشەییانە. تایبەت بە سەردەمی سەددام حوسێن سەرچاوەکانی حکوومەتی بریتانیا بەم شێوەی خوارەوە باس لە دۆخی زیندانەکانی عێراق دەکەن:

#### أ. زیندانی ئەلمەهجەر

ئەم زیندانە لە شاری بەغدا لەناو کۆلێژی پۆلیس بووە، پێشتر ئەو شوێنە جێگای پەروەردە و ڕاهێنانی سەگی پۆلیسی بووە، زیندانەکە (٦٠٠ – ٧٠٠) کەسی جێگا بووەتەوە، زیندانەکە لەژێر زەوی سێ ژووری هەبووە، هەروەها سێ ژووری دیکەش هەبووە بۆ حەواندنەوەی سەگی پۆلیسی. ڕۆژی

دووجـار زینـدانیان ئەشـکەنجە دراون، ژنـانی زینـدان کـراو بەردەوام دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەریان.

لـە نزیـک ئـەو زیندانـە دوو کۆگـای گـەورە هـەبووە، کـە بـە قەبارەی (٣٦) هەزار لیتر ڕۆنی شلەی تێدا بووە، پڕی بووە لـە سـووتەمەنی و بـە بـۆری بـە زیندانەکـە گەیـندراوە، بەرپرسـانی زیندان ڕێگایان پێدراوە لەکاتی ناچاری و زیندانەکان بسووتێنن.

### ب. زیندانی تابوت

له بارەگای نوێی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی لە شـاری بەغدا کەوتبـووە ژێـر زەوی، کەسـی زینـدانی کـراو لـەو زیندانـە لـەناو سـندوقێکی شـێوە لاکێشـەیی لـە ئاسـن دروسـتکراو بەنـد کراوە.

بـەو شـێوەیە دەبـوو تـاوەکو دان بـەو تاوانانـە کـە ئاراسـتەی کرابوو دەمایەوە، یان بـەو حاڵـەتـەوە دەبـوو تـاوەکو دەمرد. لـەو زیندانە لەنێوان (١٠٠ – ١٥٠) سندوقی لەو شێوەی تێدا هـەبووە، ڕۆژانە بۆ ماوەی نیو سەعات سندوقەکان دەکرانـەوە بۆ ئـەوەی زیندانییەکە ئاو و هەتاوی بەرکـەوێت، خـواردنی زینـدانەکە تـەنها خواردنەوەی شلەمەنی بوو نەک خواردنی وشکە.

### ج. زیندانی قوتی – دەڤر

ئـەم زیندانـە بەشـێک بـوو لـە پێکهاتـەکانی دەزگـای ئاسایشـی گشـتی لـە شـاری بەغـدا، دەکـەوتە ئـەو ناوچەیـەی پێـی دەوتـرا (مدینة صدام)، زیندانە کە بریتـی بـوو لـە (٥٠ – ٦٠) سـندوقی لـە

ئاسن دروستکراو بەقەبارەی سندوقی دارکەی جاران چای تێدا هەڵدەگیرا لە کۆگاکان. زیندانی تێیدا بەند دەکرا لەسەر هەمان شێوەی زیندانی تابوت، لەهەر سندوقێک بۆرییەکی ئاوی پێ بەسترابۆوە، لەژێریشەوە کونێکی گچکەی بۆ دروست کرابوو، بۆ ئەوەی مێزی لێ بکەن.

**٤. کوشتنی و لە سێدارەدانی بێ دادگایی**

زۆرینەی ئەو زیندانیانەی کە بەتاوانی سیاسی دەستگیرکرابوون، بێ هەر رێکارێکی یاسایی، دەکوژران و تەرمەکەشیان بە کەسوکاریان نە دەدرایەوە،ژ بەڵکو هەندێک جار پارەی تێچووی کوشتن و ناشتنیشیان لە کەس و کاریان وەردەگیرا. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهان، ڕاپۆرتێکی زۆریان دەربارەی دیاردەی کوشتنی زیندانیان نووسیوە، بەتایبەتی لەو ڕووداوانەی کە بەمەبەستی پاکردنەوەی زیندانەکان ئەنجامدراوە لەلایەن دەسەڵاتەوە.

ساڵی ١٩٨٤ نزیکەی (٤٠٠٠) چوار هەزار زیندانی لە ئەبوغرێب کوژراون، هەروەها لەنێوان (١٩٩٧ – ١٩٩٩) نزیکەی (٢٥٠٠) زیندانی کوژراون، ئەو کارانەش لەژێر ناوی پاک کردنەوەی زیندانەکان بوو.

لەنێوان (١٩٩٣ – ١٩٩٨) نزیکەی (٣٠٠٠) سێ هەزار زیندانی لە گرتووخانەی (ئەلمەهجەر) کوژراون، لە ناوچەیەک پێی وتراوە (ئەلحەدیقە) کە تایبەت بووە بۆ کوشتن، هەمووش بە تەقە لێکردن بووە.

### ٥. چەوساندنەوەی کورد

کورد بەهەموو بەشەکانیان، بەرەو ڕووی ئێش و ئازار و چەوساندنەوەی ترسناک هاتوون لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن.

چەندین بەڵگەنامە لەماوەی جەنگی کەنداو لەلایەن کوردەوە خراوەتە بەردەم چاودێرانی مافی مرۆڤ لەو بەڵگەنامانە، ڕێکخراوە ناحکومییەکان زانیاری زۆریان لەسەر چەوساندنەوەی کورد خستۆتە ڕوو:

- ✓ کوشتنی هەشت هەزاران کەس لە تەمەنی (١٣) ساڵ بەسەرەوە ساڵی ١٩٨٣.
- ✓ ساڵی ١٩٨٨ سوپای عێراق سەدان گوندی کوردیان وێران کردووە و بە هەزار کەسیان کوشتووە.
- ✓ لە پرۆسەی بەناو (ئەنفال) لەنێوان (١٩٨٧ – ١٩٩٨) زیاتر لە (١٠٠) سەد هەزار کورد لە ژن و منداڵ و پیر زیندە چاڵکراون.
- ✓ هێرش بۆ سەر گوند و شارەکان بەتایبەتی (هەڵەبجە) بەچەکی کیمیاوی نزیکەی (٥) هەزار کەسی کوشتووە و زیاتر لە(١٠) دە هەزار کەسیش بریندار بوونە.
- ✓ هەر بەپێی زانیارییەکان نزیکەی (٩٤) هەزار لەسەر زەوی و زارو گوندی خۆیان دەرکراون، زەوییەکانیان دەستی بەسەر داگیراوە و دراوەتە عەرەبی هاوردەی باشوور و ناوەڕاستی عێراق.

**٦. چەوساندنەوەی شیعەی عەرەب**

شـــیعە نزیکـــەی (٦٠٪) کۆمەڵگـــەی عێـــراق پێکـــدەهێنێت، گـــەورەترین گروپـــی ئاینییـــە، ســـەددام بـــەدرێژی تەمـــەنی دەسـەڵاتەکەی کاری بۆ ئەوە کردووە، کە هیچ سەرکردەیەکی بەهێزی شیعە دەرنەکەوێت و بتوانێت هەرەشە لەدەسەڵاتەکەی بکات.

لە نیسانی ١٩٨٠ ئایەتوڵڵا محەمەد باقر سەدر، پیاوی ئایینی گەورەی شیعەی کوشت، هەروەها ژمارەیەکی زۆریشی زیندانی کـرد و کوشـتن، لـە بنەماڵـەی دیـاری شـیعەکان (بنەماڵـەی ئەلحـەکیم) سـاڵی ١٩٨٣ بەدەسـتی پیـاوانی ڕژێـم لـە شـاری خەرتوم سەرکردەی شیعە (مەهدی ئەلحەکیم) تیرۆرکرا.

لـە ١٩٩١وە زیـاتر لەسـەد پیـاوی ئـایینی شـیعە بەشـێوەی جۆراوجـۆر کـوژراون، لـە ئـابی ١٩٩٢ بـە ڕووداوی ئۆتۆمبێـل (ئەبو القاسم خوئی) کوژرا، پێشتر دوو کەسی دیکە لە پیاوانی ئـایینی پێگـە بـەرزی کـوژران، ئـەوانیش: ئایـەتوڵڵا ئەکبـەر شـێخ میرزا عەلی عەزاوی و ئایەتوڵڵا شێخ مورتەزا برجەردی.

لـە سـەرەتای ١٩٩٩ لـەیادی کوشـتنی ئایـەتوڵڵا محەمـەد بـاقر ســەدر، خۆپیشــاندان ئەنجامــدرا، هێــزی ئاســایش دەســدرێژی لێکردن و سـەدانیان لێ کوشـتن و برینـدارکردن، هێـزی پۆلیس ڕێگەی لـە بۆنـەکانی شـیعە دەگـرت و دەرگـای مزگەوتەکانیشـی دادەخست.

## باسی دەیەم: شیکردنەوەی کەسێتی سەددام

دەربارەی کەسێتی سەددام حوسێن، ڕەفتار و هەڵوێستەکان، بڕیارەکان، لە ماوەی حوکمڕانیدا، سەدان وتار و توێژینەوە و کتێب لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە نووسراون، بیروڕای زۆر جیاواز هەیە دەربارەی، لەم بەشەی کتێبەکەمان، هەوڵدەدەین پوختەیەک دەربارەی کەسێتی سەددام بخەینە ڕوو.

**بابەتی یەکەم:** کۆمەڵێک لە مامۆستایانی شارەزا لە دەروونزانانی زانکۆی (مشیگان) لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەڵساون بە لێکۆڵینەوە لە کەسێتی سەددام حوسێن لە ڕێگەی شیکردنەوەی چاوپێکەوتنەکانی کە لەگەڵ ژمارەیەکی گەورەی ڕۆژنامەوان و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامی داون، ئەوانە هەمووی لەسەر کاسێتێکی ڤیدیۆ پاش داگیرکردنی کوەیت تۆمارکراون، ئەویش لە پاش داگیرکردنی وڵاتی کوەیت(٨١).

لە شیکردنەوەی ناوەرۆکی ئەو چاوپێکەوتنانە، ئەو شارەزایانە گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. بوونی دیاردەی خۆشەویستی خود (نەرجیسی)، سەددام

---

(٨١) عاشور عزمي محمود، القائد السياسي وصناعة الأزمة في السياسة الخارجية (حالة الرئيس العراقي صدام حسين في حرب الخليج الثانية)، مجلة الديمقراطية، المجلد (٩)، العدد ٣٤)، (مؤسسة الاهرام، ٢٠٠٩)، ص ١٤١ – ١٤٨.

سەرسام بووە بەخۆی، ئەو خۆشەویستی و سەرسامییەی گەیشتووەتە ڕادەیەک کە باوەڕی وابووە هەڵە ناکات و گەیشتۆتە ئاستی پێغەمبەران.

٢. گەیشتووەتە ڕادەی دڵنیابوون و باوەڕبوون بە بیرۆکە و بڕیارەکانی، ئەگەر گومانیشی بەرانبەر کەسێک پەیدا کرد بێا، ئەوا دەبێت کۆتایی پێی هێناوە.

٣. ئەگەر ناحەزێک یان دوژمنێک دەرنەکەوتبێت، ئەوا دوژمنێک لەمێشکی خۆی خولقاندوویەتی.

**خەسڵەتە کەسایەتیەکانی سەددام بەسەر دوو بەش دەبن:**

**یەکەم:** ئەو خەسلەتانەی لە سەردەمی منداڵییەوە پێی گەیشتووە

لەمیانەی لێکۆڵینەوەیەکی دروست بۆ سەردەمی منداڵیی و پێگەیشتنی لە گوند، دواتر گیرسانەوەی لە ماڵی خاڵی خەیروڵڵا تلفاح لە شاری بەغدا کاتێک لە قوتابخانەی ئامادەیی وەرگیراوە، ئەو ماوەیە لە ژیانی سەددام بەسەر سێ قۆناغ دابەش کراوە:

١. ماوەی لەدایک بوونی لە ١٩٣٧ لە گوندی عوجە، پەروەردەکردنی لەسەر دەستی سەبحەی دایکی و ئیبراهیمی زرباوکی.

٢. چوونی سەددام بۆ بەغدا و مانەوەی لە ماڵی خاڵی و وەرگرتنی لە قۆناغی ئامادەیی.

٣. هەوڵدان بۆ وەرگرتنی لە کۆلێژی سەربازی لە شاری بەغدا

أ. لەم قۆناغەدا، سەددام مردنی باوکی پێش لەدایک بوونی،

پاشان شووکردنی دایکی بەپیاوێکی دیکە، لەخودی خۆیدا کاریگەری لەسەر پێکهاتەی کەسێتی هەبووە. بەتایبەتی ئەوەندەی پەیوەندی بەخەسڵەت و ئاکارە کەسایەتییەکانی هەیە، ئەوانی پەیوەستن بە دیاردەی بەهێزی یان گومان و چاوپۆشی لە دیاردەی ناپاکی، تا ئەگەر بەهۆیەوە کاردانەوەی کارەساتیش ڕوویدات.

منداڵ کاتێک لەدایک دەبێت، بەزۆری هێز و توانای لە خێزانەکەی وەردەگرێت بەتایبەتی باوکی، کە لە کەسی ئەودا هەستی خۆ پاراستن و ئاسودەیی بەدەست دێنێت، بەڵام کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت، باوکی بەدی ناکات، ئەوا هەستێک لەترس و نائاسوودەیی لا دروست دەبێت، بۆیە دواتر هەوڵدەدات لەو ئاسوودەییە بگەڕێت و بەو شێوازانە بەدەستی بێنێت کە لەناو ماڵەکەی بۆی فەراهەم دەبێت.

لە حاڵەتی سەددام حوسێن کێشەکە تەنیا لەدەستدانی باوکی نەبووە، بەڵکو دایکیشی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی دیکە کردووەوە، ئەو دیاردە نەرێنییە کاریگەری زۆرتری دروست کردووە بۆ ئەوەی هەست بەئارامی و نائاسوودەیی نەکات. ئەوە سەرەڕای ئەوەی ڕەنگە هەستێکی سڵەمینەوە و جیاوازیش لەناو خودی کەسێتی سەددام خولقاندووە بەرانبەر هەموو ئەو کارانەی پەیوەستن لەنزیک و دووردا بەدیاردەی ناپاکی.

ب. قۆناغی چوونی بۆ بەغدا و مانەوەی لەماڵی خاڵی، لەم قۆناغەدا سەددام کاریگەر بووە بەخەیروڵڵای خاڵی، بەهۆی ئەوەوە هەست و بیروباوەڕە نەتەوەییەکانی وەرگرتووە،

چونکە دەکرا سەددام کاریگەر بوایە بە بیروباوەڕی دیکەوە، ئەوەش خەسڵەتێکی قۆناغی هەرزەکارییە، گەنج ڕووی لە بیروباوەڕی باڵا و کەسێکی پێشەنگ دەکات.

سەددام حوسێن زۆر پێویستی بەو حاڵەتە هەبووە، لەبەر ئەوەی باوکی لە دەستدا بوو، سەرەڕای هۆکارەکانی شووکردنی دایکی و پەروەردەکردنی لە ماڵی مێردی دایکی.

ئەو دۆخە سەپێنراوە بەسەریدا وای لێکردووە لە کەسێکی پیشەنگ بگەڕێت کە خودی خۆی تێدا ببینێتەوە، تەنیا بە گەیشتنی بەو خاڵە ڕۆشبیرە نەتەوەخوازەی لەبەغدا نیشتەجێ ببوو، دۆخەکە کاریگەری گەورەی لە کەسایەتی خولقاند، لە بوارەکانی فێربوون و تێگەیشتن، بەتایبەتی هەستە نەتەوەخوازییە عەرەبچییەکەی، کە ڕووییەکی گرینگی لەژیانی سەددام پێکهێنا.

ج. ماوەی هەوڵەکانی بۆ وەرگرتنی لە ئەکادیمیای سەربازی، وەرنەگرتنی سەددام لە کۆلێژی سەربازی بەهۆی لاوازی نمرەکانییەوە، بۆئەو لەقۆناغی لاوێتی کۆسپ و مەینەتی بوو. سەددام لەو تەمەنە لەو هێزە دەگەڕا کە بەهۆی دۆخی ژیانی لە دەستی دابوو، ئەویش کاتێک لەدایک بوو، باوکی پێشتر کۆچی دوایی کردبوو.

بۆیە ویستیوویەتی وەرگرتنی لە ئەکادیمیای سەربازی لە شاری بەغدا، جۆرێک بێت لە قەرەبووکردنەوەی ئەو کەموکوڕییە کە لە سەرەتای ژیانییەوە لەگەڵیدا بووە.

دەکرێت هەست بەکارتێکردنی ئەو هۆکارە بکرێت لە ژیانی سەددام، کاتێک بووە سەرۆک هەوڵیدەدا سوپای عێراق بەهێزبکات، هەروەها بەردەوام جلوبەرگی سەربازی لەبەر دەکرد.

سەددام هیوای زیاتر بەهێز بوونی هەبوو، بەڵام تواناکانی سنووردار بوون، بۆیە چەندین ڕێگەی نایاسایی پیادە دەکرد بۆ بەدەستهێنانی هێز، ئەگەر لەسەر ئاستی ناوخۆیی بووبێت (چۆنییەتی بەرزبوونەوەی پلەی سەربازی و بەرپرسیارییەتی تاگەیشتە لووتکەی دەسەڵات)، یان لەبواری درک پێکردن و لێکدانەوەکانی بۆ تواناکانی، ئەگەر لە بواری پەیوەندییەکانییەوە بێت لەگەڵ وڵاتانی عەرەب یاخود دەوڵەتە بیانیەکان.

**دووەم:** خەسڵەتە کەسایەتییە پێکهاتووەکانی سەددام لە سەرەتاکانی ژیانی سیاسی

ڕەنگە باسکردنی خەسڵەتە کەسایەتییەکانی سەددام کە پێکهاتوون بەهۆی ئەزموون و ژیانی سیاسی لەم قۆناغەدا، کە درێژە پێدان بێت بۆ ئەو بەشەی پێشتر باسکراو لەگەڵ جیاوازییانیش، بەڵام ئەگەر هاتوو خەسڵەتە سەرەتاییەکان کارتێکردنیان بەشێوەیەکی گەورە هەر مابۆوە بەسەر سەددام، ئەوا لەگەڵ چەند گۆڕاوێکی نوێ کارلێکردنیان، دەبێت لە ئەنجامی ڕەفتار و کاری سیاسی، دیارە ئەوەش پێکهاتنی چەند خەسڵەتێکی تەواوکەری کەسێتی دەسەلمێنێ، کە بەپشت بەستن پێیان دەکرێت بڕیارەکانی سەددام لەسەر جەنگ ڕاڤە بکرێن.

ئەگەر ویستمان کەسێتی سەددام حوسێن شیبکەینەوە کە تەنیا کەسی بڕیاردەربوو لە عێراق، ئەوا لێرەدا کۆدەنگییەک دەبینین لەچەند سەرچاوەیەکەوە، بەوەی چەند ڕەگەزێکی دیاریکراو و ئاشکرا هەن، چوارچێوەیەک بۆ کەسێتی و ڕەفتارەکانی دادەڕێژێت.

ئەو ڕەگەزانە دەکرێت کورت بکرێنەوە لە: باوەڕهێنان بە توونودوتیژی، وەک ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان، سەرسوڕمان بەسەرکردایەتی ڕەها، پەرۆش و دەمارگیری بۆ بیروڕای تاک، هەروەها پێویستی بۆ زانین و شارەزایی دەربارەی جیهان.

ئەو کەسەی توێژینەوە لە سەربوردەی تایبەتی ژیانی سەددام ئەنجام بدات، بۆی دەردەکەوێت کە توونودوتیژی خەسڵەتی سەرەکی جیاکاری ئەو سەربوردەیەیە، ئەگەر لەو قۆناغە بێت کە سەددام ئۆپۆزیسیۆن بووە، یان لەو قۆناغەی کە دەسەڵاتدار بوو، بگرە تا دەگاتە شێوازی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوڕێکانی ناو حیزبەکەی و دراوسێکانیشی.

سەددام پێش ئەوەی بگاتە دەسەڵات، لە تەمەنی گەنجی چەندین تاوانی ئەنجامداوە، ساڵی (١٩٥٩) لەهەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم بەشداری کردووە ئەو بەشدارییەی یەک لە دیاردە گرنگەکانی ژیانییەتی کە بەردەوام باسی کردووە و خۆی پێهەڵکێشاوە. ڕەنگە ئەو ڕووداوە ئاماژەیەکی بەس نەبێت بۆ ئەوەی سەددام باوەڕی بە توونودوتیژی هەیە، وەک تەنیا ڕێگە و

چارەسەرییەک بۆ کێشە سیاسیەکان، ئەگەر ڕووداوەکانی دیکە لە ژیانی سەددام ئاماژەی تەواو بەدەستەوە نەدەن.

سەددام حوسێن بەهۆی بەکارهێنانی توونـدوتیژی و لە ڕێگەی دەزگاکانی دیکەی دەسەڵات، توانی بگاتە لوتکەی دەسەڵات لە عێراق، هەر لەسەر هەمان شێواز لە دەسەڵات بەردەوام بووە و هەوڵیداوە ڕژێمەکەی بپارێزێت، بەڵام دەربارەی بەرز نرخاندن و سەرسوڕمان بە خەسڵەتی سەرکردایەتی ڕەها، ئەوا سەددام سەرسام بوو بە ڕابەریەتی جەمال عەبدولناسر، هەوڵیشی دەدا ببێت بە عەبدولناسرێکی دیکە لە جیهانی عەرەبی. دیارە کارێکی سروشتییە کە سەددام بەسەرکردایەتی عەبدولناسر کاریگەر بووبێت هەروەها جێگای بایەخپێدانیشی بووبێت.

دەربارەی خەسڵەتی دەمارگیری و پابەندی بەبیروڕای خودی خۆی، دیارە ئەوە خەسأەتێکی سروشتی سەددام بووە، ئەوەندەش بەسە بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەو خەسڵەتەی سەددام، کە ئاماژە بۆ حاڵەتێک بکەین لەنێوان چەندین حاڵەت، لە سەروبەندی هەڵگیرساندنی جەنگی عێراق - ئێران و لەکاتی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی باڵا، بۆ گفتوگۆ کردن دەربارەی پلانی هێرش بردن، ئەفسەرێک ڕەخنەی لەوپلانە دەگرێت کە خودی سەددام دایڕشتبوو. دوای ئەوەی ئەو ئەفسەرە کۆتایی بەبۆچوونەکانی خۆی هێنا، سەددام دەمانچەکەی دەرهێنا و تەقەی لێکرد لەناو کۆبوونەوەکە و کوشتی، هەروەها دەکرێت ئاماژە بۆ کوشتنی وەزیری تەندروستی و مامۆستای زانکۆش بهێنین لەمبارەوە.

هۆکارێکی دیکەی گرنگ هەیە، بەرجەستە بووە لە کەسێتی سەددام، ئەویش (بەربەستی زانینە) لەگەڵ جیهانی دەرەکی، ئەو هۆکارە بەسەر دوورەهەند دابەش دەکرێت:-

أ. ڕەهەندی یەکەم: پەیوەستە بەحاڵەتی درک پێکردن، بە واتای ئەوەی کە زانیارییەکان ڕەنگە بوونیان هەبێت، بەڵام تێگەیشتن و درک پێکردنی کەسێتی بۆیان چەند مەرجێک لەخۆ دەگرێت، کە کاریگەرییان تێدا دەبێت، زیاتر لە هۆکارە بابەتییەکان.

ب. ڕەهەندی دووەم: خۆی لەوە دەنوێنێت کە بەربەستی دەرەکی ڕەنگە بوونی هەبێت، لەبەر چەند حاڵەتێکی بابەتیانە، وەک نەزانینی گفتوگۆ بە زمانە بیانییەکان، هەروەها نەبوونی توانای ڕۆشنبیری و تێگەیشتن لەو بابەتانەی ئەوانی دیکە دەینووسن.

لە چەندەها توێژینەوە و شیکردنەوەکان. سەددام نێوان ئەو دوو ڕەهەندی کۆکردبووەوە دەربارەی بەربەستی دەرەکی، ئەو تەنیا زمانی عەرەبی زانیوە گفتوگۆی پێ بکات، گەشت و سەردانی دەرەکی نەبووە (تەنیا ساڵی ١٩٧٥ یەک جار چووەتە دەرەوە).

کاتێک لە کردار و ڕەفتارە واقیعییەکانی وردەبینەوە، تێبینی زۆرمان بەدەست دەکەوێت، ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت، سەددام تێگەیشتنی بۆ جیهانی دەرەکی کەم و لاواز بووە.

**بابەتی دووەم**: دکتۆر جیرولا بوست، مامۆستای دەروونناسی و سیاسەت لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، دەڵێت: سەددام حوسێن

نەخۆشی شێت بوونی نییە، بەڵکو تووشی نەخۆشی (نیرگسیزم) خۆشەویستی خود بووە، دیاردەکانی ئەو نەخۆشییەش ساڵی ١٩٨٤ لێی بەدەرکەوت، کە خۆی دەنوێنێت لەشێتی خۆ بە گەورەزان، چێژ وەرگرتن لە ئازاردانی کەسانی دیکە، هاندەری توونـد بۆ گومان پەیداکردن، هەروەها نەبوونی هەرجۆرە ئامادەییەک لە پەشیمان بوونەوە.

لەو ساڵانەی کە ئامێری (ڤیدیۆ) داهێنراو بڵاوبوونەوە، سەددام کتێبخانەیەکی تایبەتی هەبوو پڕ لە کاسێتی ڤیدیۆ، تۆماری وێنەکانی ئەو کەسانەی لەسەرە کە لە دەزگاکانی ئاسایش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە، ماوەماوە دەگەڕایەوە سەریان و یەک یەک تەماشایان دەکرد.

سەددام بە توندی گومانی پەیدا دەکرد، وای لێهات ڕێگەی بەکەس نەدەدا پێش ئەوەی کاتی بۆ دیاری بکرێت و ڕێکارەکانی پێویستی لەگەڵ ئەنجام بدرێت. چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام بدات، لەبەرپرسە باڵاکانی حیزب و حکوومەتیش تەنیا دوو کەس بۆیان هەبوو ڕاستەوخۆ چاویان بەسەددام بکەوێت ئەوانیش عیزەت دووری، تەها یاسین ڕەمەزان بوون[٨٢].

**بابەتی سێیەم**: خاتوو (بیتی گلارد) مامۆستای زانکۆی (ساوس کارولینا) بۆچوونی وایە کە: کەسێتی سەددام لە زۆر بوارەوە بە کەسێکی دیکتاتۆر دەچێت،وەک نموونەی ئارەزووەکانی بۆ کوشتن، کارکردن بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی.

---

(٨٢) جليل عطيه، فندق السعادة، (لندن، دار الحكمة، ٢٠١٥)، ص١٣٨.

گلارد درێژە بە بۆچوونەکانی دەدات و دەڵێت: بەپێچەوانەی بیروڕا باو و نەریتییەکان، مێژوو ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زۆربەی پیاوە شەرانگێزەکان کاتی ڕووبەڕووبوونەوە و تەنگاو کردنیان، خۆیان بەدەستەوە نادەن، بەڵکو بەرگری دەکەن یان خۆیان دەکوژن، بەڵام سەددام بە پێچەوانە ڕووخا، کاتێک گەمارۆ دراو توانای جوڵەی نەماو پەکی کەوت، خۆی بەدەستەوەدا.

**بابەتی چوارەم:** تۆژینەوەی د. محەمەد عەبدولفەتاح، ڕاوێژکاری پزیشکی[٨٣]. دەروونی لە وڵاتی میسر، ئەندامی کۆمەڵەی جیهانی بۆ دەروونناسی.

**کەسێتی سەددام حوسێن بەم خاڵانەی خوارەوە شیدەکاتەوە:**

١. سەددام نەخۆشی دەروونیی هەیە، کە بریتییە لەنەخۆشی (شێتی مەزنی).
٢. نەخۆشی (نەرجسیزمی) هەیە، بەشێوەیەکی مەترسیدار هەر لە منداڵییەوە لەچێژ وەرگرتن دەگەڕێت بە هەر نرخێک بێت.
٣. هەڵەی زۆر دەکات، بەڵام لەو هەڵانە فێر نابێت، هەست بەشەرم و پەشیمانی و ئازار ناکات.
٤. گرنگی نادات بەوەی ڕوودەدات بۆ ئەوانی دەورووبەری یان نزیکن لێی، هەر چەندێک بێت پەیوەندییەکانیان، بایەخ نادات بەوەی بۆ گەلی ڕوو دەدات.

---

(٨٣) يوسف ساسون، بعث صدام رؤية من داخل نظام أستبدادی، ترجمة: رفعت السيد علي، الطبعة الاولى، (بغداد، منشورات الجمل،٢٠١٥) ص٣٠٣.

**بابەتی پێنجەم:** بونیادنانی کەس پەرستی

سەددام حوسێن ڕۆڵێکی مەترسیداری گێراوە بۆ بونیادنانی کەسێتی خۆی ئەو هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن تێگەیشتووە، بایەخی بە رۆڵی نووسەر و ڕۆژنامەوان داوە، پێش ئەوەی بگاتە پێگەی سەرۆکایەتی کۆمار.

بە کۆمەڵ بابەت و وتار لەسەر کەسێتی و پیاهەڵدان بە لێهاتوویی، لە ڕۆژنامەکانی حکوومەت و حزب بڵاوکرایەوە. سەددام ئەو بوارەی بۆ بەرژەوەندی خۆی زۆر بە باشی بەکاردەهێنا.

یەک لەدیارترین نموونەکانی ئەو بوارە، نووسەری ڕۆمانی (الايام الطويلة) کە ناوی (عەبدولئەمیر مەعەلە) بوو، ساڵی ١٩٧٧ ئەو ڕۆمانە بڵاوکرایەوە و پاشان کرا بەفیلمی سینەمایی. ڕۆمانەکە باس لەرووداوی تەقەکردن لە عەبدولکەریم قاسم دەکات ساڵی ١٩٥٩، کە سەددام تێیدا بەشدار بووە.

هەر لەم بوارە، سەددام گرنگی بەئایین داوە و بە کاری هێناوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی، بە هۆی چەند سیاسەتمەدار و نووسەرێک هەوڵدرا ڕەچەڵەکی سەددام ببەستنەوە بەبنەماڵەی محەمەد (د.خ) پێغەمبەر ئیسلام.

دوا هەنگاوی سەددام لەم ڕووەوە، کارکردنی بۆ بڵاوکردنەوەی گوتار و نووسین و ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی بە کتێب لە چەند بەرگێک، هەروەها گۆتار و لێدوانەکانی لە قوتابخانەکان جێگای خوێندن و باسکردنی بێت.

**بابەتی شەشەم** : ناو و ناز ناوەکانی سەددام

بەدرێژایی حوکمڕانی سەددام حوسێن لە نێوان (١٩٧٩ – ٢٠٠٣) زیاتر لە (٩٩) لەلایەن ئۆرگانە حیزبییەکانی بەعس و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی ڕژێمەکەی سەددام، ناو و نازناوی پێاهەڵدراوە.

لە یەک لە بۆنە تایبەتیەکانی حیزبی بەعس، دەزگای ڕاگەیاندنی حکوومەت لەو سەردەمە برێکی زۆر گەورەی (بەملیۆن مەزندە دەکرێت) پۆستەر و وێنەی سەددام حوسینی چاپ کردووە، لەژێر هەریەک لەو وێنانە نازناوێکی لەسەر نووسراوە، ئەو پۆستەر و وێنانە لەسەرانسەری شارەکانی عێراق بڵاوکراونەتەوە.

لێرەدا بەشێك لەو ناوانە بە زمانی عەرەبی دەخەینەروو:

١. الفذ
٢. الرمز
٣. الأمين
٤. المعلم والقدوه
٥. أبو العراقين.
٦. رجل الانتصارات.
٧. قائد العراق الموهوب.
٨. عمق التاريخ العربى.
٩. محرر الفاو.
١٠. رجل الديمقراطيه الاول.
١١. القائد الضرورة
١٢. المنتصر.

١٣. المنصور.
١٤. الشجاع.
١٥. المفكر.
١٦. المبدع.
١٧. الحكيم.
١٨. ضمير الأمة.
١٩. عون الأمة.
٢٠. رجل التاريخ.
٢١. المظفر.
٢٢. عز التاريخ.
٢٣. خيمة العراقيين.
٢٤. راعى الطفولة.
٢٥. ڕاعى الثقافة.
٢٦. ڕاعى الابداع.
٢٧. بانى مجد العراق.
٢٨. قرة عين العراق.
٢٩. هبة العراق للأمة
٣٠. قائد المسيرة الظافرة
٣١. قائد الجميع و محبوب الكل.
٣٢. ڕبان سفينة النصر.
٣٣. القائد القادر بين القادة.
٣٤. حامل لواء النهضة
٣٥. بطل النصر والسلام.
٣٦. ابن الشعب البار.
٣٧. محقق الوطنيه الشريفة.

٣٨. رجل التاريخ.
٣٩. مهندس التأميم.
٤٠. المحرر البانى.
٤١. هدية الله للعراق.
٤٢. حبيب العراقيين.
٤٣. ٤عز العرب.
٤٤. ملهم الابداع.
٤٥. اعظم قائد وبطل.
٤٦. حامى البصرة وبانيها.
٤٧. فارس الأمة
٤٨. قائد التنمية.
٤٩. رمز العقل العربى الجديد.
٥٠. ٤فخر العراقيين.
٥١. رجل العدالة الاول.
٥٢. رمزشموخ العراقيين.
٥٣. القائد العظيم.
٥٤. القائد التاريخى
٥٥. المعلم والقدوة

**بابەتی حەوتەم:** سەددام حوسێن لە کاری سیاسی و بەڕێوەبردنی دەسەڵات، چەند بنەما و شێوازیکی سیاسی و کارگێڕی تایبەتی پیادە کردووە، وەک:

١. سەددام سەرەتای ژیانی سیاسی لە سێبەری ئەحمەد حەسەن بەکرەوە دەستی پێ کرد و پەرەی سەند، سەددام لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی بەکر وردە وردە هەموو

پێگــە و دامــەزراوە گرنگــەکانی نــاوخۆیی بــەڕێوەدەبرد، هــەروەها دامــەزراوە ئــەمنی و ئاســایش و هەواڵگرییــەکانی لەژێر دەستدا بوو.

٢. شێوازە تایبەتییەکانی سـەددام لـە کـاری حیزبایـەتی، بریتیی بوو لە هەڵسەنگاندنی هەموو کادیرە پیشکەوتووەکان، ئەوانی لەناو دامەزراوەکانی حزب کار دەکەن یان لەدامەزراوەکانی دەوڵەت، لەگەڵ دەستنیشانکردنی دۆست و نەیارانی خۆی .

٣. پشــتگوێ نەخســتنی هــەر جۆرەکــارێکی دوژمناکارانــە و مەترســیدار لەســەر کــارو ئاینــدەی خــۆی، هــەروەها دوورخســتنەوەی ئــەوانی لەگــەڵ ئاراســتە و ڕێبــازی خــۆی ناگونجێن.

٤. وەک هەنگاوێکی تاکتیکی، ڕێککەوتنی کاتی لەگەڵ چەند حزب و هێزێکـی سیاسـی ئەنجامـدا، ئەگـەر نـاوخۆیی بێـت یـاخود دەرەکی، هەروەها بۆ بەرژەوەندی خۆی سوودی لـەململانێ و ناکۆییەکانی ناو ئەو لایەنانە وەردەگرت.

٥. بـەکارهێنانی دارایی و سـامانی دەوڵـەت لـە نـاوخۆ و دەرەوە بۆ پڕوپاگەندە و کارە سیخورییەکان و بەرژەوەندی تایبـەتی خۆی.

٦. ڕێگەنـەدان بەدەرکـەوتن و بەرزبوونـەوە و پێشـکەوتنی هـەر کادیرێکی حیزبی ئەگەر خۆی ڕازی نەبێت.

٧. کۆکردنـەوەی خـزم و ئەنـدامانی عەشـیرەتەکەی و خزمـانی خۆی، ئەوانی دڵسۆزی بوون، لـە چەند بازنەیەک لـە دەوری خـۆی و لــەناو چەنــد دامەزراوەیــەکی ســەربازی، ئــەمنی، مەدەنی.

٨. بەکارهێنانی هەموو شیوازێک و توانایەک، لەگەڵ پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکان لەپێناو گەورەکردن لە پێگە و کەسێتی خۆی، بەرزکردنەوەشی بۆ ئاستێکی پیرۆز و واخستنە ڕوو، کە سەددام ئاوات و هیوای گەل و نەتەوەی عەرەبە[٨٤].

**کۆتایی هێنان بە ڕۆڵی سەددام**

بەڕوخانی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن و گەیشتنی هیزەکانی هاوپەیمانان بە شاری بەغدا، بەسەرکردایەتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣، سەددام لەبەر چاو نەما، دوا دەرکەوتنی ناوبراو ڕۆژی ٩ی نیسان بوو.

ئەمریکییەکان بۆ دەستگیرکردنی سەددام بڕی (٢٥) ملیۆن دۆلاریان وەک پاداشت تەرخان کرد، بۆ هەر کەسێک شوێنەکەی ئاشکرا بکات یاخود هاوکار ببێت لە گرتنی.

بەپێی سەرچاوەکان، پیش داگیرکردنی بەغدا بە ماوەیەک، وەک دەست پێشخەرییەک سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە کۆبوونەوەیەکیاندا، بڕیاریاندا بوو چەند شوێنی نهێنی دیاری بکەن بۆ سەرکردەکانیان، ئەو شوێنانەش بریتی بوون لە چەند خانوویەکی ساکاری ناوچە دوورەکان و ناوگرد و دۆڵ و نزیک ڕووبارەکان، کە دووریش بێت لەئاوەدانی.

---

(٨٤) صلاح عمر العلي، اسرار صعود صدام الى السلطة، مقابلة قناة الجزيرة مع أحمد منصور، طبع مكتبة الحضارة؛ محەمەد فاتیح، دەسەڵات و ململانێی سیاسییەکان لە عێراق (١٩٢١- ٢٠٠٣)، پێشەکی و پێداچوونەوەی: د. ئەحمەد حەمەدئەمین، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠٢٢)، ل ٢٩٩.

هەروەک سەرچاوەکان باسی دەکەن، خودی سەددام لە هیچ شوێنێک لە دوو ڕۆژ زیاتر نەدەمایەوە، زۆرترین ئەو ناوچانەی خۆی تێیدا دەشاردەوە ناوچەی حەمرین و نێوان تکریت و دەشتایی ڕومادی بووە.

هێزەکانی ئەمریکا بۆ دەستگیرکردنی سەددام، کە نزیکەی (٨) مانگی خایاند، هێزێکی گەورەیان پێکهێنا بوو زیاتر لە (٣٠) هەزار سەرباز و هەواڵگری.

لەماوەی ئەو هەشت مانگە، توانرا بەشی زۆری پاسەوانە تایبەتییەکانی سەددام دەستگیر بکەن، زانیارییەکانیان کۆدەکردەوە و بەدواداچوونیان بەردەوام بوو، یەک لەو کەسانەی کە توانرا دەستگیر بکرێت لە پاسەوانە تایبەتییەکانی و خزمی خۆشی بوو، ناوی محەمەد ئیبراهیم موسەلت بوو، کە ڕاستەوخۆ هاتووچۆی شوێنی خۆ شاردنەوەی سەددامی دەکرد، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە ماوەیەکی درێژ چاودێری کرابوو.

ئەو شوێنەی سەددام خۆی تێدا شاردبووەوە، گوندی (دەوار)ی نزیک ڕووباری دیجلە بوو، بە دووری (١٥) کیلۆمەتر لە شاری تکریت، سەددام لەناو کێڵگەیەکی دوورەپەرێز خۆی شاردبووەوە.

سەرچاوە ئەمریکییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە (موسەلەت) لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا بووە، شوێنی خۆشاردنەوەی سەددامی ئاشکرا کردووە، کاتژمێر (٨.٥) ئێوارەی ١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ سەربازە ئەمریکییەکان شوێنەکەیان لە گیا و خۆڵی سەر ئەو چاڵەی سەددام خۆی تێدا شادربووە، پاککردەوە پاشان پارچە پلاستیکێکی پان سەری کونەکەی داپۆشی، ئەویش لادرا

دەرگایەک باریک بۆ خوارەوە دەرکەوت بە قوڵایی نزیکەی سێ مەتر دەبوو.

سەربازەکان بۆ ئەوەی بەرەو ڕووی هیچ ڕووداوێکی کتوپڕ نەبنەوە" نارنجوکێکی دەستیان لەبەردەم کونەکە تەقاندەوە، پاشان بەهۆی ئامێری ڕووناک کەرەوەی سەرچەکەکانیان چوونە خوارەوە، هێزەکە سەگێکی پۆلیسیان ڕەوانە کرد، بەڵام سەگەکە بەخێرایی گەڕایەوە.

لەپڕ لە قوڵایی چاڵەکە دەنگێک بیسترا، سەربازەکان وەرگێڕێکی عەرەبیان لەگەڵدا بوو وەڵامی دایەوە، زۆری پێنەچوو سەری کابرایەک دەرکەوت، دەمانچەیەکی بەدەستەوە بوو دواتر بەدەنگی بەرز هاواریی کرد: من سەددام حوسێنم سەرۆکی عێراق، ئامادەم گفتوگۆتان لەگەڵدا بکەم، ئیتر هاتە دەرەوە، خودی سەددام حوسێن بوو، سەربازەکان ڕایانکێشا و دەمانچەکەیان لە دەست وەرگرت، بە فڕۆکەی هەلیکۆپتەر ڕەوانەی بەغدا کرا.

سەددام لە ١٤ی کانوونی یەکەم ٢٠٠٣ بەبەندکراوی کەوتە دەست هێزەکانی ئەمریکا، پاشان ڕەوانەی دادگای تاوانەکان کرا دوای (٤١) دانیشتنی دادگا لە ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچوو، ڕۆژی ٣٠ی کانوونی یەکەمی٢٠٠٦) بڕیارەکە جێبەجێ کرا[٨٥].

---

(٨٥) محمد حسين بزي، صدام حسين الحقيقة المغيبة، ص٣٥٤؛ محمد عبده، صدام حسين رحلة أم النهاية الخلود من اعتقال الى الاعدام، ص ٣٤.

## باسی یازدەهەم: بیروڕای چەند شارەزا و سیاسەتمەدارێک دەربارەی سەددام حوسین

بەشێک لە مێژوونووسانی ئەو سەردەمە بۆچوونیان وایە: سەددام حوسێن دووا کەس و بەرپرس بوو، لەناو ئەو کۆمەڵە سەرکردانەی عەرەبی سوننە، کە لەگەڵ قۆناغی سەرهەڵدانی بیروباوەڕی عەرەبچێتی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بە گەرمی بۆ یەکێتیی عەرەب کاری دەکرد.

ئەو بزووتنەوە سیاسییە نەتەوەییەی عەرەب، کە لەسەر دەستی سەرکردەی بەناوبانگ جەمال عەبدولناسر پەرەی سەند لەو سەردەمە گروپێکی گەورەی ئەفسەرانی ناو سوپای عیراق، هەروەها بەشێک لە سیاسەتمەدارن، کە بەزۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیان بۆ دابونەریتی عەشیرەت و بنەماڵە، عەرەبە سوننەکانی ڕۆژئاوای عێراق دەگەڕێتەوە (لەناوچەکانی مووسڵ، تکریت، ڕومادی)، ئەوانە بەهۆی نیشتەجێبوونیان لە شارەکان و پێگەیشتنیان لە خوێندنگاکان، ئەوا ئاستی ڕۆشنبیری و سیاسییان گەشەی کردووە بوونە دەستەبژێری سیاسی ناو کۆمەڵگە.

ئەو دەستەبژێرە، لەناو دەسەڵات و سوپا و دامەزراوەکانی دیکە دەستڕۆییان پەرەی سەند، لە چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی خۆیان ڕێکخست، لەژێر دروشمی (یەکتێیی عەرەب) خەباتیان دەکرد بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵات، کاتێک دەسەڵاتیان گرتە دەست، هەر دەستە و کۆمەڵێکیان خەریکی

بەهێزکردن و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بوون، وەک: عەبدولسەلام عارف، عارف عەبدولڕەزاق، عەبدولڕەزاق نایف، ئیبراهیم داود، سەعدوون غێدان، تاهیر یەحیا، حەردان تکریتی، ساڵح مەهدی عەمماش، سەعید سلیبی، حوماد شیهاب، عەبدولعەزیز عوقەیلی، نازم تەبەقچەلی، عەبدولغەنی ڕاوی، عەبدولرەحمان عارف، ئەحمەد حەسەن بەکر، خەیروڵلا تلفاح.

لەو قۆناغە مێژووییە، سەددام حوسێن پەروەردەی ئەو ڕێباز و قوتابخانەیە، قوتابخانەی هەستانەوە و بووژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی عەرەب و تێکۆشان بۆ یەکێتیی عەرەب، سەددام بە وردی تێکەڵاوی ئەو کارە ڕێکخراوەییە سیاسییە بوو، شارەزاییەکی باشی لەسەردەمی کاری حیزبایەتی ساڵی ١٩٦٣ بەدواوە تاگەیشتن بە کودەتاکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ پەیدا کرد[٨٦].

لەم بەشەی کۆتایی باسەکەمان، ئاماژە بۆ بیروڕای بەشێک لە شارەزا و سیاسەتمەدارانی سەردەمی سەددام حوسێن دەکەین:

١. سەرۆکی پیشووتری میسر جەمال عەبدولناسر، دەربارەی دیاریکردنی سەددام حوسێن بەجێگری سەرۆکی

(٨٦) هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري، ص٥٤؛ باقر ياسين، تاريخ العنف الدموي في العراق، الطبعة الثانية، (دمشق، ٢٠١٤)، ص٣٣٨.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە عێراق، ساڵی ١٩٦٨، وتوویەتی: هەڵبژاردنی جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کارێکە بۆ برایان دەگەڕێتەوە لە عێراق، بەڵام ئەو کوڕە واتە (سەددام حوسین) ئێمە دەیناسین کەسێکی سەرکێش و بازاڕییە[٨٧].

٢. جۆن نیکسون، گەورە بەرپرسی هەواڵگری ئەمریکا، یەکەم کەس بوو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ سەددام حوسێن کرد پاش دەستگیرکردنی ٢٠٠٣، ئەو لێکۆڵینەوەیە چەند ڕۆژێکی خایاندووە، بیروڕای ناوبراو لەسەر سەددام حوسین بەکورتی: دەڵێت: سەددام حوسێن بریتییە لە تۆپەڵە ناکۆکییەک (یان جەستەیەکی پڕ ناکۆکی) ڕووە مرۆڤایەتییەکەی جیاوازە بەتەواوی لەگەڵ ئەوەی تاوەکو ئێستا لەسەری بڵاوکراوەتەوە، سەددام توانای هەیە ببێتە کەسێک کە سەرنجت ڕابکێشێت و جێگای بایەخ پێدانت بێت. ڕووخۆش و پێکەنیناوی، شارەزاو پێگەیشتووە ئەگەر ئارەزووی هەبێت، بەڵام کاتێک تووڕە دەبیت و دەسەڵاتی لەسەر خۆی نامینێت، ئەوا دەبێتە کەسێکی بێ شەرم و بێ ئابڕوو لووت بەرز، زمان پیس و سووک و تۆقێنەریش.

٣. عەبدوڵڵا سەلوم سامەرایی، ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە عێراق، دەڵێت: سەددام ڕێگای نەدەدا هیچ

---

(٨٧) جواد هاشم، مذكرات وزير العراقي ذكريات في السياسة العراقية ١٩٦٧ – ٢٠٠٠، (بيروت، ٢٠٠٣)، ص١١٥.

بەرپرسێک یان کەسایەتییەک بەرزبێتەوە ئەگەر لەژێر دەسەڵات و چاودێری تەواوی خۆی نەبێت، ئەو لەزووەوە خواستی ئەوە بوو بگاتە سەرکردایەتی حیزب و دەوڵەت، بۆ لەناوبردنی نەیارانی لەناو حیزب و دامەزراوەکانی دەوڵەت، پلانی لەناو بردنیانی دادەڕشت[٨٨].

٤. هانی وەهیب، سکرتێری ڕاگەیاندنی سەددام حوسین، لەهاوینی ساڵی (٢٠١١) بەشێک لەبیرەوەرییەکانی خۆی دەربارەی سەددام حوسین دەگێڕێتەوە: لەساڵانی جەنگی عێراق-ئیران، ڕۆژێک سەددام کۆمەڵە ئەفسەرێکی پلە نزم (رائید – موقدەم) کۆدەکاتەوە و لەگەڵیان دادەنیشی، سەددام لەمیانەی وتەکانی لەگەڵ ئەوئەفسەرانە دەڵێت[٨٩]:

لەم شوێنەدا کە من لەگەڵ ئێوە کۆبوومەتەوە، سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق عەبدولڕەحمان عارف لەگەڵ چەند ئەفسەرێک کۆدەبێتەوە، لە ئەنجامی گفتوگۆکان لەگەڵ ئەو ئەفسەرانە تورە دەبێت، ڕەخنە و بیروڕاکانی ئەوانی لا قبوڵ نابێت، کۆبوونەوەکەش بەجێدەهێڵێت. دواتر سەددام بەشێوەیەکی گاڵتەجارییەوە دەڵێت: ئەوە سەرۆکە، ئەوە بەکەڵک سەرکردایەتی دێت؟.

هەر لەکۆتایی کۆبوونەکە، کاتێک سەددام هەڵدەسێت بڕوات،

(٨٨) د. حسن الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية ، (بيروت، مؤسسة العارف، ٢٠٠٧)، ص٤١٤.

(٨٩) شامل عبدالقادر، الايام الاخيرة في حياة صدام حسين، ص٧٢٧.

ڕوو لـە ئامـادەبووان دەکـات و دەڵێـت : مـن سـەددام حوسـێن، گەورەترین سەرۆک کۆمارم.

**هانی وەهیب، لەسەر گێرانەوەی باسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:**

سەددام خۆی بە گەورەترین سەرۆکەکانی عێراق دادەنا لە ڕابردوو لە ئێستادا، ئەو خۆی زۆر بەلێهاتوو کاراما دەزانی، نەک لە بواری حوکمڕانی و سیاسەت، بەڵکو لە دارشتنی پلانی هێرش بردنی سەربازیش دژ بە ئێرانییەکان، سەددام خۆی بە ئەندازیارێکی بەتوانا دادەنا لە دروستکردنی کۆشکەکانی، هەروەها شارەزا لە چێژکردنی خواردنەکان، هەڵبژاردنی پەردەی ژوورەکانی نووستن، لە کەرەستە و پێداویستییەکانی ناومـاڵ. سەددام خۆی شارەزا و خاوەن چێژ دەزانی، لە هەڵبژاردنی جۆرەکانی خواردنەوە کهولییەکان، جگەرە، هەروەها لە هەڵبژارنی ژن، بەڵام لە ژووره نهێنییە داخراوەکان. سەددام ئامۆژگاری و ڕاوێژکردنی کەسی لاپەسەند نەبوو، وایدەزانی خۆی دووره لە هەڵەکردن، ئەو خۆی بەبەختەوەر دادەنا، لەلایەن خوداوە پیرۆزیی لێکراوە، دووره لەهەر هەڵەیەک. سەددام لە کۆتاییەکانی دەسەلاتی و حوکمڕانی، خۆی بەشارەزا دەزانی لەبواری پاراسایکۆلۆژی، بەهۆی تێڕوانین و تەماشای ورد، نهێنییە شاردراوەکانی ئاشکرا دەکرد، لە کەسی بەرانبەرەکەی.

٥. نامەیەکی کراوە، بۆ سەددام حوسێن، لەیاسر عبد ڕەبە، یەک

لەسەرکردەکانی بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستین[٩٠].

**سەرۆکی بەڕێز:**

نازانم تائێستا منت لەبیرماوە، پێشتر لە شاری بەغدا دووجار کۆبوویەنەتـەوە لـەو سـەردەمەی هێشـتا جێگـری ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش بـووی، لـەرۆژانی پـەیمانی نەتـەوەیی بەیەکەوە لەیەک فرۆکە بەرەو شاری دیمەشق ڕۆیشتین، ئەویش لەسـەر بانـگ هێشـتکردنی باڵیۆزتـان لـە پـاریس بـەڕێز نـووری وەیس من بێفیز و بەسادییەوە دەڵێم: هەڵخەڵەتاو نـەبووم بـەتۆ تـاوەکو ئـەو ڕۆژەی ڕۆژنامـەکانی بەغدا ناویـان لێتنـا (پاڵـەوانی قادسـیە)، چونکـە مـن بـاوەڕی تـەواوم هـەبوو کـە ئـەو کەسـەی گەلی خۆی تووشـی شـەڕی لابـەلاو دۆڕاو دەکات، ناکرێت ئـەو کەسە هەستی نەتەوەیی هەبێت یان نەتەوە خوازبێتت.

سـەرۆکی بـەڕێز: تـۆ هاوڕێکـانی تەمـەن و ڕێـگەی خـەباتت بـەرەو گۆڕەپانـەکانی کوشـتن و لـە سـێدارەدان بـرد، ئەوانـەت تاوانبـار کـرد بـەوەی ویسـتی یـەکێتیی عـەرەبیان هەیـە، لاوانـی عێراقت بەکۆمەڵ بێ هیچ هۆیەک بۆ جەنگ لە بەرانبـەر کۆمـاری ئیسلامی ئیران ڕەوانەکرد.

ئەو ڕێکەوتنەت هەڵوەشاندەوە کە لەگەڵ شـای ئێران واژۆت لەسـەری کردبـوو، پاشـان ملتکـەچ کـرد و ڕازی بوویتـەوە لەسـەری، دوای ئـەوەی عێـراق چـاکترین پیـاو و ئەفسـەرەکانی

(٩٠) جريدة الشرق الاوسط، العدد (١٨)، فی تشرين أول ١٩٩٤.

خۆی لە دەستدا، پاش ئەوەی گەنجینەی عێراقت مایە پوچکرد، کە یەک دۆلاری تێدا نەما، لەو هەزارەها ملیار دۆلارەی هەتبوو، دوای ئەوەش ناپاکیت کرد لەگەڵ وڵاتی کوەیت، ئەو وڵاتەی دەرگای گەنجینەکەی خۆی بۆ جەنگە دۆڕاوەکەت کردەوە و هێرشێکی دڕاندانەت کردە سەری، بەشێوەیەک خودی هولاکۆ پێی نەدەکرا.

پاش هەموو ئەو کارانەت ملتکەچکرد و لێی دەرچووی، ڕێگەت بەهەموو شاندێکدا و هەرچیان بەسەرت سەپاند واژۆت کرد، هێزەکانی دوژمنی عێراق و عەرەب لەسەر سنوورەکانت بوون، فەرمانیاندەدا و تۆش ڕازی دەبویت و ملتکەچ دەکرد بۆیان و عێراقیانیش کردە سێ پارچە.

هەموو ئەو ڕووداوانە، بوونە هۆی ئیش و ئازار بۆ گەلی عێراق، دەینالاند، نەخواردن، نەدەرمان، نە ڕێز، سەرباز و کوڕەکانت و پیاوانی تکریت ڕۆژانە خەڵکیان بەرەو گۆڕەپانەکانی مردن و لە سێدارە دەبرد، هەر کەسێک ناڕازی بوایە لە سێدارە دەدرا، دەکوژرا.

سەرۆکی بەڕێز: تۆ خۆت نابینی، کە لە هەموو شتێک لە هیتلەر دەچوویت، هیتلەر وەکو تۆ گەلی ئەڵمانیای بەرەو جەنگێکی وێرانکەر برد، هیلتەر هەموو کەسێکی ناڕازی دەکوشت. ڕێگەی قسە کردن و ناڕەزایی بڕیبوو، بەڵام هیتلەر خۆی ڕیسوا نەکرد، کاتێک بینی دۆڕاوە خۆی کوشت.

بەڕێزی سەرۆک:

تـۆ لاسـایی هیتلـەرت کـردەوە، وەک دیکتاتۆرێـک، نـەیارانی خۆتـت لـەناوبرد، گـەلی عێـراق لـەناو چـوو، باشـە بـۆ لاسـایی هیتلـەرت نـەکردەوە و خـۆت بکوژیـت. دیـارە تـەنیا جیـاوازی لەنێوان تۆ و هیتلەر ئەوەیە کە هیتلەر پیاو بوو.

## ئەنجام

سـەدام حوسـێن لە مێـژووی هـاوچەرخی عێـڕاق، دیـارتر و بەرچـاوترین کەسـایەتی سیاسـی بـووە، نـاوبراو بە شـێوەیەکی فەرمـی لە نێـوان (١٩٧٩ – ٢٠٠٣) دەسـەڵاتی وەک سـەرۆک کۆمار گرتۆتە دەست.

أ. شـێوازی حـوکمڕانی نـاوبراو چەنـد خەسـڵەت و تایبەتمەندییەکی هەبووە:

١. حوکمڕانی بە شێوەی دیکتـاتۆری، سـەدام شـێوازی تـاکڕەوی ڕەهـای پیـادە دەکـرد لە دەسـەڵات بەڕێـوەبردنی، هەمـوو دەسەڵاتەکانی لە دەستی خۆی کۆکردبووەوە.

٢. سەددام چەندین دامەزراوەی ئەمنی و پۆلیسی دامەزراند بوو کە توانـا و دەسـەڵاتێکی فراوانیـان لەبەر دەسـتدا بـوو، چاودێرییەکی توندی کۆمەڵگەیان دەکرد.

٣. ڕێبازی سیاسی سەدام پشتی بەچەوساندنەوە و توندوتیژی لە ڕادەبەدەری پیادە دەکرد.

٤. دەسـەڵاتە سیاسـییەکەی سـەدام، دروشـمی ناسـیۆنالیزمی عەرەبی بەرزکردبۆوە، یەکێتیی عەرەب ئامانجیان بوو.

ب. هەڵسەنگاندنی کەسێتی سەددام، لەڕووی سایکۆلۆژییەوە، لە خەسڵەتە دەروونی و سایکۆلۆژییەکانی سەدام.

١. نەرگسیزم، خۆخۆشەویستی تا ڕادەی پەرستن، بەرزکردنەوەی کەسێتی سەددام بە هەموو شێوازەکان لە ڕێگای ڕاگەیاندن و کاری سیاسییەوە.

٢. حاڵەتی (میغالومانیا) خۆ بەمەزن زانینی لە ڕادە بەدەر، تا ڕادەی سەر لێ تێکچوون.

٣. شێتی مەزنی (Paranoia) یان شێتی گومانکردن.

٤. حاڵەتێکە کەسی تووشبوو وا هەست دەکات کە ئەوانی دیکە چاودێری دەکەن، یان پلانی زیان پێگەیاندنیان هەیە بەرامبەر، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە بێت.

ج- خەسڵەتەکانی سەددام لە ڕووی سیاسییەوە:

١. سەدام وەک دیکتاتۆر ڕەفتاری دەکرد، دەورووبەرەکەی بەتەواوی ملکەچی بوون .

٢. تاکرەوی ڕەها لە دەسەڵات، دەسەڵات و حوکمڕانی هیچ شێوە ئاکارێکی دیموکراسی هەڵنەگرتبوو، هەموو دەسەڵاتەکانی لای خۆی کۆببووە، بەهۆی خزم و ئەندامانی عەشیرەت کاروباری دەوڵەت بەڕێوە دەچوو.

٣. لەناوبردن و چەوساندنەوەی ئۆپۆزیسیۆن و هەر ڕایەکی جیاواز بۆ هەموو ئاراستە سیاسی و هزرییەکانەوە.

د. هەڵسەنگاندنی ماوەی حوکمڕانی سەددام حوسێن:

**یەکەم: دەستکەوتەکان، بە تایبەتی لە سەرەتای دەسەڵاتەکەی:**

١. پەرەسەندنی ئابووری وڵات.

٢. بەرزبوونەوەی داهاتی تاک، بەهۆی خۆماڵیکردنی نەوت.

٣. دروستکردنی چەندین پڕۆژەی گەورەی لە بواری، ئابووری، پزیشکی، فێربوون، پیشەسازی.

٤. هەڵمەتەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

٥. خوێندنی بەخۆڕایی لە ئاستی سەرەتاییەوە تا زانکۆ.

٦. پاڵپشتی کردنی سەندیکاکانی کرێکاران و جێبەجێکردنی (دەستەبەری کۆمەڵایەتی) بۆ کرێکاران.

**دووەم: کارەساتە سیاسی و ئابوورییەکان:**

١. زنجیرە جەنگێکی وێرانکاری وەک: جەنگی عێراق – ئێران (١٩٨٠ – ١٩٨٨)، داگیرکردنی کوەیت ١٩٩٠

٢. درێژەپێدان بە وێرانکردنی کوردستان

٣. درێژەپێدان بەچەوساندنەوەی ناوخۆیی (کوشتن و دەربەدەرکردنی دەیان هەزار هاوڵاتی، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی).

٤. دەستڕۆیی و هەژموونی خنکێنەری دەسەڵاتی ئاسایش و هەواڵگری بەسەر کۆمەڵگە.

٥. دارمانی باری ئابووری وڵات لە ساڵانی نەوەتەکانەوە.

٦. ئابلۆقەی نێودەوڵەتی، پاشەکشەی خزمەتگوزاری تەندرووستی و فێربوون.

٧. پشت بەستنی عێراق بە بەرنامەی (نەوت بەرانبەر خۆراک).

## سەرچاوەکان

### کتێب بە زمانی کوردی

١. سالم جومەیلی، دەزگای هەواڵگریی عێراقی ١٩٦٨ – ٢٠٠٣، وەرگێڕانی: خەسرەو میراودەلی، (سلێمانی، ٢٠٠٤).
٢. محمد فاتح، دەزگای هەواڵگرییەکانی لە عێراقدا ١٩٦٨ – ٢٠٠٣، چاپی یەکەم، (بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی ئاسیا، ٢٠٢٣).
٣. محەمەد فاتیح، دەسەڵات و ململانێی سیاسییەکان لە عێراق (١٩٢١– ٢٠٠٣)، پێشەکی و پێداچوونەوەی: د. ئەحمەد حەمەدئەمین، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٢٢).

### کتێب بە زمانی عەرەبی

٤. ابراهيم الزبيدي، دولة الاذاعة، الطبعة الثالثة، (بيروت، ٢٠٠٨).
٥. احمد منصور، برنامج شاهد علي العصر، قناة الجزيرة، (بيروت، مكتبة الحضارات).
٦. امير اسكندر، صدام حسين مناضل ومفكرا وانسانا، (بيروت، ١٩٨٠).
٧. أندروكبوردن وآخرون، صدام الخارج من تحت الرما، ترجمة: علي عباس، الطبعة الاولى، (بيروت، دار المنتظر، ٢٠٠٠).
٨. اندريه كوكبورن و باتريک كوكبورن، صدام الخارج من تمت الرماد، ترجمة: علي عباس، (القاهرة، ٢٠٠٠).
٩. اياد علاوي، بين النيران مذكرات، الجزء الاول، (بغداد، دار المدى، ٢٠١٨).

١٠. باقر ياسين، تاريخ العنف الدموي في العراق، الطبعة الثانية، (دمشق، ٢٠١٤).
١١. برزان التكريتي، السنوات الحلوة والسنين المرة، (بغداد، ٢٠٠١).
١٢. برزان التكريتي، محاولات أغتيال الرئيس، الطبعة الاولى، (بغداد، دار العربية، ١٩٨٢.
١٣. جليل عطيه، فندق السعادة، (لندن، دار الحكمة، ٢٠١٥).
١٤. جواد هاشم، مذكرات وزير العراقي ذكريات في السياسة العراقية ١٩٦٧ - ٢٠٠٠، (بيروت، ٢٠٠٣).
١٥. حامد البياتي، التاريخ الدموي لصدام التكريتي، (لندن، ١٩٦٩)
١٦. د. حسن الزبيدي، موسوعة الاحزاب العراقية ، (بيروت، مؤسسة العارف، ٢٠٠٧).
١٧. حسن السعيد، نواطير الغرب، الطبعة الثانية، (بغداد، ٢٠١٥).
١٨. حسن العلوي، العراق دولة المنظمة السرية، (لندن، ١٩٩٠).
١٩. حنا بطاطو، العراق الكتاب الاول، ترجمة: عفيف الرزار، (بيروت، مؤسسة الابحاث العربية، ١٩٩٢).
٢٠. حنا بطاطو، العراق الكتاب الثالث، ترجمة: عفيف الرزار، (بيروت، مؤسسة الابحاث العربية، ١٩٩٢).
٢١. سعيد أبو ڕيش، صدام حسين، سياسة الانتقام، (لندن، ٢٠٠٠).
٢٢. سعيد أبو ڕيشه، صدام حسين سياسات الانتقام، (نيويورك، ١٩٩٩).
٢٣. شامل عبدالقادر، الايام الاخيرة في حياة صدام حسين، الطبعة الاولى، (بغداد، ٢٠٢٨).
٢٤. شامل عبدالقادر، مجزرة قاعة الخلد تموز ١٩٧٩، الطبعة

الاولى، (بغداد، ٢٠١٢).
٢٥. شامل عبدالقادر، ناظم كزار؛ سيرة اقوى مدير الامن العام في تاريخ العراق السياسي، (بغداد، ٢٠١٥).
٢٦. صلاح عمر العلي، اسرار صعود صدام الى السلطة، مقابلة قناة الجزيرة مع أحمد منصور، طبع مكتبة الحضارة.
٢٧. طال الحسن، بطانة السلطان، الطبعة الثانية، (بغداد، مكتبة الحضارات، ٢٠١٠).
٢٨. طالب الحسن، بطانه سلطان، (بغداد،٢٠١٠).
٢٩. طالب الحسن، حكومة القرية فصول من سلطة النازحين من ريف تكريت، (بغداد، ٢٠١١).
٣٠. د. على كريم سعيد، من حوار الافكار الى حوار الدم، (بيروت، دار الكنوز، ١٩٩٩).
٣١. غسام مطر، صدام حسين، الرجل والقضية والمستقبل، (بيروت، المؤسسة القومية، ١٩٨٠).
٣٢. غسان شربل، العراق من حرب الى حرب صدام مر من هنا، طبعة الاولى، (بيروت، دار رياض، ٢٠١٠).
٣٣. فؤاد مطر، سيرة صدام، (مؤسسة العربية، ١٩٨٠).
٣٤. كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، الكتاب الثامن، الجزء الاول، الطبعة الاولى، (اربيل، ٢٠١٣).
٣٥. كولن كوغلن، صدام حسين الحياة السرية، ترجمة: مسلم الطعان، (بغداد، منشورات الجمل، ٢٠٠٥).
٣٦. محمد حسين بزي، صدام حسين الحقيقة المغيبة، طبعة الاولى، (بيروت، دار الأمير، ٢٠٠٨).
٣٧. محمد عبده، صدام حسين رحلة أم النهاية الخلود من اعتقال الى الاعدام، (دمشق، دار الكاتب العربي، ٢٠١٢).

٣٨. مهدى حميد، صدام حسين، ڕواية، (بيروت، منشورات الجيل، ٢٠٠٣).
٣٩. هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري، الطبعة الاولى، (لبنان، ٢٠١٨).
٤٠. هيثم رشيد وهيب، في ظل صدام (فضائح غير معقولة) شهادة حية لرئيس البروتوكول، ترجمة: ميشيل خوري، (مكتبة لسان العرب، ٢٠٠٤).
٤١. هيثم ڕشيد وهيب، في ظل صدام فضائح غير معقولة شهاده حية لرئيس البروتوكول، ترجمة: ميشيل خورى، (بيروت ٢٠٠٤).
٤٢. يوسف ساسون، بعث صدام ڕؤية من داخل نظام أستبدادى، ترجمة: رفعت السيد علي، الطبعة الاولى، (بغداد، منشورات الجمل،٢٠١٥).

**نامەی زانکۆی بڵاونەکراوە**

٤٣. ساره بن زكه، الاحزاب القومية في الوطن العربي؛ حزب البعث العربي الاشتراكي- في العراق (١٩٤٨ - ٢٠٠٣)، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة محمد بن خضر، سكرة، الجزائر، ٢٠١٦).

**گۆڤاری زانستی**

٤٤. عاشور عزمي محمود، القائد السياسي وصناعة الأزمة في السياسة الخارجية (حالة الرئيس العراقي صدام حسين في حرب الخليج الثانية)، مجلة الديمقراطية، المجلد (٩)، العدد ٣٤)، (مؤسسة الاهرام، ٢٠٠٩).

## گۆڤاری بە زمانی عەرەبی

٤٥. مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٦٥)، (بغداد، ايلول ٢٠١٧).
٤٦. مجله اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٧٠)، (بغداد، ٢٠١٨/٢/١٥).
٤٧. مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٨٤)، (بغداد، ٢٠١٩/٤/١٥).
٤٨. مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (٩٣)، (بغداد، كانون الثاني ٢٠٢٠).
٤٩. مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١١٢)، (بغداد، شباط ٢٠٢٢).
٥٠. مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١١٣)، بغداد، (شباط ٢٠٢٢).
٥١. مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١٢٣)، (بغداد، كانون الاول ٢٠٠٢).
٥٢. مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١٣٥)، بغداد، تشرين الاول ٢٠٢٣).
٥٣. مجلة اوراق من ذاكرة العراق، العدد (١٤٠)، (بغداد، ايار ٢٠٠٤).

## ڕۆژنامە بە زمانی عەرەبی

٥٤. جريدة الشرق الاوسط، العدد (١٨)، فى تشرين أول ١٩٩٤.
٥٥. صحيفة الشرق الاوسط، العدد (٥٣٤٦)، ١٨ تموز ١٩٨٣.

**ئینتەرنێت**

٥٦. **(عائله صدام حسين – ويكيبيديا)**.

٥٧. تقريـــر وزارة الخارجيـــة والكومنويلـــث البريطـــاني (**www.humanrightsuach.org**).

٥٨. شـــامل عبـــدالقادر، برنـــامج فيـــديو، عبـــر الانترنيـــت فـــي ٢٠٢٤/١١/١.

٥٩. غسـان شـربل، صـفحات مـن حيـاة مؤسـس حـزب البحـث، بتاريخ ٥ تموز ٢٠٠٨ (**www.markaztharafisaida.org**).